# زمان و وێژەی كوردی

## پۆلی/ نۆیەمی بنەڕەتی

هەواڵنامەی کتێب

مامۆستای وانە : م. ڕێبوار جەمال سەگرمە

2010



**مامۆستا ڕێبوار جەمال سەگرمە**

**لەدایكبووی** 1975

**گەڕەكی سەرشەقام/ سلێمانی/ باشووری كوردستان**

**بەكالۆریۆس لە زمان و وێژەی كوردی**

**زانكۆی سلێمانی كۆلێژی زمان/ بەشی كوردیی**

**دەرچووی ساڵی** 1997 – 1998

**كاری ئێستای/ مامۆستای قۆناغی ئامادەییە لە شاری سلێمانی**

هەواڵنامەی کتێب

**كەناڵی تایبەتی لە** (youtube) **بە ناونیشانی** Rebwar Jamal Sagirma

**لەم كەناڵە تایبەتەوە، كۆمەڵێك ڤیدیۆی بێبەرامبەری پێشكەش بە ڕووناكبیران و خوێندكارانی كورد كردووە، لەسەر بابەتەكانی (زمان و ئەدەبی كوردی) پۆلی دوازدەی ئامادەیی، هەروەها دەوڵەمەندە بە كۆمەڵێك ڤیدیۆی تایبەت بە كەلتوور و فەرهەنگ و مێژووی كورد.**

تێبینی/ ئامادەكار ئەم بابەتەی لە كتێبی (زمان و ئەدەبی كوردی) پۆلی (نۆیەمی بنەڕەتی)، وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان وەرگرتووە.

# بەشی ڕێزمـــــــان

وەرزی یەکەم:

یەکەم/ ناو لە ڕووی پێکهاتنەوە ........ 2
دووەم/ چاوگ ........ 6
سێیەم/چاوگ لە ڕووی پێکهاتنەوە ........ 8
چوارەم/ بەکارهێنانی چاوگ وەکو ناو ........ 12
پێنجەم/ ڕەگی کار ........ 15
شەشەم/ دۆزینەوەی ڕەگی کار ........ 15
حەوتەم/ چاوگ سەرچاوەی دروستکردنی کارە ........ 21
هەشتەم/ دەمەکانی کاری ڕابردوو ........ 23
نۆیەم/ دەمەکانی کاری ڕانەبردوو ........ 28
دەیەم/ کاری داخوازی ........ 31
یازدەیەم/ کاری بکەر دیار و کاری بکەر نادیار لە شێوەزاری کرمانجی خوارووودا ........ 34

وەرزی دووەم:

دوازدەیەم/ کاری بکەر دیار و کاری بکەر نادیار لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا ........ 37
سیازدەیەم/ جێناوی پرس ........ 40
چواردەیەم/ هاوەڵناوی پرس ........ 41
پازدەیەم/ هاوەڵکاری پرس ........ 43
شازدەیەم/ ڕستەی لێکدراو ........ 45
حەڤدەیەم/ ئامرازی پەیوەندی ........ 47
هەژدەیەم/ ئامرازی (دانە پاڵ) ........ 49

هەواڵنامەی کتێب

# ناو لە ڕووی پێکهاتنەوە

**ناو:** وشەیەکە بۆ ناونانی (کەسێك، گیانلەبەرێك یان شتێك) بەکاردێت.

ناو لە ڕووی (درووستکردن) دارِشتنەوە، دەکرێت بە دوو بەشەوە:

**یەکەم/ ناوی سادە:** ئەو ناوەیە کە لەیەك وشەی واتاداری سادە پێکهاتووە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | کەوێك لە سەر بەردەکە هەڵنیشتووە. | 5 | پیاوەکە پەزی لە مێرگەکەدا دەلەوەڕاند. |
| 2 | پاڵە کاری دەکرد. | 6 | لە هەموو هەورێك باران ناباریێت. |
| 3 | ئەڤینیا مەم و زینێ ناڤدارە. | 7 | ئاڤا چەمێ کێمە. |
| 4 | ئازادی دەستێ خۆ هاڤیتە دەستێ کامەرانی. | | |

**نموونە: کەو، بەرد، دەست، هەور، ترێ، گوڵ، ئاو، نان و کەو، بەرد، پاڵە، کار، ئەڤین، مەم، زین، ئازاد، دەست، کامەران، پیاو، پەز، مێرگ، باران، ئاڤ، چەم هتد......**

**دووەم/ ناوی ناسادە:**

A/ **ناوی دارِژاو:** ئەو ناوەیە کە لە وشەیەکی واتادار و پێشگرێك یان پاشگرێك پێکهاتووە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | کوردستان بە دارستان دەڕازێنینەوە. | 6 | نفیسەر و هۆزانڤان بەرهەمێن خۆ بلاڤ دکەن. |
| 2 | ڕەزەڤان دوو گوڵدانی هێنا. | 7 | کۆکە و ناڵەی نەخۆشەکە کاری لە ئێمە کرد. |
| 3 | جوتیارەکە دەستەکی لە دوو جێگە داناوە. | 8 | نەرمین حەز لە چاکە و جوانی دەکات. |
| 4 | شەرمین هەندێك سەرینی کڕییە. | 9 | هاوکار و هاوڕێ دڵسۆزن. |
| 5 | زانا و توانا پێکەڤە دچنە هاڤینگەها سوڵاڤێ. | | |

**1-ناو + پاشگر = ناوی دارِژاو**

| ژ | ناو | + | پاشگر | = | ناوی دارِژاو | ژ | ناو | + | پاشگر | = | ناوی دارِژاو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کورد | | ستان | | کوردستان | 7 | گوڵ | | دان | | گوڵدان |
| 2 | گوڵ | | دان | | گوڵدان | 8 | دار | | ستان | | دارستان |
| 3 | جێ | | گە | | جێگە | 9 | ڕەز | | ڤان | | ڕەزڤان |
| 4 | دەست | | ەك | | دەستەك | 10 | هاڤین | | گە | | هاڤینگە |
| 5 | جوت | | یار | | جوتیار | 11 | هۆزان | | ڤان | | هۆزانڤان |
| 6 | سەر | | ین | | سەرین | | | | | | |

2- ڕەگی کار + پاشگر = ناوی داڕژاو

| ژ | ڕەگی کار + | پاشگر = | ناوی داڕژاو |
|---|---|---|---|
| 1 | زان، توان | ا | زانا، توانا |
| 2 | ناڵ، کۆك | ە | ناڵە، کۆکە |
| 3 | نڤیس، فڕ | ەر، گە | نڤیسەر، فڕگە |

3- هاوەڵناو + پاشگر = ناوی داڕژاو

| ژ | هاوەڵناو + | پاشگر = | ناوی داڕژاو |
|---|---|---|---|
| 1 | نەرم | ین | نەرمین |
| 2 | چاك | ە | چاکە |
| 3 | جوان | ی | جوانی |

4- پێشگر + ناو = ناوی داڕژاو

| ژ | پێشگر + | ناو = | ناوی داڕژاو |
|---|---|---|---|
| 1 | هاو | ڕێ | هاوڕێ، هاوکار |
| 2 | هاو، هام | ژین، ڕاز | هاوژین، هامڕاز |

تێبینی/ ئەگەر (دار، زار، یار) وەك وشەی سەربەخۆ بەکار نەهاتن، دەبن بە پاشگر، لە دروستکردنی وشەی داڕێژراودا.

B/ **ناوی لێکدراو:** ئەو ناوەیە کە لە دوو وشەی واتادار یان پتر پێکهاتووە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | دۆتماما تە گولاڤێ ژ گوڵەباخێ دروستدکەت. | 5 | دڵخواز سەرپۆشی هەیە. |
| 2 | خویشکا نەوزادی زیرەکە. | 6 | شۆڕەسوارەکە بە خێرایی گەیشت |
| 3 | هەڤاڵێن مە ژ گردەسۆری چوونە کێوەرەشێ. | 7 | ژێرپیاڵەکەم بۆ بهێنە. |
| 4 | تەمۆ لە بن ڕەشماڵەکە ڕەشمارێکی کوشت. | | |

1-ناو + ناو = ناوی لێکدراو

| ژ | ناو + | ناو = | ناوی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | دۆت | مام | دۆتمام |
| 4 | سۆ، گوڵ | لاڤ | سۆلاڤ، گوڵا ڤ |

2- ناو + ە + ناو = ناوی لێکدراو

| ژ | ناو + | ە + | ناو = | ناوی لێکدراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | گوڵ | ە | باغ، گەنم | گوڵەباغ، گوڵەگەنم |

هەوالنامەی کتێب

**3- ناو + ه + هاوەڵناو = ناوی لێکدراو**

| ژ | ناو + | ه + | هاوەڵناو = | ناوی لێکدراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | گرد | ه | سۆر | گردەسۆر |
| 2 | کێو | ه | ڕەش | کێوەڕەش |
| 3 | کێل | ه | شین | کێلەشین |

**4- هاوەڵناو + ناو = ناوی لێکدراو**

| ژ | هاوەڵناو + | ناو = | ناوی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | ڕەش | ماڵ | ڕەشماڵ |
| 2 | ڕەش | مار | ڕەشمار |
| 3 | سۆر | گوڵ | سۆرگوڵ |
| 4 | نەو | زاد | نەوزاد |

**5- هاوەڵناو + ه + ناو = ناوی لێکدراو**

| ژ | هاوەڵناو + | ه + | ناو = | ناوی لێکدراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | شۆڕ | ه | سوار | شۆڕە سوار |

**6- هاوەڵکار + ناو = ناوی لێکدراو**

| ژ | هاوەڵکار + | ناو = | ناوی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | ژێر | پیاڵە | ژێرپیاڵە |
| 2 | ژێر | زەمین | ژێرزەمین |

**7- ناو + ڕەگی کار = ناوی لێکدراو**

| ژ | ناو + | ڕەگی کار = | ناوی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | دڵ | خواز | دڵخواز |
| 2 | سەر | پۆش | سەرپۆش |

**تێبینی: نیشانەکانی (ناسراوی (ەکە)، نەناسراوی (ێك)، کۆ (ان)، ناوی سادە ناگۆڕن بە داڕێژراو.**

هەواڵنامەی کتێب

## ڕاهێنانی وانەی (ناو لە ڕووی دارِشتنەوە)

**ڕاهێنان ( 1 ) لاپەڕە 13، بۆ هەر یەکێك لەم پاشگرانەی خوارەوە، دوو ناوی دارِژاو بهێنە و لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە :**

| ژ | پاشگر | ناوی دارِژاو | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | ایی | سەوزایی، شینایی | منداڵەکان لە سەوزاییەکەدا دانیشتن. شینایی ئاوەکە جوانە. |
| 2 | ین | بەردین، ئاسنین | دیواری بەردین قایمە. پیاوی ئاسنین بەهێزە. |
| 3 | ەڵان | بەردەڵان، زیخەڵان | ناوچەی بەردەڵان سەختە. ڕێگەی زیخەڵان بۆ ڕۆشتن ناخۆشە. |
| 4 | گار | سازگار، پەروەردگار | ئاوی سازگار بۆ خواردنەوە دەشێ. پەروەردگار دروستکەری دنیایە. |

**ڕاهێنانی ( 2 ) لاپەڕە 13، پێنج ناوی لێکدراو بهێنە بەمەرجێك سیانیان لە هاوەڵکار و ناوێك پێکهاتبێت، یەکێکیان لە دوو ناو پێکهاتبێت، ئەوی تریان لە ناوێك و ڕەگی کار پێکهاتبێت:**

هەواڵنامەی کتێب

| ژ | هاوەڵکار | + ناو | = ناوی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | ژێر | دەست | ژێردەست |
| 2 | ژێر | زەمین | ژێرزەمین |
| 3 | بەر | ماڵ | بەرماڵ |
| ژ | ناو | + ناو | = ناوی لێکدراو |
| 1 | دار | توو | دارتوو |
| 2 | دار | سێو | دارسێو |
| ژ | ناو | + ڕەگی کار | = ناوی لێکدراو |
| 1 | دار | تاش | دارتاش |

**ڕاهێنانی ( 3 ) لاپەڕە 13، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| | | |
|---|---|---|
| 1 | ناوی (زێرین) پێکهاتووە لە: | ڕەگی کار + پاشگر، هاوەڵناو + پاشگر، ناو + پاشگر، پێشگر+ ناو+ پاشگر |
| 2 | (خێرخواز) پێکهاتووە لە: | هاوەڵناو+ ڕەگی کار، ناو+ڕەگی کار، ناو+ ناو، هاوەڵناو + ناو + پاشگر |
| 3 | (خوێنەر) پێکهاتووە لە: | ناو + ڕەگی کار، ڕەگی کار + پاشگر، پێشگر + ناو، هاوەڵکار + پاشگر |
| 4 | (دڵسۆز) ناوێکی لێکدراوە پێکهاتووە لە | هاوەڵناو + ناو، ناو + ناو، پێشگر + ناو، ناو + پاشگر |
| 5 | (گەڕۆك) پێکهاتووە لە: | ڕەگی کار + پاشگر، ناو + پاشگر، هاوەڵناو+ ڕەگی کار، پێشگر+ڕەگی کار+ پاشگر |
| 6 | (قورئانخوێن) پێکهاتووە لە: | ناو+ڕەگی کار، پێشگر+ڕەگی کار+ پاشگر، هاوەڵناو+ ڕەگی کار، هاوەڵکار+ڕەگی کار |

# چـــــــاوگ

**ئاشکرایە، کە نەتەوەی کورد زۆر لە مێژە لە تێکۆشانێکی سەختی بەردەوامدایە، بۆ ڕزگارکردنی نیشتیمانەکەی، لە ژێر چەپۆکی داگیرکەراندا، ڕابوون و ڕاپەڕین و شۆڕشی بەرپاکردووە، قوربانیدان لە پێناو ئەم مەبەستە پیرۆزەدا، بە ئەرکێکی ڕەوای زانیوە، هەڵسانەوەی دوای کەوتنی، نیشانەی نەبەردی و زیندوویی بووە، پتەوکردنی ڕیزەکانی گەل و یەکگرتنی هەموو لایەکان و هەڵمەتبردنی بۆ سەر دامودەزگەی ڕژێم، لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991ز سەرکەوتنی بە دەست هێنا، دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، بەرهەمی خوێنی شەهیدانی گەلی کوردستانە.**

**پاراستنی ئەم دەستکەوتە مەزنانە، ئەرکێکی نیشتیمانییە و لەسەرشانی هەموو کوردستانییەکی دڵسۆزە، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی پیرۆزتر، هەر بە ڕێکخستنی ڕیزەکانی گەل و چەسپاندنی یاسا و چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانیشتن، لەسەر مێزی ئاشتی و گرنگیدان بە خوێندن و فراوانکردنی پرۆسەی دیموکراسی دەبێت.**

**چاوگ**/ وشەیەکە ڕووداوێك یان کردەوەیەك نیشاندەدات، بەڵام ئەم کردەوەیە نەخراوەتە پاڵ کەسێك یان شتێك، کاتیی تێدانییە.

| ژ | جۆری چاوگ | چاوگ | نیشانەی چاوگ | (ن)ی چاوگ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەلفی | سووتان | ا | ن |
| 2 | یائی | کڕین | ی | ن |
| 3 | واوی | چوون | و | ن |
| 4 | دالی | کردن | د | ن |
| 5 | تائی | گرتن | ت | ن |

**یەکەم/ چاوگ لە ڕستەدا وەکو ناو بەکاردێت:**

**دووەم**/ چاوگ لە ڕستەدا وەکو (ناو) هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێ، وەك: (بکەر، بەرکار، نیهاد، تەواوکەری بەیاریدە، جێگری بکەر، دیارخەری ناو، تەواوکەری کاری ناتەواو)

**سێیەم/ چاوگ سەرچاوەی دروستکردنی کارە: نموونە**/ (کاری ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی)یە.

**چوارەم/ هەندێك چاوگ لە زمانی کوردیدا هەیە، بە بێ زیادکردنی پاشگری (ەوە) واتا نابەخشێت:**

| ژ | چاوگ | پاشگر | چاوگ | چاوگ | پاشگر | چاوگ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خولان | ەوە | خولانەوە | کولان | ەوە | کولانەوە |
| 2 | حەسان | ەوە | حەسانەوە | ڕشان | ەوە | ڕشانەوە |
| 3 | پاران | ەوە | پاڕانەوە | دۆزین | ەوە | دۆزینەوە |

**پێنجەم**/ لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا، چاوگە (دالی)یەکان، پیتی (د)یان دەرناگەوێت و ناوترێت و بە (ن) کۆتاییان دێت:

( کردن= کرن، مردن= مرن، خواردن= خوارن، بردن= برن )

کتێبی هەولێرنامە

**ڕاهێنانی ( 1 )، لاپەڕە 17، ئەم چاوگانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە :**

| ژ | چاوگ | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | دروون | دروونی جلی کوردی کارێکی گرانە. |
| 2 | لڤین | |
| 3 | هەڵبژاردن | ئەم ساڵ هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت. |
| 4 | سەرکەوتن | سەرکەوتنی منداڵەکە بە دارەکەدا زەحمەتە. |
| 5 | چوون | بوون بێ چوون نابێت. |
| 6 | یەکگرتن | گەل بە یەکگرتن پێشدەکەوێت. |

**ڕاهێنانی ( 2 )، لاپەڕە 17، نموونە بە ڕستە بۆ ئەمانە بهێنەرەوە:**

| ژ | جۆری چاوگ | چاوگ | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | چاوگی ئەلفی | سووتان، کولان | سووتانی لەش بە ئازارە. کولانی ئاو پێویستە. |
| 2 | چاوگی واوی | چوون، بوون | بوون بێ چوون نابێت. بوون بە دکتۆر کارێکی مرۆڤانەیە. |
| 3 | چاوگی یائی | کڕین، بڕین | هەموو کڕین و فرۆشتنێك خێرناکات. بڕینی دەست بە ئازارە. |
| 4 | چاوگی دالی | هەڵکردن، بردن | هەڵکردنی ئاڵا پێویستە. هێنان و بردنی قسە پیشەی مرۆڤی خراپە |
| 5 | چاوگی تائی | گرتن، نووستن | دەست گرتنی مرۆڤی دەست کورت باشە. نووستن بۆ مێشك باشە |

**ڕاهێنانی ( 3 )، لاپەڕە 18، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| ژ | پرسیار | وەڵام |
|---|---|---|
| 1 | لە کرمانجی سەروودا، هەندێك جار نیشانەی چاوگ دەرناکەوێت: | چاوگی واوی، چاوگی ئەلفی، چاوگی یائی، چاوگی دالی |
| 2 | (خوێندنەوە) چاوگێکی چۆنە: | چاوگی واوی، چاوگی ئەلفی، چاوگی یائی، چاوگی دالی |
| 3 | چاوگ وشەیەکە: | گەردان دەکرێت، دەدرێتە پاڵ کەسێك، هیچیان |
| 4 | چاوگ: | سەرچاوەی کارە، هاوەڵناوە، هاوەڵکارە، ئامرازە |
| 5 | پیتی (نون) لە کۆتایی چاوگ پێیدەوترێت: | جێناوی لکاو، نونی چاوگ، ناوبەند، نیشانەی کۆ |

**ڕاهێنانی ( 4 )، لاپەڕە 18، جیاوازی نێوان وشەی ( ڕۆیشتن )، لەم دوو ڕستەیەدا چییە؟**

1-ڕۆیشتن جۆرێکە لە وەرزش. وشەی (ڕۆیشتن) لەم ڕستەیەدا (چاوگ)ە. لە ڕستەی چاوگیدا، (کەس، کات و شوێن)نییە.

2-ئەوان ڕۆیشتن بۆ کتێبخانە. وشەی (ڕۆیشتن) لەم ڕستەیەدا (کار)ە، (ن)ی کۆتایی جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ. لە ڕستەی (کرداریدا، کەس، شوێن و کات) هەیە.

# چاوگ لە ڕووی پێکهاتنەوە

چاوگ لە ڕووی دارِشتنەوە دەکرێت بە دوو بەشەوە:

**یەکەم/ چاوگی سادە:** ئەو چاوگەیە کە لەیەك وشەی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتووە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | **کوتانی** منداڵان دژی نەخۆشییەکان پێویستە. | 4 | **نرخی** **دروونی** کراسەکە گران بوو. |
| 2 | ب **هاتنا** وە ئەم دلشاد بووین. | 5 | **پشکفتنا** بشکۆژێن گولان ل بهاران دبیت. |
| 3 | ولاتەکەمان بە **چاندنی** درەخت دەرازێتەوە. | 6 | **خوێندنـم** تەواوکردووە. |

**دووەم/ چاوگی ناسادە:** دوو جۆرە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | **ڤەکرنا** خوێندنگەهان وەلات پێشدکەڤیت. | 5 | بە **خوێندنەوە** زانیاریی نوێ فێردەبین. |
| 2 | **هەڵبژاردنەکەیان** ئەنجامدا. | 6 | **قرتاندنی** گوڵی باخان جوانی نییە. |
| 3 | لە **ڕاسپاردنەکەت** گەیشتم. | 7 | **هەڵدانەوەی** لاپەڕەیەکی نوێ بۆ ئێمە پێویستە |
| 4 | **تێگەیشتن** بناغا زانستێیە. | | |

A-**چاوگی دارِێژراو**/ پێکدێت لە چاوگێکی سادەی واتادار لەگەڵ پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان. بە پێی ئەم یاسایانە:

1-**پێشگر** + **چاوگی سادە**= **چاوگی دارِێژراو**

| ژ | پێشگر | چاوگی سادە | چاوگی دارِێژراو بە پێشگر |
|---|---|---|---|
| 1 | ڕا | خستن/ سپاردن | ڕاخستن/ ڕاسپاردن |
| 2 | هەڵ | بڕین/ چوون، بژاردن، | هەڵبڕین/ هەڵچوون، هەڵبژاردن |
| 3 | دا | کردن/ بڕین | داکردن/ دابڕین |
| 4 | پێ | گەیشتن/ بوون | پێگەیشتن/ پێبوون |
| 5 | لێ | گەڕان/ گرتن | لێگەڕان/ لێگرتن |
| 6 | تێ | کردن/ چوون/ گەیشتن | تێکردن/ تێچوون/ تێگەیشتن |
| 7 | دەر | کردن/ خستن/ کەوتن | دەرکردن/ دەرخستن، دەرکەوتن |
| 8 | بەر | بوون/ دان | بەربوون/ بەردان |
| 9 | وەر | گەڕان/ کەوتن | وەرگەڕان/ وەرکەوتن |
| 10 | ڤە | کرن/ بوون | ڤەکرن/ ڤەبوون |

### 2-چاوگی سادە + پاشگر = چاوگی دارێژراو

| ژ | چاوگی سادە | پاشگر | چاوگی دارێژراو |
|---|---|---|---|
| 1 | نووسین/ خوێندن | ەوە | نووسینەوە/ خوێندنەوە |
| 2 | قرتان/ برژان، وەرین | اندن | قرتاندن/ برژاندن، وەراندن |

تێبینی/ لە چاوگی سادە چاوگی دارێژراو دروستدەکرێت، بە پاشگری (اندن) بەپێی ئەم یاسایە/ ڕەگی کار + اندن = چاوگی دارێژراو

### 3-پێشگر + چاوگی سادە + پاشگر = چاوگی دارێژراو

| ژ | پێشگر | چاوگی سادە | پاشگر | چاوگی دارێژراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕا | خستن، | ەوە | ڕاخستنەوە |
| 2 | هەڵ | گرتن، دان، | ەوە | هەلگرتنەوە، هەڵدانەوە |
| 3 | دا | کردن | ەوە | داکردنەوە |
| 4 | پێ | چوون | ەوە | پێچوونەوە |
| 5 | لێ | خستن | ەوە | لێخستنەوە |
| 6 | تێ | گرتن | ەوە | تێگرتنەوە |
| 7 | وەر | بوون | ەوە | وەربوونەوە |
| 8 | دەر | چوون | ەوە | دەرچوونەوە |
| 9 | بەر | کەوتن | ەوە | بەرکەوتنەوە |

### B- چاوگی لێکدراو/ لە چاوگێکی سادە یان چاوگێکی دارێژراو لەگەڵ وشەیەکی واتاداری تر یان پتر پێکدێت.

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | ئاڤدانێت باغچان گەلەك پێدڤییە. | 6 | ڕاستکردنەوەی هەڵەکانم بینی. |
| 2 | ئێمە بۆ یارمەتیدانی ئێوە هاتووین. | 7 | ل ناڤبردنا زۆرداریێ ئارمانجا مەیە. |
| 3 | جوانکردنی شارەکان ئەرکێکی نیشتیمانییە. | 8 | ڕێگەدانی چاپکردنی کتێبەکەم وەرکرت. |
| 4 | بە گەرمبوون تەنە ڕەقەکان لێکدەکشێن. | 9 | بە بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان لایەنەکان کۆمەڵگە سەقامگیر دەبێت. |
| 5 | دەستپێکردنا هەر کارەکی پێویستی ب نەخشە دانانێ هەیە. | | |

### 1-ناو + چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو

| ژ | ناو + | چاوگی سادە = | چاوگی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | یارمەتی، ئاڤ | دان | یارمەتیدان، ئاڤدان |
| 2 | دەست | گرتن | دەستگرتن |

**2-هاوەڵناوی چۆنی + چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو**

| ژ | هاوەڵناوی چۆنی + | چاوگی سادە = | چاوگی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | گەورە، جوان | کردن | جوانکردن، گەورەکردن |
| 2 | گەرم | بوون | گەرمبوون |
| 3 | بڵند، جێگیر | کردن | بڵندکردن، جێگیرکردن |

**3-ناو + چاوگی داڕێژراو = چاوگی لێکدراو**

| ژ | ناو + | چاوگی داڕێژراو = | چاوگی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | سەر | هەڵبڕین | سەرهەڵبڕین |
| 2 | دەست | هەڵگرتن، پێکرتن | دەستهەڵگرتن، دەست پێکرتن |
| 3 | سەر | گرتنەوە | سەرگرتنەوە |

**4-هاوەڵناوی چۆنی + چاوگی داڕێژراو = چاوگی لێکدراو**

| ژ | هاوەڵناوی چۆنی + | چاوگی داڕێژراو = | چاوگی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | ڕاست | کردنەوە | ڕاستکردنەوە |
| 2 | چاك | بوونەوە | چاکبوونەوە |
| 3 | سپی | کردنەوە | سپیکردنەوە |

**5- ناوی داڕێژراو + چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو**

| ژ | ناوی داڕێژراو + | چاوگی سادە = | چاوگی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | بەخێو | کردن | بەخێوکردن |
| 2 | بەدەست | هێنان | بەدەست هێنان |
| 3 | بەدەست | خستن | بەدەست خستن |

**6- هاوەڵناوی داڕێژراو + چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو**

| ژ | هاوەڵناوی داڕێژراو + | چاوگی سادە = | چاوگی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | بەهێز | کردن | بەهێزکردن |
| 2 | بێ هێز | بوون | بێ هێز بوون |
| 3 | بە پێز | کردن | بە پێز کردن |
| 4 | بە ئاگا | هاتن | بەئاگاهاتن |

### 7- هاوەڵکاری داڕێژراو+ چاوگی سادە = چاوگی لێکدراو

| ژ | هاوەڵکاری داڕێژراو + چاوگی سادە | | = چاوگی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | لە ناو | چوون | لەناوچوون |
| 2 | لە ناو، لە ناڤ | بردن | لەناڤبردن، لەناوبردن |
| 3 | لەسەر | کردن | لەسەرکردن |

**ڕاهێنانی (1)، لاپەرە (24)، لەم چاوگی سادانەی خوارەوە، چاوگی داڕێژراو و چاوگی لێکدراو دروستبکە:**

| ژ | چاووکی سادە | چاوگی داڕێژراو | چاوگی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | چوون | هەڵ چوون | لەناو چوون |
| 2 | کێشان | دا کێشان | داغ کێشان |
| 3 | گرتن | تێ گرتن | سەر گرتن |
| 4 | خواردن | خواردنەوە | سەرخواردن |
| 5 | بڕین | هەڵ بڕین | دەست بڕین |
| 6 | هێنان | هەڵ هێنان | ئاو هێنان |

هەواڵنامەی کتێب

**ڕاهێنانی (2)، لاپەڕە (24)، جیاوازی نێوان چاوگی داڕێژراو و چاوگی لێکدراودا چییە؟ لە ڕووی درووستکردنەوە؟ بە نموونە ڕوونی بکەرەوە:** **چاوگی داڕێژراو/** پێکدێت لە چاوگێکی سادەی واتادار لەگەڵ پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان. نموونە: هەڵگرتن.

**چاوگی لێکدراو/** لە چاوگێکی سادە یان چاوگێکی داڕێژراو لەگەڵ وشەیەکی واتاداری تر یان پتر پێکدێت. نموونە: بەدەست خستن

**ڕاهێنانی (3)، لاپەرە (24)، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| ژ | | |
|---|---|---|
| 1 | (برژاندن) چاوگێکی: | سادە     داڕێژراو     لێکدراو     هیچیان |
| 2 | (ڕێزگرتن) پێکهاتووە لە: | ناو+ چاوگی سادە، هاوەڵناو+چاوگی سادە، هاوەڵکار+چاوگی سادە، چاوگی سادە+ناو |
| 3 | (گەرمبوون) پێکهاتووە لە: | هاوەڵناو+پاشگر، هاوەڵناو+چاوگی سادە، ناو+ڕەگی کار، هاوەڵناو+ ناو |
| 4 | (لێنان) پێکهاتووە لە: | پێشگر+چاوگی سادە، ناو+چاوگی سادە، پێشگر+چاوگی داڕێژراو، چاوگی سادە+پاشگر |
| 5 | (ڕاپەڕین) پێکهاتووە لە: | پێشگر+ناو، ناو+ڕەگی کار، هاوەڵکار+پاشگر، پێشگر+چاوگی سادە |
| 6 | کام لەم چاوگانە لەم یاسایە دروستبووە (پێشگر+چاوگی سادە+ پاشگر): | داشکاندن، ڕاپەڕین، سەرکەوتن، کردنەوە |

# بەکارهێنانی چاوگ وەکو ناو

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | نووسینەکەم هێناوە. | 4 | نووسینی هێمنم خوێندوەتەوە. |
| 2 | نووسینەکانم کۆکردەوە. | 5 | هاتنا وان بۆ کارگەهێ گەلەك باش بوو. |
| 3 | ئاخافتنا باش دلێ مرۆڤی خۆش دکەت. | 6 | نووسینێکم خوێندەوە. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | نڤستن بۆ نەخۆشی دەرمانە. | 7 | هەر بە تێکۆشان دەگەینە ئامانج. |
| 2 | سوتان بە ئازارە. | 8 | کوردستان هەر ب زانینێ پێش دکەڤیت. |
| 3 | خوێندن کۆمەڵ پێشدەخات. | 9 | بەرهەمی ڕاپەڕین دیارە. |
| 4 | خۆزی کوشتن ل وەلاتێ مە نەمابا. | 10 | کاری قوتابی خوێندنە. |
| 5 | خوێندنم تەواوکردووە. | 11 | هەڵبژاردنەکە ئەنجامدرا. |
| 6 | مە خوارن کرییە. | | |

چاوگ لە ڕستەدا وەکو ناو بەکاردێت و هەموو تایبەتمەندییەکانی ناو وەردەگرێت:

هەولێرنامەی کتێب

**یەکەم/ چاوگ ئامرازی ناساندن (ەکە) وەردەگرێت و چاوگەکە دەکات بە (تاکی ناسراو):**

| ژ | چاوگ | ئامراوی ناساندن | تاکی ناسراو |
|---|---|---|---|
| 1 | نووسین | ەکە | نووسینەکە |
| 2 | خوێندن | ەکە | خوێندنەکە |

**دووەم/ چاووک (ەکە) ئامرازی ناساندن و (ان)ی کۆ، وەردەگرێت، چاوگەکە دەکات بە (کۆی ناسراو):**

| ژ | چاوگ | ئامراوی ناساندن | ئامرازی کۆ | کۆی ناسراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | نووسین | ەکە | ان | نووسینەکان |
| 2 | خوێندن | ەکە | ان | خوێندنەکان |

**سێیەم/ چاوگ (ێك) ئامرازی نەناسراوی وەردەگرێت و چاوگەکە دەکات بە (تاکی نەناسراو):**

| ژ | چاوگ | ئامراوی نەناسراوی | تاکی ناسراو |
|---|---|---|---|
| 1 | نووسین | ێك | نووسینێك |
| 2 | خوێندن | ێك | خوێندنێك |

**چوارەم/ چاوگ بە ( ناو، جێناو و هاوەڵناو ) تەواودەکرێت، دەبنە دەرخەری ( دیارخەر)ی چاوگەکە:**

| ژ | چاوگ + | (ی) درانەپاڵ + | ناو، جێناو، هاوەڵناو | = گرێی | نموونەی ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | نووسین | ی | (ناو) ئاراس | نووسینی ئاراس | نووسینی ئاراس جوانە. |
| 2 | چوون | ی | (جێناو) تۆ | چوونی تۆ | چوونی تۆ بۆ خوێندنگە گرنگە. |
| 3 | خوێندن | ی | (هاوەڵناو) باش | خوێندنی باش | خوێندنی باش مرۆڤ پێشدەخات. |

**پێنجەم/ چاوگ لە ڕستەدا، وەك ناو هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت:**

| ژ | ئەرك | ڕستە | یاسا |
|---|---|---|---|
| 1 | نیهاد | خوێندنەوە خۆراکی مێشکە. | (چاوگ دەبێت بە نیهادی کاری ناتەواو، چونکە هەواڵێك یان سیفەتێکی دراوەتەپاڵ). |
| 2 | بکەر | خوێندن خوێنەر پێشدەخات. | (چاوگ دەبێت بە بکەری کاری تەواو، چونکە کارێك ئەنجام دەدات، یان کردەوەیەکی دەدرێتە پاڵ). |
| 3 | بەرکار | نووسینەکەم تەواوکرد. | (چاوگ دەبێت بە بەرکار، کاتێك کاری ڕستە تێپەڕ بێت، بەشێك لە واتای کارەکەی کەوتێبێتە سەر) |
| 4 | جێگری بکەر | نووسینەکە تەواوکرا. | ( کاری ڕابردوو، (را) وەردەگرێ) (پێویستە کاری ڕستەکە، لەسەر شێوەی بکەر نادیار بێت) نووسینەکە تەواوکرا. (کاری ڕانەبردوو، (رێ) وەردەگرێ) نووسینەکە تەواودەکرێ. |
| 5 | تەواوکەری کاری ناتەواو | کاری خوێندکار خوێندنە. | (پێویستە کاری ڕستە ناتەواو بێت، بوو، دەبێت، ە) |
| 6 | دیارخەری ناو (تەواوکەری ناو) | بەرهەمی خوێندن دەدوورێتەوە. | ناو (دیارخراو)+ ی خستنەسەر + چاوگ (دیارخەر) |
| 7 | A - تەواوکەری بەیاریدی کاری ناتەواو<br>B- تەواوکەری بەیاریدی کاری تەواو | پێویستمان بە خوێندنە.<br>خوێندکارەکە بە هەوڵدان پێشدەکەوێت. | (ئامرازی پەیوەندی (بە، بۆ، لە) + چاوگ + کاری ناتەواو، ە، بوو، دەبێت).<br>(ئامرازی پەیوەندی (بە، بۆ، لە) + چاوگ + کاری تەواو). |

**ڕاهێنانی ( 1 ) لاپەڕە ( 28 )، وەڵامی ڕاست بۆ وشە هێڵبەژێرداهاتووەکان هەڵبژێرە:**

| | | |
|---|---|---|
| 1 | بژارکردن بۆ کشتوکاڵ بە سوودە. | نیهاد بکەر تەواوکەری بەیاریدە بەرکار |
| 2 | هێنان بردنەوەی دەوێت. | بکەر بەرکار دیارخەر نیهاد |
| 3 | ب ئاڤاکرنا گوندان ژێرخانا ئابووری ڤەدژیتەوە. | بەرکار، تەواوکەری کاری ناتەواو، تەواوکەری بەیاریدە، جێگری بکەر |
| 4 | بریا خوێندنم تەواوکردبا. | بکەر بەرکار دیارخەر تەواوکەری بەیاریدە |
| 5 | کارگەی چنین کوتاڵ دروسستدەکات. | بەرکار دیارخەر دیارخراو نیهاد |
| 6 | ئەڤە کەنگێ نڤیسینە؟ | نیهاد تەواوکەری کاری ناتەواو بەرکار بکەر |

**ڕاهێنانی ( 2 )، لاپەڕە ( 29 )، چاوگی ( یارمەتیدان ) لە ڕستەدا بەکار بهێنە، هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێ:**

| ژ | ئەرک | چاوگ | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | نیهاد | یارمەتیدان | یارمەتیدان بۆ مرۆڤ پێویستە. |
| 2 | بکەر | یارمەتیدان | یارمەتیدان مرۆڤ پێشدەخات. |
| 3 | بەرکار | یارمەتیدان | یارمەتیدانی بە ئەنجام گەیاند. |
| 4 | تەواوکەری ناو | یارمەتیدان | کاری یارمەتیدان ڕۆحی هاوکاری زیاددەکات. |
| 5 | جێگری بکەر | یارمەتیدان | یارمەتیدان ئەنجامدەدرێ (ئەنجامدرا). |
| 6 | تەواوکەری کاری ناتەواو | یارمەتیدان | کاری من یارمەتیدان بوو. |
| 7 | تەواوکەری بەیاریدە | یارمەتیدان | ئەوان پێویستیان بە یارمەتیدان دەبێت. (بۆ کاری ناتەواو) |

**ڕاهێنانی ( 3 )، لاپەڕە ( 29 )، لە ڕستەی ( ڕاپەڕین ئێمەی گەیاندە سەرکەوتن ).**

1-وشەی (ڕاپەڕین) چییە؟ چاوگی داڕێژراوە. چۆن دروستکراوە؟ پێشگر + چاوگی سادە. ئەرکی چییە؟ بکەر

2- وشەی (ئێمە) شیبکەرەوە؟ جێناوی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەمی کۆ، بەرکار.

3- وشەی (سەرکەوتن) چییە؟ چاوگە. چ جۆرێکە؟ لێکدراو (ناو+چاوگی سادە). ئەرکی چییە؟ تەواوکەری بەیاریدە

4- (ی) دوای وشەی (ئێمە) چییە؟ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک ئەرکی چییە؟ دەگەڕێتە بۆ بکەر

5- وشەی (ڕاپەڕین) لە ڕستەیەکی تردا بەکار بهێنە، ببێت بە بەرکار؟ ڕاپەڕینمان کرد.

6- وشەی(سەرکەوتن) بکە بە کۆی ناسراو و لە ڕستەیەکی تردا ئەرکی (نیهاد) بێت. سەرکەوتنەکان بۆ مرڤەکان پێویستن

7- (ە)ی دوای وشەی (گەیاند) چییە؟ ئامرازی پەیوەندییە.

**ڕاهێنانی( 4 )، لاپەڕە ( 29 )، ئەم ڕستانە شیبکەرەوە:**

**1-ئە نجامی هەڵبژاردنەکەیان ڕاگەیاند.**

ئەنجام/ ناوە، تەواوکراوە (دیارخراو).

ی/ ئامرازی خستنەسەر (دانەپاڵ)

هەڵبژاردن/ چاوگە، داڕێژراوە، تەواوکەری ناوە (دیارخەر).

ەکە/ ئامرازی ناساندن.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکە/ گرێی ناوییە، بەرکارە.

یان/ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی کۆ، بکەر.

ڕاگەیاند/ کارە، داڕێژراوە، ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە، تێپەرە.

**2- خوێندن چاوی مرۆڤ دەکاتەوە.**

خوێندن/ چاوگە، سادەیە، بکەرە.

چاو/ ناوە، سادەیە، تەواوکراوە (دیارخراو).

ی/ ئامرازی خستنەسەر (دانەپاڵ).

مرۆڤ/ ناوە، سادەیە، تەواوکەری ناوە (دیارخەر).

چاوی مرۆڤ/ گرێی ناوییە، بەرکارە.

دەکاتەوە/ کارە، داڕێژراوە، ڕانەبردووە، تێپەرە.

# ڕەگی کار (دۆزینەوەی ڕەگی کار)

**ڕەگی کار/** ئەو بەشەیە لە چاوگ وەردەگیرێت، هەڵگری واتای چاوگە و پیتی بۆ زیاد و کەم ناکرێت، بەشی زۆری ڕەگی کار، بەتەنیا بەکارنایەت و واتا نابەخشێت، بەڵام دەبێتە سەرچاوە بۆ درووستکردنی کاری (ڕانەبردوون داخوازی).

**قەدی چاوگ/** بەلابردنی (ن)ی چاوگ دەبێت، دەبێتە سەرچاوە بۆ درووستکردنی کاری (ڕابردوو).

A-**دۆزینەوەی ڕەگی کار لە ( چاوگی ئەلفی ) تێپەڕ: یاسا ( بەلابردنی ( ان )ی چاوگ دروستدەکرێت ).**

| ژ | چاوگی ئەلفی تێپەڕ | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | هێنان | هێنا | هێن |
| 2 | پیڤان | پیڤا | پیڤ |
| 3 | کێڵان | کێڵا | کێڵ |
| 4 | شێلان | شێلا | شێل |
| 5 | کێشان | کێشا | کێش |

B-**دۆزینەوەی ڕەگی کار لە ( چاوگی ئەلفی ) تێنە پەڕ: یاسا ( بەلابردنی ( ن )ی چاوگ و گۆڕینی ( ا ) بۆ ( ێ ) دروستدەکرێت**

| ژ | چاوگی ئەلفی تێنەپەڕ | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | خنکان | خنکا | خنکێ |
| 2 | برژان | برژا | برژێ |
| 3 | زان | زا | زێ |
| 4 | شکان | شکا | شکێ |
| 5 | دڕان | دڕا | دڕێ |

تێبینی/ ئەم چاوگانە چاوگێکی ئەلفی تێپەڕن، بەڵام بە ڕێگەی چاوگی ئەلفی تێنەپەڕ ڕەگی کاری لێدرووستدەکرێت:

| ژ | ئەو چاوگانەی لە یاسا لادەدەن | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | شیان | شیا | شێ |

(شیان) لە دەستوور لادەدات.

| ژ | ئەو چاوگانەی لە یاسا لادەدەن | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
|---|---|---|---|
| 2 | گریان | گریا | گری |
| 3 | ژیان | ژیا | ژی |

(گریان و ژیان) چاوگی ئەلفی تێنەپەرە بەڵام بە ڕێگەی چاوگی تێپەڕ ڕەگیان دەردەهێنرێ.

کتێبی هەولێر

| ژ | ئەو چاوگانەی لە یاسا لادەدەن | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | دان | دا | دە |
| 2 | مان | ما | مێن |

بە هیچ کام لە ڕێگەی تێپەڕ و تێنەپەڕ ڕەگیان دەرناهێنرێ.

| ژ | ئەو چاوگانەی لە یاسا لادەدەن | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | نان | نا | نێ |
| 2 | لێنان | لێنا | لێنێ |

ئەم چاوگانە تێپەڕن بەڵام بە ڕێگەی تێنەپەڕ ڕەگیان دەردەهێنرێ

**دۆزینەوەی ڕەگی کار لە ( چاوگی یائی ) تێپەڕ و تێنە پەڕ: یاسا ( بەلابردنی نیشانەی ( ین )ی چاوگەکە دروستدەکرێت ).**

| ژ | چاوگی یائی | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | بڕین | بڕی | بڕ |
| 2 | نقیسین | نقیسی | نقیس |
| 3 | کڕین | کڕی | کڕ |
| 4 | بەخشین | بەخشی | بەخش |
| 5 | زانین | زانی | زان |
| 6 | ڕەڤین | ڕەڤی | ڕەڤ |
| 7 | فڕین | فڕی | فڕ |
| 8 | لەزین | لەرزی | لەرز |
| 9 | زڤڕین | زڤڕی | زڤڕ |

هەوڵنامەی کتێب

**A-دۆزینەوەی ڕەگی کار لە ( چاوگی واوی ) تێپەڕ: یاسا ( بەلابردنی نیشانەی ( ن )ی چاوگ دروستدەکرێت ).**

| ژ | چاوگی واوی تێپەڕ | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | دروون | دروو | دروو |
| 2 | گروون | گروو | گروو |
| 3 | سوون | سوو | سوو |
| 4 | جوون | جوو | جوو |

تێبینی/ ئەم چاوگانە ڕەگ و قەدیان وەك یەك وایە.

**B-دۆزینەوەی ڕەگی کار لە ( چاوگی واوی ) تێنە پەڕ: یاسا ( بەلابردنی ( وون )ی چاوگ درووستدەبێت ).**

| ژ | چاوگی واوی تێنەپەڕ | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | چوون | چوو | چ |
| 2 | بوون | بوو | ب |

**دۆزینەوەی ڕەگی کار لە ( چاوگی تائی )دا، بەم شێوانەی خوارەوە دەبێت:**

**A-هەندێك چاوگی ( تائی ) بە لابردنی ( تن ) ڕەگی کار درووستدەکرێت:**

| ژ | چاوگی تائی | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | فرۆشتن | فرۆشت | فرۆش |
| 2 | ڕێستن | ڕێست | ڕێس |
| 3 | کەڤتن | کەڤت | کەڤ |
| 4 | گرتن | گرت | گر |

**B- ئەو چاوگە ( تائی )یەی کە پێش نیشانەی چاوگ، پیتێکی نەبزوێنی هەیە و پێش ئەویش یەکێك لە پیتەکانی (ا، ە ) هەیە، پیتی (ا، ە ) دەگۆڕرێن بە ( ێ ) و ( تن ) لادەبرێت.**

| ژ | چاوگی تائی | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | پالاوتن | پالاوت | پالێو |
| 2 | ڤەشارتن | ڤەشارت | ڤەشێر |

**C-ئەو چاوگە ( تائی )یانەی پێش نیشانەی چاوگ پیتی ( س، ش ) هەیە، نیشانەی چاوگی ( تن ) لادەبرێت، لە بری پیتی ( س ) پیتی ( ز ) و لە بری پیتی ( ش )، پیتی ( ژ ) دادەنرێت:**

| ژ | چاوگی تائی | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | خواستن | خواست | خواز |
| 2 | گەستن | گەست | گەز |
| 3 | پاراستن | پاراست | پارێز * |
| 4 | کوشتن | کوشت | کوژ |
| 5 | هاڤێشتن | هاڤێشت | هاڤێژ |
| 6 | چێشتن | چێشت | چێژ |
| 7 | ڕێشتن | ڕێشت | ڕێژ |

**D- هەندێك چاوگی ( تائی )، بەلابردنی ( ن )ی چاوگ درووستدەکرێت، لەم کاتەدا، ڕەگی کار و قەدی چاوگ وەك یەکن:**

| ژ | چاوگی تائی | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | بیستن | بیست | بیست |
| 2 | بەستن | بەست | بەست |
| 3 | پەرستن | پەرست | پەرست |

E- هەندێك چاوگی (تائی) هەیە، ڕەگی کارەکەی بە بێ یاسا دروستدەکرێت، واتە هەڕەمەکی، پێویستە لەبەربکرێت:

| ژ | چاوگ | قەدی چاوگ | ڕەگی کار | ژ | چاوگ | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | نووستن | نووست | نوو | 6 | هاتن | هات | هێ — ێ |
| 2 | ڕۆیشتن | ڕۆیشت | ڕۆ | 7 | گۆتن | گۆت | لێ، بێژ، گۆ ★ |
| 3 | هێشتن | هێشت | هێڵ | 8 | ویستن | ویست | وێ — ەوێ |
| 4 | شووشتن | شوشت | شۆ | 9 | | | |
| 5 | خستن | خست | خە | 10 | | | |

دۆزینەوەی ڕەگی کار لە (چاوگی دالی)دا، بەم شێوانەی خوارەوە دەبێت:

A–ئەو چاوگە (دالی)یە کە پێش نیشانەی چاوگ، پیتێکی نەبزوێنی هەیە و پێش ئەویش یەکێك لە پیتەکانی (ا، ە) هەیە، پیتی (ا، ە) دەگۆڕرێن بە (ێ) و(دن) لادەبرێت

| ژ | چاوگ | قەدی چاوگ | ڕەگی کار | | چاوگ | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سپاردن | سپارد | سپێر | 5 | هەڵ سپاردن | هەڵ سپارد | هەڵ سپێر |
| 2 | چاندن | چاند | چێن | 6 | لێ سەندن | لێ سەند | لێ سێن |
| 3 | ناردن | نارد | نێر | 7 | برژاندن | برژاند | برژێن |
| 4 | سەندن | سەند | سێن | 8 | ستاندن | ستاند | ستێن |

B- هەندێك چاوگی (دالی) هەیە، ڕەگی کارەکەی بە بێ یاسا دروستدەکرێت، واتە هەڕەمەکی، پێویستە لەبەربکرێت:

| ژ | چاوگ | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | خواردن | خوارد | خۆ |
| 2 | بردن | برد | بە |
| 3 | کردن | کرد | کە |

تێبینی/ بەدەر لەم یاسایانە، یاسایەکی ترمان هەیە، بۆ دۆزینەوەی (ڕەگی کار)، بەو شێوەیەی کە چاوگ دەخەینە سەر شێوەی کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، (دە + ڕەگ + جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاك)، پاشان نیشانەی (دە)ی ڕانەبردوو لەگەڵ (م)ی جێناوەکە لادەبەین، ئەوەی دەمێنێتەوە، (ڕەگی کارە):

| ژ | چاوگ | ڕانەبردووی ڕاگەیاندن | ڕەگی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | بوون | دەبم | ب |
| 2 | بردن | دەبەم | بە |
| 3 | چوون | دەچم | چ |
| 4 | کردن | دەکەم | کە |
| 5 | خستن | دەخەم | خە |
| 6 | دان | دەدەم | دە |
| 7 | ویستن | دەمەوێ | ەوێ |
| 8 | هەڵ خستن | هەڵ دەخەم | هەڵ خە |

**ڕاهێنانی (1)، لاپەڕە (43)، لەم چاوگانەی خوارەوە، ڕەگی کار درووستبکە و چۆنیەتی درووستکردنی دیاری بکە:**

| ژ | چاوگ | ڕەگی کار | چۆنیەتی درووستکردن |
|---|---|---|---|
| 1 | پسان | پسێ | لابردنی (ن)ی چاوگ، پاشان گۆڕینی (ا) بۆ (ێ). |
| 2 | ژیان | ژی | لەدەستوور بەدەر. |
| 3 | سووان | سووێ | لابردنی (ن)ی چاوگ، پاشان گۆڕینی (ا) بۆ (ێ). |
| 4 | سوون | سوو | لابردنی (ن)ی چاوگ. |
| 5 | لێنان | لێ نێ | چاوگی ئەلفی تێپەڕە، بەڵام بە ڕێگەی چاوگی ئەلفی تێنەپەڕ درووستکراوە. |
| 6 | ڕاپەڕاندن | ڕاپەڕێن | بە لابردنی (دن)ی چاوگ و گۆڕینی پیتی (ا) بۆ (ێ). |
| 7 | مانەوە | مێن ەوە | لەدەستوور بەدەر. |
| 8 | بارین | بار | بە لابردنی (ین) نیشانەی چاوگ. |
| 9 | مەیین | مەی | بە لابردنی (ین) نیشانەی چاوگ. |
| 10 | گریان | گری | لەدەستوور بەدەر. |

**ڕاهێنانی (2)، لاپەڕە (43)، ئەم ڕەگی کارانە لە چ چاوگێك درووستكراون و چۆن؟**

| ژ | ڕەگی کار | چاوگ | چۆنییەتی درووستکردن |
|---|---|---|---|
| 1 | مێن | مان | لە دەستوور لایداوە. |
| 2 | وێ | ویستن | لە دەستوور لایداوە. |
| 3 | بە | بردن | لە دەستوور لایداوە. |
| 4 | ڕۆ | ڕۆیشتن | لە دەستوور لایداوە. |
| 5 | کوژ | کوشتن | لابردنی (تن)ی چاوگ، پاشان گۆڕینی (ش) بۆ (ژ). |
| 6 | پارێز | پاراستن | لابردنی (تن)ی چاوگ، پاشان گۆڕینی (س) بۆ (ز). هەروەها گۆڕینی (ا) بۆ (ێ) |

**ڕاهێنانی (3)، لاپەڕە (43)، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| | | |
|---|---|---|
| 1 | ئەگەر ڕەگی کار لە چاوگە (واو)ی تێپەڕ وەربگرین، ئەو پیتە لادەدەین؟ | واو و نوون، واو، نوون |
| 2 | ئەگەر ڕەگی کار لە چاوگی (واو)ی تێنەپەڕ وەربگرین، ئەو پیتە لادەدەین؟ | واو و نوون، واو، نوون |
| 3 | ئەگەر ڕەگی کار لە چاوگی ئەلفی تێپەڕ وەرگرین، بە لابردنی پیتی؟ | ئەلف و نوون، ئەلف، نوون |
| 4 | ڕەگی کاری (ڕێژ، چێژ) وەرگیراوە لە چاوگی؟ | ڕێستن، ڕێشتن و چێشتن، ڕێشتن و ڕێستن |
| 5 | ڕەگی کاری (بێژ و مێن) وەرگیراوە لە چاوگی؟ | گوتن و مان، بێشتن و مان، بێشتن و گوتن |

**ڕاهێنانی (4) لاپەڕی (44)، بە نموونە وەڵامی ئەمانە بدەرەوە:**

1-چۆن ڕەگی کار لە چاوگی (واو)ی تێنەپەڕ دروستدەکرێت؟ بەلابردنی (وون)ی چاوگ درووستدەبێت.

2- چۆن ڕەگی کار لە چاوگی (ئەلفی)ی تێنەپەڕ دروستدەکرێت؟ بەلابردنی (ن) و زیادکردنی (ێ).

3- کەی پیتی (س) دەگۆڕدرێ بۆ (ز) و پیتی (ش) دەگۆڕدرێ بۆ (ژ)، لە دروستکردنی ڕەگی کاردا؟ چاوگی تائی، گۆڕینی (ا) بۆ (ێ).

4- کەی پیتی (ا، ە) دەگۆڕدرێ بۆ (ێ) لە کاتی درووستکردنی ڕەگی کاردا؟ چاوگی دالی و تائی.

# چاوگ سەرچاوەی دروستکردنی کارە

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | خوێندن چاوی مرۆڤ دەکاتەوە. | 7 | ئەوان وانەکە دەخوێنن. |
| 2 | نفیسین بۆ مە پێویستە. | 8 | ئازاد چیرۆکێ نفیسی. |
| 3 | زانین ڕووناکییە. | 9 | ئێمە پرسیارەکەمان زانی. |
| 4 | ئەم هەر بە یەکگرتنێ دگەهینە ئارمانجێ. | 10 | کۆمەڵەکان یەکیان گرت. |
| 5 | ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان ئەرکێکی کوردایەتییە. | 11 | گوندەکان ئاوەدان بکەنەوە. |
| 6 | پاراستنی دەستکەوتەکان نیشانەی دڵسۆزییە. | 12 | دارستانەکان دەپارێزین. |

**چاوگ سەرچاوەی دارشتن و درووستکردنی کارە،** دەتوانرێت، بەلابردنی (ن)ی چاوگ، کاری (ڕابردوو)ی لێدرووست بکرێت، هەروەها لە (ڕەگ)یش کاری ڕانەبردوو و داخوازی دروستدەکرێت، کەواتە پێویستە هەرکارێك ئەم سێ تایبەتمەندییەی تێدابێت:

**یەکەم/ کردەوەیەك پیشاندەدات.**
**دووەم/ کردەوەیەك بخاتە پاڵ کەسێك یان شتێك، کە بکەرەکەیەتی.**
**سێیەم/ کاتێکی دیاریکراوی تێدا هەبێت.**

تێبینی/

لە ڕستەی (**خوێندن** چاوی مرۆڤ دەکاتەوە)، وشەی (**خوێندن**) چاوگە، کردەوەیەك پیشان دەدات، و نەخراوەتە پاڵ کەسێك و کاتی تێدانییە، واتە (**کەس، کات و شوێن**)ی تێدانییە.

بەڵام لە ڕستەی (ئەوان وانەکەیان **خوێند**.)، وشەی (**خوێند**) کردارە، کردەوەیەك پیشان دەدات، خراوەتە پاڵ کەسێك، کاتێکی دیاریکراوی تێدایە، واتە: (**کەس، کات و شوێن**)ی تێدایە.

هەواڵنامەی کتێب

**ڕاهێنانی (1)، لاپەڕە (47)، شەش چاوگ بهێنەوە، ئینجا کاری ڕابردوو لە چاوگەکان درووستبکە، لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە، جارێک وەکو چاوگ و جارێک وەک کار:**

| ژ | چاوگ | کاری ڕابردوو | ڕستە وەکو چاوگ | ڕستە وەك کار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سووتان | سووتا | سووتانی دەست بە ئازارە. | ماڵەکە سووتا. |
| 2 | نووسین | نووسی | نووسین بۆ مرۆڤ پێویستە. | نامەکەم نووسی. |
| 3 | چوون | چوو | بوون بێ چوون نابێت. | منداڵەکە چوو بۆ خوێندنگە. |

**ڕاهێنانی (2)، لاپەڕە (47)، جیاوازی نێوان چاوگ و کار چییە؟ بە نموونە ڕوونی بکەرەوە؟**

| ژ | چاوگ | کار |
|---|---|---|
| 1 | کاتێکی دیاریکراوی تێدانییە. | کاتێکی دیاریکراوی تێدایە. |
| 2 | نەدراوەتە پاڵ کەس و شت. | دراوەتە پاڵ کەس و شت. |

**ڕاهێنانی (1) لاپەڕەی(47)، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| | | |
|---|---|---|
| 1 | چاوگ سەرچاوەی داڕشتنی ... | کار، ناو، جێناو |
| 2 | خاسیەتی چاوگ بریتییە لەوەی کە.... | کاتی دیاریکراوی تێدایە، ئەرکی ناو نابینێ، ناخرێە پاڵ کەس |
| 3 | خاسیەتی کار بریتییە لەوەی کە ..... | کاتی تێدانییە، ئەرکی ناو دەبینێ، دەخرێتە پاڵ کەس |
| 4 | مە خوێندن تەواو کر. (خوێندن) ئەرکی چییە؟ | بکەر، بەرکار، دیارخەری ناو |
| 5 | نووسینەکانی ئێوەم خوێندەوە. (نووسینەکان) | دیارخراو، نیهاد، دیارخەری ناو |

**ڕاهێنانی (4)، لاپەڕە (47)، ئەم ڕستانە شیبکەرەوە:**

**مە خوێندن تەواوکر.**

مە/ جێناوی کەسی سەربەخۆ، بۆ کەسی یەکەمی کۆ، بکەر.

خوێندن/ چاوگە، سادەیە، بەرکارە.

تەواوکر/ کارە، لێکدراوە، ڕابردووە، تێپەڕە.

**ژووری دانیشتنەکەیان پاك کردەوە.**

ژوور/ ناوە، تاکە، تەواوکراوە (دیارخراو).

ی/ ئامرازی خستنەسەر (درانەپاڵ).

دانیشتنەکە/ چاوگە، داڕێژراو، ناسراوە، تاکە، تەواوکەری ناوە (دیارخەری ناوە).

مکە/ نیشانەی ناسراوی.

ژووری دانیشتنەکە/ گرێی ناوی ، بەرکار.

یان/ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی کۆ، بکەر.

پاك کردەوە/ کاری ڕابردوو، تێپەڕ، لێکدراوە.

**نووسینەکانی ئێوە دەخوێنمەوە.**

نووسینەکان/ چاوگە، کۆیە، ناسراوە، تەواوکراوە (دیارخراو).

مکە/ نیشانەی ناسیاوی.

ان/ نیشانەی کۆ.

ی/ ئامرازی خستنەسەر (درانەپاڵ).

ئێوە/ جێناوی سەربەخۆ، تەواوکەری چاوگە.

نووسینەکانی ئێوە/ گرێی ناوییە، بەرکارە.

دەخوێنمەوە/ کاری داڕێژراو، ڕانەبردوو، تێپەڕە.

م/ جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاك بکەرە.

هەواڵنامەی کتێب

# دەمەکانی کـــاری ڕابـــردوو

**کاری ڕابردوو/** ئەو کارەیە کە کردەوەیەك پیشاندەدات، کە لە ڕابردوودا ڕوویدابێت، درابێتە پاڵ کەسێك یان شتێك.

کاری ڕابردووی ڕاگەیاندن، لە ڕووی کاتەوە دەکرێت بە چوار بەشەوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | دیار چوو بۆ قوتابخانە. | 4 | شادیار وێنەکەی دەکێشا. |
| 2 | تابلۆیەکەم بینیوە. | 5 | بریا شکۆ بەیەکەم دەرچووبا. |
| 3 | بانوو نانەکەی خواردبوو. | | |

## یەکەم/ کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن: ( چاوگ – ن ) = قەد یان ڕابردووی نزیك ).

| ژ | چاوگ | قەد ڕابردووی نزیك (ئەری) | قەد ڕابردووی نزیك (نەری) |
|---|---|---|---|
| 1 | بردن | برد | نە برد |
| 2 | لێ گرتن | لێ گرت | لێ نە گرت |
| 3 | سەرهەڵگرتن | سەرهەڵگرت | سەرهەڵ نە گرت |

## دووەم/ کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن: ( قەد یان ڕابردووی نزیك + وە )

| ژ | چاوگ | قەد ڕابردووی نزیك + | وە = | ڕابردووی تەواو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هێنان | هێنا | وە | هێناوە/ نەهێناوە |
| 2 | هەڵ چوون | هەڵ چوو | وە | هەڵچووە/ هەڵنەچووە |
| 3 | نووسین | نووسی | وە | نووسیوە / نەنووسیوە |
| 4 | دانیشتن | دانیشت | ووە | دانیشتووە / دانەنیشتووە |
| 5 | خوێندن | خوێند | ووە | خوێندووە/ نەخوێندووە |

تێبینی/ ئەگەر چاوگ کۆتایی بە بزوێنی (ا، ی) هات، ناوبەندی (ی) وەردەگرێ. نموونە: کێشایەوە، نوسییەوە.

چاوگی (واو)ی گەر نیشانەی (وە)ی بۆ زیادبکرێت، دوو (وو)ی درێژ کورت دەکرێتەوە بۆ یەك (و): نموونە: چوØوە

A ئەگەر کاری ڕابردووی نزیك، بە پیتی (د، ت) کۆتایی هات، پیتی بزوێنی (و) دەچێتە نێوان کاری ڕابردووی نزیك و پاشگری (وە)وە.

| ژ | چاوگ | قەد ڕابردووی نزیك + | (و) + | وە = | ڕابردووی تەواو |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خستن | خست | و | وە | خستووە/ نەخستووە |
| 2 | بردن | برد | و | وە | بردووە/ نەبردووە |

هەوالنامەی کتێب

B-دەتوانرێت، لە بری نیشانەی (وە)ی ڕابردووی تەواو، نیشانەی (یە) دابنرێت:

| ژ | چاوگ | قەد + | (یە) نیشانەی ڕابردووی تەواو = | کاری ڕابردووی تەواو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هێنان | هێنا | یە | هێنا یە/ نەهێنایە |
| 2 | گوشین | گوشی | یە | گوشی یە/ نەگوشییە |
| 3 | چوون | چوو | یە | چوویە/ نەچوویە |

C- ئەگەر کارێك ڕابردووی نزیك بە پیتی (د، ت) کۆتایی هات، پیتی بزوێنی (ی) دەچێتە نێوان قەد و نیشانەی (یە)دوە.

| ژ | چاوگ | قەد + | ی ناوبەند + | (یە) نیشانەی ڕابردووی تەواو = | کاری ڕابردووی تەواو |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | گرتن | گرت | ی | یە | گرتییە/ نەگرتییە |
| 2 | کردن | کرد | ی | یە | کردییە/ نەکردییە |

**لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا ، کاری ڕابردووی تەواو بەم شێوەیە دروست دەبێت:**

یاسا/ یا - یێ + قەد ڕابردووی نزیك + ی = ڕابردووی تەواو

| ژ | چاوگ | یا - ئێ | قەد | ی | ڕابردووی تەواو |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خوێندن | یا | خوێند | ی | یا خوێندی بۆ مێ |
| 2 | چاندن | یێ | چاند | ی | یێ چاندی بۆ نێر |

تێبینی/ ئەو چاوگانەی دارێژراون بە (ەوە)، بەم شێوەیە کاری ڕابردووی تەواویان لێدرووستدەکرێت:

1-لابردنی (ن)ی چاوگ. 2-دانانی (وە) نیشانەی ڕابردووی تەواو. 3- دانانی (ت)ی ناوبەند لە نێوان بزوێنەکان.

| ژ | چاوگ | قەد | نیشانەی ڕابردووی تەواو | ناوبەند | ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دۆزینەوە | دۆزی ەوە | وە | ت | دۆزیوەتەوە |
| 2 | بوونەوە | بوو ەوە | وە | ت | بووەتەوە |
| 3 | کوڵانەوە | کوڵا ەوە | وە | ت | کوڵاوەتەوە |

B - ئەگەر چاوگێك دارێژراو بێت بە پاشگری (ەوە)، بیکەین بە ڕابردووی تەواو، ناوبەندی (ت) دەچێتە نێوان قەد و پاشگرەکەوە:

| ژ | چاوگ | قەد ڕابردووی نزیك + | وە + | ت + | ەوە = | ڕابردووی تەواو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خوڵاندنەوە | خوڵاند ەوە | ووە | ت | ەوە | خوڵاندووەتەوە/ نەخوڵاندووەتەوە |
| 2 | هێنانەوە | هێنا ەوە | وە | ت | ەوە | هێناوەتەوە/ نەهێناوەتەوە |

### سێیەم/ کاری ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن: (دە + قەد یان ڕابردووی نزیک)

| ژ | چاوگ | (دە) نیشانەی ڕابردوو + قەد ڕابردووی نزیک=ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هێنا | دە | هێنا | دەهێنا/ نەدەهێنا |
| 2 | نووسین | دە | نووسی | دەنووسی/ نەدەنووسی |
| 3 | وەرگرتن | دە | وەرگرت | وەردەگرت/ وەرنەدەگرت |
| 4 | درووستکردن | دە | دروستکرد | دروست دەکرد/ دروست نەدەکرد |

### تێبینی/ لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا، (دە)ی نیشانەی ڕابردووی بەردەوام، دەبێت بە (د):

| ژ | چاوگ | (د) نیشانەی ڕابردوو + قەد ڕابردووی نزیک = ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فرین | د | فڕی | دفڕی/ نە دفڕی |
| 2 | وەرگرتن | د | وەرگرت | وەردگرت / وەرنەدگر |

هەورازنامەی کتێب

### چوارەم/ کاری ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن: (قەد یان ڕابردووی نزیک + بوو)

| ژ | چاوگ | قەد ڕابردووی نزیک + (بوو) نیشانەی ڕابردوو دوور = ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | چاندن | چاند | بوو | چاندبوو / نەچاندبوو |
| 2 | بەخشین | بەخشی | بوو | بەخشیبوو/ نەبەخشیبوو |
| 3 | چوون | چوو | بوو | چووبوو/ نەچووبوو |
| 4 | وەرگرتن | وەرگرت | بوو | وەرگرتبوو/ وەرنەگرتبوو |

تێبینی/ 1- کاری ڕابردوو بە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێت.

2- کاری ڕابردووی نزیکی دانانی ئەم شێوەیە درووستدەکرێت: (قەد یان ڕابردووی نزیک + با)

| ژ | چاوگ | قەد یان ڕابردووی نزیک + با = کاری ڕابردووی دانانی | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هاتن | هات | با | هاتبا، نەهاتبا |
| 2 | فرۆشتن | فرۆشت | با | فرۆشتبا، نەفرۆشتبا |

3- کاری دانانی (ڕابردوو ، ڕانەبردوو) هەمیشە پێویستی بە کاری یاریدەدەر لە ڕستەدا هەیە:

نموونە: پێویستە بخوێنن. ڕانەبردوو خۆزی میوەکانی فرۆشتبا. ڕابردوو

4- لێکچوون لە نێوان کاری ڕانەبردووی دانانی، لەگەڵ کاری داخوازیدا، هەیە، بە کاری یاریدەدەر جیادەکرێنەوە:

نموونە: دەبوو وانە بخوێنن. ڕانەبردووی دانانی وانە بخوێنن. کاری داخوازی.

**ڕاهێنانی(1)، لاپەڕە (52)، لەم چاوگانەی خوارەوە، ڕابردووی نزیك و ڕابردووی دوور درووستبکە؟**

| ژ | چاوگ | کاری ڕابردووی نزیك | کاری ڕابردووی دوور |
|---|---|---|---|
| 1 | پێشکەوتن | پێشکەوت | پیشکەوت بوو |
| 2 | نقیسین | نقیسی | نقیسی بوو |
| 3 | وەرگرتن | وەرگرت | وەرگرت بوو |
| 4 | ئاڤدان | ئاڤدا | ئاڤدابوو |
| 5 | داخستن | داخست | داخست بوو |

**ڕاهێنانی (2)، لاپەڕە (52)، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| ژ | پرسیار | وەڵام |
|---|---|---|
| 1 | قەد لە چاوگ وەردەگیرێت، بەلابردنی | ئەلف،      نون،      ئەلف و نون |
| 2 | ئەگەر (ن) لە چاوگ لابدەین چ کارێکی لێدروستدەبێت | داخوازی،      ڕابردووی نزیك،      ڕانەبردوو |
| 3 | پرژە وانەکەی خوێندبوو. خوێندبوو کارێکی ڕابردووی | دوور،      نزیك،      تەواو،      بەردەوام |
| 4 | کاری ڕابردووی دوور بەم شێوەیە درووستدەبێت: | ڕابردووی نزیك+ووە،      دە+ڕابردووی نزیك،      ڕابردووی نزیك+بوو |
| 5 | کاری رابردووی نزیکی دانانی بەم شێوەیە درووستدەبێ | ڕابردووی نزیك+با،      دە+رابردووی نزیك،      رابردووی نزیك+بوو |

**ڕاهێنانی (3)لاپەڕە (52)، لەم چاوگانەی خوارەوە، کاری ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن و کاری ڕابردووی نزیکی دانانی درووستبکە پاشان بیانخەرە ڕستەوە:**

| ژ | چاوگ | کار | ڕابردوو | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سەرکەوتن | ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن | سەردەکەوت | پێشمەرگەکە بە چیاکەدا سەردەکەوت. |
| | | کاری ڕابردووی نزیکی دانانی | سەرکەوتبا | دەبوو لە وانەکانمدا سەرکەوتبام. |
| 2 | هەڵکێشان | ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن | هەڵدەکێشا | کچەکە ئاوی لە بیرەکە هەڵدەکێشا. |
| | | کاری ڕابردووی نزیکی دانانی | هەڵکێشابا | پێویست بوو ئاوی کارێزەکەی هەڵکێشابا. |
| 3 | یارمەتیدان | ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن | یارمەتی دەدا | کرێکارەکان یارمەتی یەکیان دەدا. |
| | | کاری ڕابردووی نزیکی دانانی | یارمەتی دابا | پێویستبوو یارمەتی دابا. |
| 4 | فرۆشتن | ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن | دەفرۆشت | بەقاڵەکە میوەکەی دەفرۆشت. |
| | | کاری ڕابردووی نزیکی دانانی | فرۆشتبا | پێویست بوو میوەکەی فرۆشتبا. |

**ڕاهێنانی (5)، لاپەڕە (53)، لەم ڕستەیەدا: (دوێنێ پەخشان ڕۆژنامەی دەخوێندەوە).**

1-وشەی (دوێنێ) چییە؟ ئاوەڵکاری کاتییە. ئەرکی چییە؟ تەواوکەری ڕاستەوخۆی کارە.

2- وشەی (ڕۆژنامە) شیبکەرەوە؟ ناوە، تاکە بێلایەنە، بەرجەستەیە، لێکدراوە، بەرکارە.

3- کاری (دەخوێندەوە) کام جۆرەی کاری ڕابردووە؟ڕابردووی بەردەوام. چۆن درووست بووە؟دە+ ڕابردووی نزیك+(ەوە)

4- بکەری ڕستە دیارییبکە؟ پەخشان.

5- لە کاری (دەخوێندەوە) ڕابردووی تەواو درووستبکە؟ خوێندووەتەوە. ڕۆژنامەکەی خوێندووەتەوە.

6- لە کاری (دەخوێندەوە) ڕابردووی دوور درووستبکە؟ خوێندبووەوە. ڕۆژنامەکەی خوێندبووەوە.

7- لە کاری (دەخوێندەوە) ڕابردووی نزیکی دانانی درووستبکە؟ خوێندبایەوە. دەبوو ڕۆژنامەکەی خوێندبایەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# دەمەکانی کاری ڕانەبردوو

**کاری ڕانەبردوو/** کردەوەیەك پیشاندەدات، لەدوای ئاخاوتن ڕوودەدات، دەدرێتە پاڵ کەسێك یان شتێك. بە ئامرازی نەرێی (نا) نەرێی دەکرێت.

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | ئێستا چیرۆك دەنووسم. | 3 | نازدار وانێ دخوینیت. |
| 2 | ساڵێکی تر گەشت دەکەین. | 4 | ئەڤرۆ خەلات دێ وەرگریت. |

**کاری ڕانەبردوو/** لە کرمانجی خوارووودا بەم شێوەیەیە: یاسا/ ( **دە** + **ڕەگی کار** + **جێناوی لکاو** )

**کاری ڕانەبردوو/** دەکرێت بە دوو بەشەوە: ڕانەبردوو بۆ ئێستا، ڕانەبردوو بۆ ئایندە یان داهاتوو.

**A-ڕانەبردوو بۆ دەمی ئایندە:**

| ژ | چاوگ | ( دە ) نیشانەی ڕانەبردوو | ڕەگی کار | جێناوی لکاو | کاری ڕانەبردوو |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سپاردن | دە | سپێر | م ین یت ن ات ێت ن | دەسپێرین |
| 2 | پالاوتن | دە | پاڵێو | م ین یت ن ات ێت ن | دەپاڵێوم |
| 3 | هەڵ ڕشتن | دە | هەڵ ڕێژ | م ین یت ن ات ێت ن | هەڵ دەڕێژێت |
| 4 | چوون | دە | چ | م ین یت ن ات ێت ن | دەچم |
| 5 | نووسین | دە | نووس | م ین یت ن ات ێت ن | دەنووسم |

**B-ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستا:**

| ژ | چاوگ | هاوەڵکار | نیشانەی ڕانەبردوو | ڕەگی کار | جێناوی لکاو | کاری ڕانەبردوو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سپاردن | وا | دە | سپێر | م ین یت ن ات ێت ن | وا دەسپێرین |
| 2 | پالاوتن | ئەوا | دە | پاڵێو | م ین یت ن ات ێت ن | ئەوا دەپاڵێوم |
| 3 | هەڵرشتن | ئێستا | دە | هەڵ ڕێژ | م ین یت ن ات ێت ن | ئێستا هەڵ دەڕێژێت |
| 4 | چوون | ئەوا، خەریکە | دە | چ | م ین یت ن ات ێت ن | خەریکە، ئەوا دەچم. |
| 5 | نووسین | ئێستە | دە | نووس | م ین یت ن ات ێت ن | ئێسا دەنووسم |

**تێبینی/** لە شێوەزاری کرمانجی خوارووودا، کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستا بە هاوەڵکاری کاتی لە کاری ڕانەبردوو بۆ ئایندە جیادەکرێتەوە.

## ڕانەبردوو لە شێوەزاری کرمانجی سەروودا:

A- دەمی (ئێستا) بەم شێوەیە دروستدەکرێت: یاسا/ بۆ کات یان دەمی (ئێستا) (د + ڕەگی کار + جێناوی کەسی لکاو).

| ژ | چاوگ | (د) نیشانەی ڕانەبردوو | ڕەگی کار | جێناوی لکاو | کاری ڕانەبردوو | نەرێی کاری ڕانەبردوو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | نقیسین | د | نقیس | م ین یت ن ات ێت ن | دنقیسم | نانقیسم |
| 2 | کرن | د | کە | م ین یت ن ات ێت ن | دکەین | ناکەین |
| 3 | برن | د | بە | م ین یت ن ات ێت ن | دبەیت | نابەیت |

B- بۆ دەمی (ئایندە) داهاتوو: یاسا/ (دێ + ڕەگی کار + جێناوی کەسی لکاو).

| ژ | چاوگ | نیشانەی ڕانەبردوو | ڕەگی کار | جێناوی لکاو | کاری ڕانەبردوو | نەرێ ی کاری ڕانەبردوو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | نقیسین | دێ | نقیس | م ین یت ن ات ێت ن | دێ نقیسم | نانقیسم |
| 2 | کرن | دێ | کە | م ین یت ن ات ێت ن | دێ کەین | ناکەین |
| 3 | برن | دێ | بە | م ین یت ن ات ێت ن | دێ بەیت | نابەیت |

## کاری ڕانەبردووی دانانی:

یاسا/ کاری ڕانەبردووی دانانی / (ب + ڕەگی کار + جێناوی لکاو)

| ژ | چاوگ | ب | ڕەگی کار | جێناوی لکاو | کاری ڕانەبردووی دانانی، نەرێ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کرین | ب | کڕ | م ین یت ن ات ێت ن | بکڕم، نەکڕم |
| 2 | فرۆشتن | ب | فرۆش | م ین یت ن ات ێت ن | بفرۆشم، نەفرۆشم |
| 3 | ونبوون | ب | ونب | م ین یت ن ات ێت ن | ونببم، وننەبم |

تێبینی/ 1-کاری ڕانەبردوو بۆ دەی ئێستا و ئایندە، بە (نا) نەرێ دەکرێت، جێگەی (دە، د، دێ) دەگرێتەوە.

2- کاری ڕانەبردوو بۆ دەی ئێستا و ئایندە، پێیدەوترێ کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن.

3- کاری دانانی ڕابردوو و ڕانەبردوو بە (نە) نەرێ دەکرێت. ڕابردوو: کردبا نەکردبا. ڕانەبردوو: بفرۆشم نەفرۆشم.

**ڕاهێنانی (1)، لاپەرە (58)، لەم چاوگانەی خوارەوە، کاری ڕانەبردوو درووستبکە، پاشان لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە:**

| ژ | چاوگ | کاری ڕانەبردوو | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | خواستن | دەخوازم | دیوانی پیرەمێرد لە هاورێکەم دەخوازم. |
| 2 | پاراستن | دەپارێزم | وولاتەکەم دەپارێزم. |
| 3 | دەرچوون | دەردەچین | ئێمە لە تاقیکردنەوەکاندا دەردەچین. |
| 4 | دانان | دادەنێم | کتێبەکە لەسەر مێزەکە دادەنێم |
| 5 | وەرگرتن | وەردەگرم | پارەکە لە بانك وەردەگرم. |

**ڕاهێنانی (2)، لاپەڕە (58)، لە شێوەزاری کرمانجی خوارووداْ، کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێتا و ئاینده چۆن جیادەکرێتەوە، بە نموونەوە؟**

بۆ دەمی ئێستا/ هاوەڵکار (وا، ئەوا، ئێستا + کاری ڕانەبردوو) نموونە: ئێستا دەچم بۆ خوێندنگە.

بۆ دەمی ئاینده/ پێویستی بەهاوەڵکار نییە، دەچم بۆ خوێندنگە.

**لە شێوەزاری کرمانجی سەروو، کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێتا و ئاینده چۆن جیادەکرێتەوە، بە نموونەوە؟**

بۆ دەمی ئێستا/ (د + ڕەگی کار + جێناوی کەسی لکاو). بۆ دەمی ئاینده/ (دێ + ڕەگی کار + جێناوی کەسی لکاو).

**ڕاهێنانی (3)، لاپەڕە (58)، لە ڕستەی (ڕاپۆرتەکە بە باشی دەنووسم).**

1-بکەری ڕستە دیاری بکە؟ (م) جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاک (بکەر). و بۆ خراوەتە ئەوێ؟ لە درووستکردنی کاری ڕانەبردوودا، جێناولکاوەکانی دەستە سێیەم وەردەگرێت و دەچێتە کۆتایی کار.

2-کارەکە چ جۆرە کارێکە؟ ڕانەبردوو بۆ دەمی ئاینده. چۆن دروستکراوە؟ دە+ڕەگی کار +جێناوی لکاو

3- وشەی ( بەباشی) شیبکەرەوە؟ هاوەڵکاری چۆنیەتییە، تەواوکەری کارە.

4- کاری ڕستەکە بکە بە نەرێ؟ ڕاپۆرتەکە بە باشی نانووسم. 6- کاری ڕستەکە بگۆڕە بە دانانی؟ بنووسم

5- وشەی ڕاپۆرتەکە شیبکەرەوە؟ ناوە، تاکە، سادەیە، بەرکارە. 7- کارەکە بگۆڕە بە ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن؟ نووسیوە.

**ڕاهێنانی (4)، لاپەڕەی (59)، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| | | |
|---|---|---|
| 1 | ئەز چیرۆکی دێ نفیسیم. (دێ نفیسیم) کاری ڕانەبردووە بۆ کاتی؟ | ئێستا، ئاینده، هەردووکیان |
| 2 | کاری ڕانەبردوو لە کرمانجی خوارووداْ بەم شێوەیە درووستدەبێ؟ | ڕابردووی نزیك+ووە، دە+ڕابردووی نزیك، دە+ ڕەگ+ جێناوی لکاو |
| 3 | کاری ڕانەبردوو بۆ ئاینده، لە کرمانجی سەرووداْ، بەم شێوەیە درووستدەبێت؟ | د+ڕەگی کار+جێناوی لکاو، دە+ڕابردووی نزیك، دێ+ ڕەگی کار+ جێناوی لکاو |
| 4 | کاری ڕانەبردوو بۆ ئێستا، لە کرمانجی سەروو، بەم شێوەیە درووستدەبێ؟ | د+ڕەگی کار+ جێناوی لکاو، دە+ڕابردووی نزیك، دە+ ڕەگی کار+ جێناوی لکاو |
| 5 | کاری ڕانەبردووی دانانی بەم شێوەیە درووستدەبێ؟ | ب+ڕەگی کار+جێناوی لکاو، دە+ڕابردووی نزیك، دە+ڕەگی کار+جێناوی لکاو |

**ڕاهێنانی (5)، لاپەڕە (59)، ئەم ڕستانە شیبکەرەوە؟**

**1-ئەم چیرۆکێ دێ نڤیسین.**

ئەم/ جێناوی کەسی سەربەخۆ، بۆ کەسی یەکەمی کۆ، بکەر.

چیرۆکێ/ ناوە، تاکە، بەرجەستەیە، بەرکارە.

دێ نڤیسین/ کارە، تێپەڕە، ڕانەبردوو بۆ دەمی ئاینده.

ین: جێناوی لکاوە بۆکەسی یەکەمی کۆ، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

**2- هەستیار هۆنراوەکە لە گۆڤارەکەدا بلاودەکاتەوە.**

هەستیار/ ناوە، تاکە تایبەتییە، ناسراوە، بکەرە.

هۆنراوەکە/ ناوە، تاکە، ناسراوە، بەرکارە.

لە گۆڤارەکەدا/ تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو.

بلاودەکاتەوە/ کاری ڕانەبردوو، بۆ دەمی ئاینده، تێپەڕە لێکدراوە.

ات/ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر

# کاری داخوازی

**کاری داخوازی/** ئەو کارەیە کە قسەکەر (کەسی یەکەم)، داوا لە گوێگر (کەسی دووەم تاك و کۆ) دەکات، بۆ ئەنجامدامی کارێك، لەدوای ئاخاوتنەکە.

1-لاوی کورد بخوێنە خوێندن مەرهەمە بۆ زامی دڵ — تیشکی زانینە ئەدا ڕۆشن بە ئەســتێرەی ئەمەل

2-بەبێ باکی بەســەریا ڕامەبوورن حورمەتی بگرن — گوڵاڵە سورەی ئەم سەحرایە خوێناوی جگەرتانە

3- مەرحەمەت کـە زوو بڕۆ ساقی بڵێ دەردی دڵم — نازی پــــــاپوجت دەکێشم من بە تۆز و گەردەوە

4- وانەکان بخوێنە. 5- وەرە بۆ ماڵمان. 6- کارەکان بە باشی ئەنجامبدەن.

**کاری داخوازی/ یاسا/ ب + ڕەگی کار + جێنای لکا بۆ کەســی دوومی تاك (ە)، کۆ (ن)**

| ژ | چاوگی سادە | نیشانەی داخوازی | ڕەگی کار | جێناوی لکاو | کاری داخوازی ئەری | کاری داخوازی نەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ناردن | ب | نێر | ە - ن | بنێرە - بنێرن | مەنێرە — مەنێرن |
| 2 | چاندن | ب | چێن | ە - ن | بچێنە - بچێنن | مەچێنە — مەچێنن |
| 3 | چێشتن | ب | چێژ | ە - ن | بچێژە - بچێژن | مەچێژە - مەچێژن |
| 4 | کوشتن | ب | کوژ | ە - ن | بکوژە - بکوژن | مەکوژە - مەکوژن |

| ژ | چاوگی ناسادە | پێشگر | (ب) | ڕەگی کار | جێناوی لکاو | کاری داخوازی ئەری | کاری داخوازی نەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕاکردن | ڕا | ب | کە | ە - ن | ڕابکە - ڕابکەن | ڕامەکە - ڕامەکەن |
| 2 | پێچاندن | پێ | ب | چێن | ە - ن | پێبچێنە - پێبچێنن | پێمەچێنە - پێمەچێنن |
| 3 | لێ بردن | لێ | ب | بە | ە - ن | لێ ببە — لێ ببەن | لێ مەبە - لێ مەبەن |

تێبینی/ کاری داخوازی بە (مە) نەرێ دەکرێت.

**هەندێ چاوگ لە یاسا لادەدات:**

| ژ | چاوگی سادە | (ب) نیشانەی داخوازی | ڕەگی کار | جێناوی لکاو(ە، ن) | کاری داخوازی ئەری | کاری داخوازی نەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | چوون | ب | چ | ە - ن | بچۆ -بچن | مەچۆ - مەچن |
| 2 | هاتن | ب | هێ | ە - ن | وەرە - وەرن | مەیە — مەیەن |
| 3 | هەڵ هاتن | ب | هەڵ هێ | ە - ن | هەڵبێ - هەڵبێن | هەڵمەیە-هەڵمەیەن |

تێبینی/ ئەگەر کارداخوازی لێکدراو یان داڕێژراو بێت، دەتوانرێت نیشانەی (ب) نەوترێت یان نەنووسرێت.

کتێبخانەی هەولێرنامە

**لێکدراو:** نموونە: درووستبکەن / درووستکەن. (کاری داخوازی) ئێوە خانووەکە درووستبکەن.

**داڕێژراو:** نموونە: هەڵ بگرن،/ هەڵ گرن.

تێبینی/ کاری داخوازی بۆ کەسی دووەمی کۆ، لە شێوەدا لە کاری (ڕانەبردووی دانان)ی دەچێت بۆ کەسی دووەم و سێیەمی کۆ، بە کاری یاریدەدەر جیادەکرێنەوە. واتە: ئەگەر کاری یاریدەدەر هەبوو، ئەوا کاری ڕانەبردووی دانانییە، ئەگەر کاری یاریدەدەر لە ڕستەدا نەبوو، دەبێـە کاری داخوازی. نموونە: پێویستە ئێوە خانووەکە درووستبکەن. (کاری دانانی)

تێبینی/ ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی بزوێنی (ۆ، وو، ی، ێ، ە) جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك (ە) دەرناکەوێت، چونکە دوو پیتی بزوێن بەدوای یەکدا نایەن:

| ژ | چاوگ | ڕەگی کار | نیشانەی کاری داخوازی | کاری داخوازی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕۆیشتن | ڕۆ | ب | بڕۆØ (جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك دەرنەکەوتووە) |
| 2 | نووستن | نوو | ب | بنووØ (جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك دەرنەکەوتووە) |
| 3 | گووتن | ڵێ | ب | بڵێØ (جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك دەرنەکەوتووە) |
| 4 | ژیان | ژی | ب | بژیØ (جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك دەرنەکەوتووە) |
| 5 | کردن | کە | ب | بکەØ (جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك دەرنەکەوتووە) |

تێبینی: ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی نەبزوێن هاتبوو، جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك (ە) دەردەکەوێت.

نموونە: گرتن: بگرە.

**ڕاهێنانی (1)، لاپەڕە 63، لەم چاوگانەی خوارەوە کاری داخوازی درووستبکە، لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە:**

| ژ | چاوگ | کاری داخوازی | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | هەڵکێشان | هەڵبکێشە/ هەڵبکێشن | گیا خراپەکان لە باخەکەدا هەڵبکێشە. |
| 2 | یارمەتیدان | یارمەتی بدە/ یارمەتی بدەن | یارمەتی هاوڕێکەت بدە. |
| 3 | هەڵاتن | هەڵ بێ/ هەڵ بێن | لەدەست خراپەکاری هەڵبێن. |
| 4 | گۆتن | بڵێ/ بڵێن | کەم بڵێ و زۆر ببیستە. |
| 5 | دامەزراندن | دابمەزرێنە/ دابمەزرێنن | بەرنامەی ژیانت دابمەزرێنە. |
| 6 | ئاڤاکرن | ئاڤابکە/ ئاڤابکەن | گوندەکە ئاڤابکە. |

**ڕاهێنانی ( 2 )، لاپەڕە ( 63 )، لە ڕستەی ( پرۆژەکە بەخێرایی تەواوبکەن )**

1-کاری داخوازی دیاربخە و چۆن درووستکراوە؟(تەواوبکەن) کاری داخوازی، پێشگری (ب) + ڕەگی کار + جێناوی لکاو (ن)

2- بکەری ڕستە دیار بخە؟ (ن) جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك، بکەر

3- وشەی (پرۆژەکە) شیبکەرەوە؟ ناوە، ناسراوە، گشتی، واتایی، بەرکارە.

4- لە کاری (تەواوبکەن) دەگونجێ نیشانەی (ب) لابرێت؟ بەڵێ، چونکە واتای وشەکە و ڕستەکە تێکناچێت، پرۆژەکە بەخێرایی تەواوکە.

5- کاری ڕستەکە بگۆڕە بە نەرێ؟ پرۆژەکە بەخێرایی تەواومەکەن.

6- وشەی ( بەخێرایی) چییە؟ هاوەڵکاری چۆنیەتییە.چۆن درووستکراوە؟پێشگر(ب)+هاوەڵکاری سادە+پاشگر (یی)

**ڕاهێنانی ( 3 ) لاپەڕەی ( 64 )، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| | | |
|---|---|---|
| 1 | (بنووسن، بکێڵن) کاری داخوازییە، (ن) جێناوی لکاو ئەرکی چییە؟ | بکەر، بەرکار، دیارخەری ناو |
| 2 | کاری داخوازی نەرێ دەکرێ بە؟ | مە، نا، نی |
| 3 | کاری داخوازی لە چاوگی (خواردن) درووستدەکرێ بەم جۆرە؟ | خوارد، بخۆ، بخۆم |
| 4 | کاری داخوازی (برۆ، بنوو) وەرگیراوە لە چاوگی؟ | خەوتن و نووستن، ڕۆیشتن و نووستن، نواندن و ڕواندن |
| 5 | (بکرە، بخوێنە) کاری داخوازین، (ە) جێناوی لکاوە بۆ کەسی؟ | دووەمی کۆ، دووەمی تاك، سێیەمی تاك |

**ڕاهێنانی ( 4 )، لاپەڕە ( 64 )، ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەرەوە:**

یەکەم / **لە جەژنی نەورۆزدا جلی جوان لەبەربکەن.**

لە جەژنی نەورۆزدا/گرێی هاوەڵکاری، تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو.

لە .......دا/ ئامرازی پەیوەندی.

ی/ ئامرازی خستنەسەر

جەژن/ ناوە، تاکە، گشتییە، دیارخراوە

جوان/ هاوەڵناوی چۆنیەتی، دیارخەر

ی/ ئامرازی خستنەسەر

لەبەربکە/ کاری داخوازی، تێپەڕە، لێکدراوە

نەورۆز/ ناوە، تایبەتییە، دیارخەرە

ن/ جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی کۆ، بکەرە.

جەژنی نەورۆز/ گرێی ناوییە، تەواوکەری بەیاریدەیە.

جلی جوان/ گرێی ناوییە، بەرکارە.

جل/ ناوە، تاکە، بەرجەستەیە، دیارخراو

هەولێری کتێب

# کاری بکەردیار و کاری بکەر نادیار
# لـــــــــــە شێوەزاری کرمانجی خوارووا

**کاری بکەر دیار**/ ئەو کارەیە کە دەدرێتە پاڵ کەسێك و **بکەر** لە ڕستەکەدا باسدەکرێت.

**کاری بکەر نادیار**/ ئەو کارەیە کە **بکەر** لە ڕستەکەدا باس ناکرێت. بەرکار دەبێتە جێگری بکەر.

| ژ | کاری بکەردیار | کاری بکەرنادیار |
|---|---|---|
| 1 | شاد گوڵەکەی چاند. | گوڵەکە چێنرا. |
| 2 | کوڕەکان وانەکانیان نووسییەوە. | وانەکان نووسرانەوە. |
| 3 | جوتیارەکە زەوییەکە دەکێڵێت. | زەوییەکە دەکێڵرێت. |
| 4 | تاڤگە نامەکانی دەخوێنێتەوە. | نامەکان دەخوێنرێنەوە. |

تێبینی/ تەنیا کاری **تێپەڕ** بۆ بکەری نادیار دەگۆڕدرێ. پێویستە سەرنجی **(تاك و کۆ)**ی جێگری بکەر بدەین، ئاگاداری (**ژمارە و کەس و کار**)ە نادیارەکەبین.

**بەم ڕێگەیەی خوارەوە دەتوانین کاری بکەری دیار بگۆڕین بۆ کاری بکەری نادیار:**

1-بکەری ڕستەکە لادەبەین.

2- بەرکار دەخەینە شوێنی بکەر، پێیدەوترێت: (جێگری بکەر).

3- کاری ڕستەکە بەم شێوەیە دەگۆڕین بۆ بکەری نادیار:

A-ئەگەر کار ڕابردوو بێت: **ڕەگی کار + پاشگری (را) = کاری بکەری نادیار**

| ژ | چاوگ | ڕەگی کار | پاشگر (را) | کاری بکەری نادیار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خووساندن | خوسێن | را | خوسێنرا |
| 2 | کێڵان | کێڵ | را | کێڵرا |
| 3 | شتن | شۆ | را | شۆرا |
| 4 | نووسین | نووس | را | نووسرا |
| 5 | خواردن | خو | را | خورا |

B- **ئەگەر کار ڕانەبردوو بێت: دە + ڕەگی کار + پاشگری (رێ) = کاری بکەر نادیار:**

| ژ | چاوگ | ڕەگی کار | پاشگر (را) | کاری بکەری نادیار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خوێندن | خوێن | رێ | دەخوێنرێ |
| 2 | کێڵان | کێڵ | رێ | دەکێڵرێ |

**تێبینی/ هەندێك چاوگمان هەیە، بە ڕەگی کار ناکرێت بە کارەی بکەر نادیار، بەڵکو بە (قەدی چاوگ) دەکرێن بە بکەر نادیار.**

| ژ | چاوگ | قەدی چاوگ | پاشگر | کاری بکەری نادیار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | گوتن | گوت | را | گوترا - دەگوترێ |
| 2 | ویستن | ویست | را | ویسترا - دەویسترێت |

تێبینی/ ئەگەر ڕستەیەکی لێکدراو، کارێکیان تێپەڕ و کارێکیان تێنەپەڕ، تەنیا کارە تێپەڕەکە دەخرێتە سەر شێوەی بکەرنادیار:که

که ئەوان هاتن، نانەکەمام خواردبوو. که ئەوان هاتن، نانەکە خورابوو.

تێبینی/ لە کاری بکەرنادیاردا، ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی بزوێنی (ە، ێ) هات، لە ناودەچێت، ئەگەر بە (ۆ) کۆتایی هات، دەبێ بە (و):

| ژ | چاوگ | ڕەگی چاوگ | پاشگر | کاری بکەری نادیار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دانان | دانێ | را | دانرا |
| 2 | کردن | کە | را | کرا |
| 3 | خواردن | خۆ | را | خورا |

**ڕاهێنانی ژمارە (1)، لاپەڕەی (69)، ئەم ڕستانە لە بکەر دیارەوە بگۆڕە بۆ بکەر نادیار:**

| ژ | ڕستەی بکەردیار | ڕستەی بکەر نادیار |
|---|---|---|
| 1 | منداڵەکە هێلکەیەکی خوارد. | هێلکەیەك خورا. |
| 2 | قارەمانێك فرۆکەیەکی دوژمنی خستە خوار. | فرۆکەیەکی دوژمن خرایەخوار. |
| 3 | ئەندازیارەکان خانووەکان درووستدەکەن. | خانووەکان درووستدەکرێن. |
| 4 | ئەوان چوار جار وانەکە دەنووسنەوە. | چوار جار وانەکە دەنووسرێتەوە. |
| 5 | ئەو هەموو ڕۆژێ سێ جار دەموچاوی دەشوات. | هەموو ڕۆژێك سێ جار دەمووچاو دەشۆرێ. |

**ڕاهێنانی ژمارە (2)، لاپەڕەی (69)، ئەم کارانە لە بکەر نادیارەوە بۆ بکەردیار بگۆڕە:**

| ژ | ڕستەی بکەر نادیار | ڕستە بکەردیار |
|---|---|---|
| 1 | ڕۆمانکە چاپکرا. | نووسەرەکە ڕۆمانەکەی چاپکرد. |
| 2 | دوو چاڵ هەڵکەندرا. | دوو چاڵی هەڵکەند. |
| 3 | دوێنێ دیوارەکان و سەربانەکان سواغ دران. | دوێنێ دیوارەکان و سەربانەکانیان سواغدا. |
| 4 | شەش مانگە باخەکە ئاو دەدرێت. | شەش مانگە باخەکە ئاو دەدات. |
| 5 | تابلۆیەك دەکێشرێت. | وێنەکێشەکە تابلۆیەك دەکێشێ. |

**ڕاهێنانی (3)، لاپەڕە (69)، ئەم کارە نادیارانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:**

| ژ | کاری بکەرنادیار | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | خورا | نانەکە خورا. |
| 2 | دەنووسرێت | ڕۆمانەکە دەنووسرێت. |
| 3 | دەبینرێت | پیاوخراپەکە دەبینرێت. |
| 4 | دەخوێنرێت | وانەکە دەخوێنرێت. |
| 5 | پێشکەش دەکرێت | دراماکە پێشکەش دەکرێت. |
| 6 | هەڵدرا | چەرداخەکە هەڵدرا. |

**ڕاهێنانی 4، لاپەڕە (70)، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پەنجەرەکە شکێنرا. (شکێنرا) کاری ڕابردووی بکەرنادیاری؟ | نزیك، | دوور، | تەواو، | بەردەوام |
| 2 | نیشانەی کاری بکەرنادیار لە کرمانجی خواروو بۆ ڕابردوو؟ | ڕێ | را | هاتە | هاتییە |
| 3 | گوڵەکە چێنرابوو. (چێنرابوو) کاری ڕابردوو بکەرنادیاری؟ | نزیك، | دوور، | تەواو، | بەردەوام |
| 4 | دیواری باخەکە ڕووخێنرا؟ ئم ڕستەیە بکەر...؟ | بکەردیار | بکەرنادیار | هیچیان | هەردووکیان |
| 5 | کاری دیار لە ڕستەدا دەخرێتە پاڵ.....؟ | بکەر | هاوەڵناو | ئامرازی | دانەپاڵ |

**ڕاهێنانی 5، لاپەڕە (70)، ئەم ڕستانە شیبکەرەوە:**

**تۆپەکە هێنرابوو.**

تۆپەکە/ ناوە، تاکە، ناسراوە، بەرجەستەیە، جێگری بکەرە.

هێنرابوو: کارە، تێپەڕە، ڕابردووی دووری ڕاگەیاندنە، بکەرنادیار.

**پاقلەکە لەمە نجەڵەکەدا کوڵێنراوە.**

پاقلەکە/ ناوە، تاکە، ناسراوە، بەرجەستەیە، جێگری بکەرە.

لەمەنجەڵەکەدا/ تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو.

لە ....دا/ ئامرازی پەیوەندی.

مەنجەڵەکە/ ناوە، تاکە، ناسراوە، بەرجەستەیە.

کوڵێنراوە/ کارە، ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە، تێپەڕە، بکەرنادیارە.

**گەنم چۆن دەچێنرێت؟**

گەنم/ ناوە، تاکە، نەناسراوە، بەرجەستەیە، جێگری بکەر

چۆن/ هاوەڵکاری پرس، تەواوکەری کار.

دەچێنرێت/ کار، تێپەڕە، ڕانەبردووە.

# کاری بکەردیار و کاری بکەرنادیار

## لـــــــــه شێوەزاری کرمانجی سەروودا

**کاری بکەردیار**/ ئەو کارەیە کە کردەوە و ڕەفتارێك لە کاتێکی دیاریکراودا (ڕابردوو، ڕانەبردوو) پێشاندەدات، دراوەتە پاڵ کەسێك، بکەری ئاشکرا و دیارە لە ڕستەکەدا.

**کاری بکەرنادیار**/ ئەو کارەیە کە کردەوە و ڕەفتارێك لە کاتێکی دیاریکراودا (ڕابردوو، ڕانەبردوو) پێشاندەدات، نەدراوەتە پاڵ کەسێك، بکەری ئاشکرا و دیاری نییە لە ڕستەکەدا.

تێبینی/ تەنیا کاری **تێپەڕ** دەگۆڕدرێ بۆ بکەرنادیار.

| ژ | کاری بکەردیار | کاری بکەر نادیار |
| --- | --- | --- |
| 1 | شڤانی پەز چەراند. | پەز هاتە چەراندن. |
| 2 | ڕەزەڤانی ڕەزێ خۆ ئاڤدایە. | ڕەز هاتییە ئاڤدان. |
| 3 | وی نان دخوار. | نان دهاتە خوارن. |
| 4 | وی کەوەك گرتبوو. | کەوەك هاتبوو گرتن. |
| 5 | پەری چیرۆکێ دنڤیسیت. | چیرۆك دهێتە نڤیسین. |
| 6 | ئەز نامە کێ دێ نڤیسم. | نامەك دێ هێتە نڤیسین. |

**بەم ڕێگەیەی خوارەوە دەتوانین کاری ڕابردووی بکەردیار بگۆڕین بۆ کاری ڕابردووی بکەرنادیار:**

1-بکەری ڕستەکە لادەبەین.

2- بەرکار دەخەینە شوێنە بکەر، پێیدەوترێت: (جێگری بکەر).

3- کاری ڕستەکە دەکەینەوە بە چاوگ، پاشان کاری یاریدەدەری (هات)ی دەخەینە پێش. بەم شێوەیەی خوارەوە:

A- **کاری ڕابردووی نزیك: یاسا/ هاتە + چاوگ**

| ژ | کاری یاریدەدەر | چاوگ | کاری بکەرنادیار |
| --- | --- | --- | --- |
| 1 | هاتە | چاندن | هاتە چاندن |
| 2 | هاتە | کڕین | هاتە کڕین |

B–**کاری ڕابردووی تەواو: یاسا/ هاتییە + چاوگ**

| ژ | کاری یاریدەدەر | چاوگ | کاری بکەرنادیار |
| --- | --- | --- | --- |
| 1 | هاتییە | نڤیسین | هاتییە نڤیسین |
| 2 | هاتییە | لێنان | هاتییە لێنان |

C- **کاری ڕابردووی بەردەوام: یاسا/ دهاتە + چاوگ**

| ژ | کاری یاریدەدەر | چاوگ | کاری بکەرنادیار |
| --- | --- | --- | --- |
| 1 | دهاتە | ئینان | دهاتە ئینان |
| 2 | دهاتە | ڕێشتن | دهاتە ڕێشتن |

D– **کاری ڕابردووی دوور: یاسا/ هاتبوو + چاوگ**

| ژ | کاری یاریدەدەر | چاوگ | کاری بکەرنادیار |
| --- | --- | --- | --- |
| 1 | هاتبوو | خوارن | هاتبوو خوارن |
| 2 | هاتبوو | خواندن | هاتبوو خواندن |

**بەم ڕێگەیەی خوارەوە دەتوانین کاری ڕانەبردووی بکەردیار بگۆڕین بۆ کاری ڕانەبردووی بکەرنادیار:**

A– **کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستا (نهۆ): یاسا/ دهێتە + چاوگ**

| ژ | کاری یاریدەدەر | چاوگ | کاری بکەرنادیار |
| --- | --- | --- | --- |
| 1 | دهێتە | بڕین | دهێتە بڕین |
| 2 | دهێتە | برن | دهێتە برن |

B – **کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئایندە (پاشی): یاسا/ دێ هێتە + چاوگ**

| ژ | کاری یاریدەدەر | چاوگ | کاری بکەرنادیار |
| --- | --- | --- | --- |
| 1 | دێ هێتە | هاڤێتن | دێ هێتە هاڤێتن |
| 2 | دێ هێتە | فرۆتن | دێ هێتە فرۆتن |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 74، لەم ڕستانەی خوارەوەدا کاری بکەردیار بگۆڕە بۆ بکەر نادیار:**

| ژ | ڕستەی بکەردیار | ڕستەی بکەرنادیار |
| --- | --- | --- |
| 1 | سەردار وانە نڤیسی. | وانە هاتە نڤیسین. |
| 2 | وێ هەڤیر کربوو. | هەڤیر هاتبوو کرن. |
| 3 | نەسرین دێ شیڤێ لێنیت. | شیڤ دێ هێتە لێنان. |
| 4 | من کتێب ژ وی وەرگرتییە. | کتێب ژ وی هاتییە وەرگرتن. |

کتێبخانەی قوتابخانەی

**ڕاهێنانی ( 2 ) لاپەڕەی ( 75 )، وەڵامی ڕاستس هەڵبژێرە:**

| | | |
|---|---|---|
| 1 | نیشانەی کاری بکەرنادیار لە کرمانجی سەروودا، بۆ ڕانەبردوو دەمی ئێستا: | ڕەگی کار+رێ، دێ هێتە+چاوگ، دهێتە+چاوگ |
| 2 | نیشانەی کاری بکەرنادیار لە کرمانجی سەروودا، بۆ ڕابردووی نزیك: | دهاتە+چاوك، دێ هێتە+چاوگ، هاتە+ چاوگ |
| 3 | پەز هاتە چەراندن. (هاتە) کارێکی: | تێپەڕ، ڕابردووی، تێنەپەڕ، یاریدەدەر |
| 4 | کەوەك هاتییە گرتن. ڕستەیەکی بکەرنادیارە، کارەکەی؟ | ڕابردووی تەواو، ڕانەبردووی ئایندە، ڕانەبردووی ئێستا |
| 5 | نان دهاتە خوارن. ڕستەیەکی بکەرنادیارە، کارەکەی ڕابردووی؟ | تەواو، نزیك، بەردەوام |

**ڕاهێنانی ( 3 ) لاپەڕە 75 ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەرەوە:**

**پەز دێ هێتە فرۆتن.**

پەز/ ناوە، تاکە، نەناسراوە، جێگری بکەر.

دێ هێتە فرۆتن/ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ بکەرنادیارە بۆ دەمی ئایندە.

**گۆڤارەکان بە چاکی دابەشکراون.**

گۆڤارەکان/ ناوە، کۆیە، ناسراوە، جێگری بکەرە.

بەچاکی/ هاوەڵکارە، تەواوکەری ڕاستەوخۆی کارە.

دابەشکراون/ کارە، ڕابردووی تەواوە، لێکدراوە، تێپەڕە بکەرنادیارە.

تێبینی: کاتێك کاری بکەریار دەگۆڕین بۆ بکەرنادیار، کاری سەرەکی ڕستەکە هەر بە تێپەڕی دەمێنێتەوە. نابێتە تێنەپەڕ.

هەواڵنامەی کتێب

# جێناوی پرس

**جێناوی پرس/** لە جێی ناوی کەسێك یان شتێك لە شێوەی پرس کردندا بەکاردێت، ئەرکەکانی ناو دەبینێت.

| ژ | جێناوی پرس لە دەوری ئەرکی ناودا | جێناوی پرس | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | بکەر | کێ | کێ شاری ڕەواندزی درووستکرد؟ |
| 2 | نیهاد | کێ | کێ خاوێنە؟ |
| 3 | بەرکار | کێ | کێت ناسی؟ |
| 4 | تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو<br>تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو | کێ | جانتاکەت بەکێ بەخشی؟<br>جانتاکە بەکێ بوو؟ |
| 5 | دیارخەری ناو | کێ | کتێبی کێت خوێندەوە؟ |
| 6 | تەواوکەری کاری ناتەواو | کێ | ئەوە کێ بوو؟ |
| 7 | جێگری بکەر | کێ | کێ ناسرا؟ |

**ئەم ووشانە لە ڕستەدا دەتوانن ببن بە ( جێناوی پرس ):**

| ژ | وشەی پرس | مەبەستی بەکارهێنان |
|---|---|---|
| 1 | کێ - کێ | لە بری ناوی کەس بەکاردێت. |
| 2 | کام، کامە، کیهە، کیهان، کیشك و کیژان | بۆ جیاکردنەوەی کەسێك یان شتێك لە ناو کۆمەڵە کەسێك یان شتێك بەکاردێت |
| 3 | چی - چ | لە بری ناوی شت بەکاردێت. |

**ڕاهێنانی ( 1 )، لاپەڕە ( 79 )، ئەرکی جێناوی پرس لەم ڕستانەدا دەستنیشان بکە:**

| ژ | ڕستە | جێناوی پرس | ئەرك |
|---|---|---|---|
| 1 | قوتابیان کێیان لە ناو باخچەدا دیت؟ | کێ | بەرکار |
| 2 | کێ نەخۆش کەوت؟ | کێ | بکەر |
| 3 | چ کەوتە خوارەوە؟ | چ | بکەر |
| 4 | ڕەخنەکەتان لە بارەی چییە؟ | چی | تەواوکەری کاری ناتەواو. |
| 5 | کیهەیان لە پێشبڕکێدا بەیەکەم دەرچوو؟ | کیهە | بکەر |
| 6 | ئێوە حەز لە گۆشتی چی دەکەن؟ | چی | دیارخەری ناو |

**ڕاهێنانی ( 2 )، لاپەڕە ( 79 )، ئەم ڕستانە شیبکەرەوە:**

**1-کامە بەیەکەم دەرچوو؟**

**کامە/** جێناوی پرسە، بکەرە.

**بەیەکەم/** هاوەڵکاری چەندێتی.

**دەرچوو/** کارە، ڕابردووی نزیکە، تێنەپەڕە، داڕێژراوە.

**2-دوێنێ کێت بینی؟**

**دوێنێ/** هاوەڵکاری کاتی، تەواوکەری کار.

**کێ/** جێناوی پرس، بەرکارە.

**بینی/** کارە، ڕابردووی نزیکە، تێپەڕە، سادەیە.

**ت/** جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك، بکەر.

## هاوەڵناوی پرس

**هاوەڵناوی پرس**:وشەیەکی پرسە هەمیشە لەگەڵ ناوێکدا بەکاردێت،وەسفی ناوەکەی پێدەکرێت و دەبێتە تەواوکەری لە شێوەی پرس.

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | چەند جۆرە پێنووست کڕی؟ | 6 | تە دیارییەکا چاوا بۆ نەوزادێ برایێ خۆ هنارد؟ |
| 2 | تە چەند (چقاس) پارەت هەیە؟ | 7 | چ قوتابییەك لە تاقیکردنەوە لە هەموو وانەکان دەردەچێت؟ |
| 3 | کام ئەستێرە جوانە؟ | 8 | پۆلی چەندەمیت؟ |
| 4 | جەژنی نەورۆزی ئەم ساڵ کوو بوو؟ | 9 | ئازاد چەندەمین قوتابییە، کە لە ڕێزماندا دەرچووە؟ |
| 5 | چۆن دیارییەکت بۆ براکەت نارد؟ | 10 | تە دیارییکی چۆنت بۆ نەوزادی برات نارد؟ |

**هاوەڵناوی پرس ئەگەر بکەوێتە دوای ناو، پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر هەیە:**

**یاسا/ ناو + ئامرازی خستنەسەر + هاوەڵناوی پرس**

| ژ | ناو | خستنەسەر | هاوەڵناو | ڕستە | ئەرك |
|---|---|---|---|---|---|
| 1- | کتێب | ی | چۆن | کتێبی چۆن دەخوێنیتەوە؟ | دیارخەری ناو |
| 2- | گوڤەندەك | ا | چاوا | هوین ل گۆڤەندەکا چاوان پشکداربوو؟ | دیارخەری ناو |

**هاوەڵناوی پرس ئەگەر بکەوێتە پێش ناو، پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر نییە:**

**یاسا/ هاوەڵناوی پرس + ناو**

| ژ | هاوەڵناوی پرس | ناو | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1- | کام | خوێندکار | کام خوێندکار هات؟ |
| 2- | چەند | کتێب | چەند کتێبت خوێندەوە؟ |
| 3- | کیهە | زارۆك | کیهە زارۆك ژ هەمیێ خێراتر بوو. |

**ئەم ووشانە دەتوانن ببنە هاوەڵناوی پرس، گەر وەسفی ناو بکەن و ببنە دیارخەری:**

1 –(کام، کامە، کیهان، کیهە، کیژان، کیش). 2- (چەند ، چقاس). 3- (چۆن، چاوا، کوو، چلۆن). 4- ( چ ....ێك، ێ.....ەك).

**هاوەڵناوی چۆنیەتی/ دوو ئەرکی هەیە:**

**یەکەم/ هاوەڵناوی چۆنیەتی، ئەگەر وەسفی ناوێك یان جێناوێك بکات، دەبێتە دیارخەری ناو یان جێناو.**

**A-ناوی ناسراو+ (ی) خستنەسەر + هاوەڵناوی چۆنیەتی = گرێی ناوی**

| ژ | ناوی نەناسراو | خستنەسەر | هاوەڵناوی چۆنیەتی | گرێی هاوەڵناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | نمرە | ی | باش | نمرەی باش | نمرەی باشی بەدەست هێنا. |
| 2 | ئێوە | ی | بەتوانا | ئێوەی بەتوانا | ئێوەی بەتوانا کارەکان باش ئەنجامدەدەن. |

هەولامەی کتێب

B- ناوی ناسراو + ( ە ) خستنەسەر + هاوەڵناوی چۆنیەتی = گرێی ناوی

| ژ | ناوی ناسراو | (ە) خستنەسەر | هاوەڵناوی چۆنیەتی | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پیاو | ە | باشەکە | پیاوە باشەکە | پیاوە باشەکە هات. |

دووەم/ هاوەڵناوی چۆنیەتی، دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو:

| ژ | دەمی کار | کـــــــار | هاوەڵناوی چۆنیەتی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕابردوو | بوو | بەرز | هۆنراوەکە بەرز بوو. |
| 2 | ڕانەبردوو | دەبێت | زیرەك | خوێندکارەکە زیرەك دەبێت. |
| 3 | ئێستا | ە | جوان | گوڵەکە جوانە. |

ڕاهێنانی ( 1 )، لاپەڕە ( 83 )، پەیڤی ( چۆن )، لە دوو ڕستەدا بەکاربهێنە، یەکەمیان تەواوکەری کاری ناتەواو بێت، دووەم دیارخەری ناو بکارت:

یەکەم/ ( چۆن ) تەواوکەری کاری ناتەواو: نموونە/ خوێندکارەکە لە وانەکاندا چۆن بوو؟

دووەم/ ( چۆن ) وەسفی ناو بکات: نموونە/ خوێندکارەکە وانەی چۆن دوخوێنێت؟

ڕاهێنانی ( 2 )، لاپەڕە ( 83 )، ئەم ڕستانە شلۆڤە بکە:

1-چەند ڕۆژنامە لە کوردستان دەردەچن؟

چەند/ هاوەڵناوی پرس، دیارخەری ناو، واتە وەسفی ناو دەکات.
ڕۆژنامە/ ناوە، لێکدراوە، دیارخراوە.
چەند ڕۆژنامە/ گرێی ناوییە بکەرە.
لە کوردستان/ تەواوکەری بەیاریدەی کار.
دەردەچن/ کاری ڕانەبردوو، تێپەڕە، دارێژراوە.
ن/ جێناوی لکاوە، بۆ کەسی سێیەمی کۆ، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

2- کیهان کچ خوشکا تە یە؟

کیهان/ هاوەڵناوی پرس، دیارخەری ناوی ( کچ )ە، واتە وەسفی ناو دەکات.

کچ/ ناوە، سادەیە، دیارخراوە بە هاوەڵناوی پرس، نیهادە.
خوشك/ ناوە، دیارخراوە.                    خوشکاتە/ گرێی ناوییە، تەواوکەری کاری ناتەواوە.
ا/ ئامرازی خستنەسەر.                    ی/ ناوبەند.
تە/ جێناوی کەسی سەربەخۆ، دیارخە                    ە/ کاری ناتەواو بۆ دەمی ئێستا.

هەواڵنامەی کتێب

# هاوەڵکاری پرس

**هاوەڵکاری پرس/** وشەیەکە لە شێوەی پرسدا، وەسفی کارێك دەکات و سنوورێك بۆ ڕوودانی کارەکە دادەنێت. دەبێتە تەواوکەری کار.

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | قوتابیان لە ڕۆژی نمایشی وەرزشیدا چۆن دەڕۆن. | 6 | کەی کەنگر پەیدا دەبێت؟ |
| 2 | ئەڤ کورە چاوا دنڤیسیت؟ | 7 | کەنگی ئەم دێ چینە زۆزانان؟ |
| 3 | منداڵەکان کوو دانیشتبوون؟ | 8 | کەینێ زەنگی یەکەم وانە لێدەدرێت. |
| 4 | سۆران دوێنێ چەند پێکەنی؟ | 9 | هاوینان لە کوێ دەنوون؟ |
| 5 | پەروین ل نك تە چەند ڕوونیشت؟ | 10 | لەزگین ل کیڤە ڕوونیشتبوو؟ |

**ئەم ووشانە ئەگەر وەسفی کار بکەن لە ڕستەدا، دەبنە هاوەڵکاری پرس:**

| ژ | هاوەڵکاری پرس | مەبەستی بەکار هێنان |
|---|---|---|
| 1 | چەند | لە ئەندازەی ڕوودانی کارێك دەپرسێت. |
| 2 | چۆن، چاوا، کوو | لە چۆنیەتی ڕوودانی کارێك دەپرسێت. |
| 3 | کەی، کەنگی، کەینێ | لەکاتی ڕوودانی کارێك دەپرسێت. |
| 4 | لەکوێ، لکیڤە | لە شوێن و جێی ڕوودانی کارێك دەپرسێت. |
| 5 | بۆچی، ژبەرچی، لەبەرچی | لە هۆکاری ڕوودانی کارێك دەپرسێت. |

| ژ | هاوەڵکاری پرس | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | چەند | ئەوان چەند ڕۆیشتن؟ |
| 2 | چۆن، چاوا، کوو | تۆ چۆت هاتیت؟ |
| 3 | کەی، کەنگی، کەینێ | من کەی هاتم؟ |
| 4 | لەکوێ، لکیڤە | ئێوە لەکوێ وە هاتن؟ |
| 5 | بۆچی، ژبەرچی، لەبەرچی | بۆچی نەهاتن؟ |

**ڕاهێنانی (1)، لاپەرە (87)، پەیڤی (چۆن) لە دوو ڕستەدا بەكار بهێنە، بەمەرجێك، لەڕستەی یەكەمدا، هاوەڵناوی پرس و لە دووەمدا، هاوەڵكاری پرس بێت؟**

وەڵام/ هاوەڵناوی پرس: كتێبی چۆن دەخوێنیتەوە؟

هاوەڵكاری پرس: ئەوان چۆن دێن؟

**ڕاهێنانی (2)، لاپەرە (87)، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە؟**

1-جیاوازی لە نێوان جێناوی پرس ، هاوەڵناوی پرس و هاوەڵكاری پرسدا چییە؟

| ژ | جێناوی پرس | هاوەڵناوی پرس | هاوەڵكاری پرس |
|---|---|---|---|
| 1 | لەبری ناوی كەسێك یان شتێك بەكاردێت | وەسفی ناوێك دەكات و دەبێتە دیارخەری. | پرسیار لە (كات، شوێن، چۆنیەتی و چەندێتی) كار دەكات. |
| 2 | نموونە/ كێ هات؟ | نموونە/ چ كتێبێك دەكڕی؟ | تۆ چۆت هاتیت؟ |

**ڕاهێنانی (3)، لاپەرە (88)، پەیڤە هێڵ بەژێردا هاتووەكان، لەم دێڕە هۆنراوانەدا شلۆڤە بكە؟**

1-گرفتاری شەوی ئەگریجەتم، كوا ڕۆژی ڕووت قوربان مەتۆرێنە دڵم توخوا، تەماشا چەند پەرێشانە؟ هاوەڵناوی پرس

2- تە كی لە خاندنگە هێ دیت؟ جێناوی پرس

3- وێ ئەڤ هۆزانە چاوا ژ بەر كرییە؟ هاوەڵكاری پرس

4- تۆ چیت؟ من كوردم، نەتەوەی كوردم خۆ ترسنۆك نیت؟ حاشا نەبەردم هاوەڵناوی پرس

چی تۆی لە ناو برد؟ دوو دڵی و نیفاق چۆن ڕزگار ئەبی هەر بە ئیتیفاق هاوەڵكاری پرس

5- گەلۆ، ئەڤە چەند ســــــــــــالە؟ ژینــــــــا مە تیژ و تـــــــــالە؟ هاوەڵناوی پرس

# ڕستەی لێكدراو

**ڕستەی لێكدراو:** لە دوو ڕستەی سەربەخۆی سادە یان پتر پێكدێت، پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە، بەیارمەتی ئامراز دەدرێنە پاڵ یەكتر.

| | |
|---|---|
| 1 | نازداری فراڤین لێنا و شەرمینی ماڵ پاقژكر. |
| 2 | دی چیرۆكێ خوینم، پاشی دێنڤم. |
| 3 | نانم خوارد، پاشان نامەكەم نووسی، ئینجا نووستم. |
| 4 | خوناو مامۆستایە، بەڵام ئالان ئەندازیارە. |

**لە ڕستەی لێكدراودا :**

یەكەم/: ئامرازی لێكدەر سەر بە هیچ ڕستەیەكی سادەی ناو ڕستە لێكدراوەكە نییە.

دووەم: ڕستەی لێكدراو چەند كاری سادەی تێدابێت، ئەوەندە ڕستەی لێكدراوە.

**ئەو ئامرازی لێكدەرانەی كە لە زمانی كوردیدا بەكاردێن، ئەمانەن:**

( و، ئەمجا (ڤیجا - ڤێجا)، بەڵام، لێ، پاشان پاشی، چونكە، یان، یاخود، نەوەك، بەڵكو، كەچی، تا، تاكو، هەتاكو، هەتا، كە).

**تێبینی/** ئەو ڕستە لێكدراوانەی لە دوو ڕستەی سادە پێكدێن، دوو بكەریان تێدایە، هەندێك جار دوو بكەرەكە، یەك كار ئەنجامدەدەن، بۆیە بۆ كورتكردنەوە و ئاسانكردنی ڕستە لێكدراوەكە، وشە دووبارەبووەكان لادەبرێت:

نموونە: **ئازاد چوو بۆ هەولێر و دلێر چوو بۆ هەولێر.**

دەستەواژەی (چوو بۆ هەولێر) دووجار دووبارەكراوەتەوە. بۆیە بەم شێوەیەی خوارەوە دەنووسرێت: **ئازاد و دلێر چوون بۆ هەولێر.**

**ڕاهێنانی ( 1 )، لاپەرە ( 91 )، ئەم ڕستە سادانە بە ئامرازی لێكدەر بگۆڕە بۆ لێكدراو:**

1-شڤان پەز چراند كەچی ئاڤ نەدا.

2- نامەیەكی بنڤیسە پاشی بۆ زناری بنهنیرە.

3- هاوڕێ سواری ئۆتۆمبیلەكە بوو پاشان چوو بۆ هەولێر دواتر چوو بۆ دهۆك.

4- ئەم كوڕە زیرەكە بەڵام ئەو كوڕە تەمەڵە.

5- برینێن خەنجەران ساخ دبن بەڵام برینێن خەبەران ساخ نابن.

6- یان بڕۆ یان دەرگاكە پێوەدە.

هەولێرنامە كتێب

**ڕاهێنانی (2)، لاپەڕە (91)، لەم ئامرازانەی خوارەوە، ڕستەی لێکدراو پێکبهێنە:**

| ژ | ئامراز | ڕستەی لێکدراو |
|---|---|---|
| 1 | پاشی | دێمە لای تۆ پاشی دەچمە باژێڕی. |
| 2 | کەچی | هاتمە لای تۆ کەچی تۆ ڕیشتبووی. |
| 3 | ئینجا | وانەکە دەخوێنم ئینجا تێدەگەم. |
| 4 | دوای | دێمە مەلەوانگە دوای خۆم دەشۆم. |

**ڕاهێنانی (3)، لاپەڕە (92)، هەریەکە لەم ڕستە لێکدراوانە بکەرەوە بە ڕستەی سادە:**

1-شێرکۆ چوو بۆ لای چەتۆ. چەتۆ لەماڵ نەبوو.

2-هەڤاڵێت من نەهاتن. بەفر بارییبوو.

3- دڵشیر چیرۆکا مەموزینی خواند. نامەیەك نقیسی. نقیست.

4- ڕزگار هەڵەبەستەکە لەبەردەکات. پەخشانەکە دەنووسێت.

**ڕاهێنانی (4)، لاپەڕە (92)، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

1-نازداری ڤەراڤینێ لێنا و شەرمینێ مال باقژکر. (و) ئامرازی چییە؟ پەیوەندی لێکدەر دانەپاڵ

2- یان برۆ یان دەرگاکە پێوەدە. (یان) چییە؟ جێناوە ئامرازی پەیوەندییە ئامرازی لێکدەرە

3- دێ چیرۆکی خوێنم، پاشی دێنقیم. (پاشی) ئامرازی پەیوەندی لێکدەر دانەپاڵ

**ڕاهێنانی (5)، لاپەڕە 92، ئەم ڕستەیە شلۆڤە بکە:**

1-**نەمامەکەم چاند بەڵام تۆوەکەم هەڵگرت.**

**نەمام**/ ناوە، ناسراوە، تاکە، بەرکارە.

**م**/ جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاك، بکەرە.

**چاند**/ کاری ڕابردووی نزیك، تێپەڕ، سادە.

**بەڵام**/ ئامرازی لێکدەر.

**تۆوەکە**/ ناوە، ناسراوە، تاکە، بەرکارە.

**م**/ جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاك، بکەرە.

**هەڵگرت**/ کاری ڕابردووی نزیك، تێپەڕ، دارێژراو.

2- **زەنگەکە لێدرا، ئەمجا قوتابیەکان چوونە ژوورەوە.**

**زەنگەکە**/ ناوە، تاکە، ناسراوە، جێگری بکەر.

**لێدرا**/ کاری ڕابردووی تێپەڕە بکەرنادیارە.

**ئەمجا**/ ئامرازی لێکدەر.

**قوتابییەکان**/ناوە، کۆیە، ناسراوە، بکەرە.

**چوون**/ کاری ڕابردووی نزیك، سادە، تێنەپەڕ.

**ە**/ ئامرازی پەیوەندی.

**ژوورەوە**/ ناوە، تاکە، تەواوکەری بەیاریدە.

# ئامرازی پەیوەندی

**ئامرازی پەیوەندی/** ئەو ئامرازەیە، لە ڕستەدا پێش ناوێك یان جێناوێك دێت، بۆ پیشاندانی پەیوەندی نێوان ناوەكە یان جێناوەكە لەگەڵ ناوێكی تری هەمان ڕستەدا.

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | كاروان دەچێت **بۆ** زاخۆ. | 1 | تە نامە **ژ بۆ** وان نڤیسییە. |
| 2 | بەختیار **لە** قوتابخانە دەخوێنێت. | 2 | ترێ **هەتاكو** پایزێ دەمێنێت. |
| 3 | سێڤ **ژ** دارێ وەرین. | 3 | كاوە **لەگەڵ** برادەرەكانی ڕاوەستاوە. |
| 4 | نەسرین **تا** ڕەواندزێ چوو. | 4 | هەژار **دگەل** مە دژیت. |
| 5 | سەرهەنگ **دەچێتە** ئاكرێ. | 5 | نازەنین **بەرەو** قوتابخانە هات. |

**ئامرازە پەیوەندییەكان دوو جۆرن:**

A- **ئامرازی پەیوەندی**: ئەو ئامرازەیە كە لەیەك وشە پێكدێت. ( بە، بۆ، لە، بێ، ە، وەك، لە....دا، لە....ڕا، لە...ەوە، ل....دا، ژ....ێ، ژ....ڕا، د...دا، بە....دا، بە...وە، ب....دا، تا....ێ، لەبۆ، ژبۆ، ڕا، هەتا، هەتاكو، هەتاوەكو، بەبێ، لەگەڵ، دگەڵ، بەرەو، بەرەڤ، بەرب).

| ژ | ئامرازی پەیوەندی | ناو | تەواوكەری بەیاریدە | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 2 | بۆ | خوێندنگە | بۆ خوێندنگە | ئارام **بۆ خوێندنگە** دەچێت. |

| ژ | ئامرازی پەیوەندی | جێناو | تەواوكەری بەیاریدە | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 2 | بۆ | تۆ | بۆ تۆ | كتێبەكەم **بۆ تۆ** هێنا. |

| ژ | ئامرازی پەیوەندی | چاوگ | تەواوكەری بەیاریدە | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 2 | بە | تێكۆشان | بە تێكۆشان | سەركەوتن **بە تێكۆشان** دەبێت. |

| ژ | ئامرازی پەیوەندی | گرێی ناوی | تەواوكەری بەیاریدە | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 2 | بۆ | هەرێمی كوردستان | بۆ هەرێمی كوردستان | نامەكەم **بۆ هەرێمی كوردستان** نارد. |

تێبینی/ لە هەندێك باردا، ئامرازی پەیوەندی پیتی بزوێنی كورتە (ە)، بە دوایدا (ناو) دێت. نموونە/ بارام دەچێتە هەولێر.

**ڕاهێنانی ( 1 )، لاپەڕە ( 96 )، پێنج ڕستە بهێنەرەوە کە ئامرازی پەیوەندیان تێدابێت:**

**ئامرازی پەیوەندی: نموونە - خوێندکارەکان لە پۆل دانیشتوون. - منداڵەکە بە کەوچك نان دەخوات.**

**ئامرازی پەیوەندی: نموونە -ئەوان لەگەڵ ئێمە دەخوێنن. -ئازاد بەرەو ماڵ ڕۆیشتەوە. -ڤیان بەبێ جانتا نارِواتە دەرەوە**

**ڕاهێنانی ( 2 )، لاپەڕە ( 96 )، لەم ڕستەیەدا : ( تا ناو دارستانەکە چووین ).**

1-( **تا** ) **شیبکەرەوە**/ وەڵام: ئامرازی پەوەندی.

**2- وشەی ( دارستانەکە ) لە ڕووی دارِشتنەوە چ جۆرە ناوێکە، چۆن پێکهاتووە؟**

وەڵام: ناوێکی دارِێژراوە، ناسراوە. یاسای درووستبوون { ناو (دار) + پاشگر(ستان) }

**3-بکەری ڕستەکە دیاری بکە؟** وەڵام: (ین) جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی کۆ، بکەر.

**4- وشەی ( تا ) وەك ئامرازی لێکدەر لە ڕستەدا بەکاربهێنە : نانەکە ناخۆم تا تۆ دێیت.**

وەڵام: - ئەخوێنین هەتاکو دەربچین.

**5- لە کاری ( چوون ) کاری ڕانەبردوو و داخوازی درووستبکە** وەڵام: کاری ڕانەبردوو (دەچم). کاری داخوازی (بچن).

هەواڵنامەی کتێب

# ئامرازی دانەپاڵ (خستنەسەر)

**ئامرازی دانە پاڵ (خستنەسەر)/** ئەو ئامرازەیە کە (ناوێك، جێناوێك یان هاوەڵناوێك) دەداتە پاڵ ناوێك و دەبێتە دیارخەر بۆی.

| | | |
|---|---|---|
| 1 | گوڵی باخەکە جوانە. | دایکـا نازداری پزیشکە. |
| 2 | برادەری ئێوە دڵسۆزە. | ل جیاییێت کوردستانی بەفر دباریت. |
| 3 | ڕۆمانە نوێیەکەم خوێندەوە. | هەڤالێن مە هاتن. |
| 4 | بابێ ئازادی پێشمەرگەیە. | مرۆڤێد زیرەك سەردکەڤن. |

لە شێوەزاری کرمانجی خواروودا، بەم شێوەیەیە:

**Aیاسا/ ناو (دیارخراو) +(ی) خســـــــتەسەر +(نـــــــــــاو یان جێناو یان هاوەڵناو) (دیارخەر)=گرێی ناویی**

| | | |
|---|---|---|
| 1 | ئاوی کانی خاوێنە. ئاوی کانییەکان خاوێنن. | کانی (ناوە دیارخەرە) |
| 2 | هەناری شیرین خۆش. | شیرین (هاوەڵناوە دیارخەرە) |
| 3 | کتێبێ من بخوێنەرەوە. | من (جێناوی کەسی سەربەخۆ دیارخەرە) |

B **یاسا/ ناو (دیارخراو) +(ە) خســـــــتەسەر + هاوەڵناوی چۆنیەتی (دیارخەر)=گرێی ناویی**

نموونە: **کورە ئازاکان هاتن.**

لە شێوەزاری کرمانجی سەروودا، بەم شێوەیەیە:

**یاسا/ ناو (دیارخراو)+(ا،ێ، ێت، ێن، ێد) خستەسەر+ناو یان جێناو یان هاوەڵناو (دیارخەر) = گرێی ناویی**

نموونە:

**(مێی تاك): دایکا نازدارێ پزیشکە.** **(نێری تاك): بابێ ئازادێ پێشمەرگەیە.**

**(نێر و مێی کۆ): ل جیاییێت کوردستان بەفر دباریێت.** **هەڤالێن مە هاتن.** **مرۆڤێد ووشیار سەر دکەڤیت.**

**ڕاهێنانی (1)، لاپەڕە (100)، پێنج ڕستە بهێنەرەوە ئامرازی درانە پاڵیان تێدابێت، سیان بۆ تاك دوویان بۆ کۆ:**

ڕستە بۆ تاك/ - نانی نانەواکی جوانە. — دایکا شڤان مامۆستایە. — بابێ دلۆڤان هات.

ڕستە بۆ کۆ/ - هەڤاڵێن تە نەهاتن. — مرۆڤێد زیرەك سەردکەڤیت.

هەولێنامەی کێنز

**ڕاهێنانی (2)، لاپەڕە (100)، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

1-(کێ) لە هەموو ڕستەیەکدا ئەرکی چییە؟ هاوەڵناوی پرس هاوەڵکاری پرس جێناوی پرس

2- (کەی) لە هەموو ڕستەیەکدا ئەرکی چییە؟ هاوەڵناوی پرس هاوەڵکاری پرس جێناوی پرس

3- کوڕی کێ لە پێناوی کوردستاندا شەهید بووە؟ (کێ) جێناوی پرسە ئەرکی؟ بکەر، نیهاد، دیارخەری ناو

4- کەینێ زەنگی یەکەم لێدەدات؟ (کەینێ) هاوەڵناوی پرس هاوەڵکاری پرس جێناوی پرس

5- هاوەڵناوی پرس لە ڕستەدا دەبێتە دیارخەری؟ هاوەڵکار جێناوی پرس ناو هاوەڵناو

6- کیهان کچ خوشکا تەیە؟ (کیهان) هاوەڵناوی پرس هاوەڵکاری پرس جێناوی پرس

7- چ قووتابییەك لە تاقیکردنەوە لە هەموو وانەکان دەرنەچووە؟(چ) هاوەڵناوی پرس هاوەڵکاری پرس جێناوی پرس

8- کام لە مانە هاوەڵکاری پرسە بۆ هۆکاری ڕوودانی کار؟ چەند چۆن ژبەرچی لەبەرچی

9- کێ نەخۆش کەوت؟ کێ ئەرکی چییە؟ بکەر بەرکار نیهاد گوزارە

10- هاوڕێکەت کەسێکی چۆنە؟ (چۆن) تەواوکەری؟ کاری ناتەوا کاری تەواو هیچیان هەردووکیان

11- تۆ پۆلی چەندەمیت؟ (چەندەم) هاوەڵناوی پرس هاوەڵکاری پرس جێناوی پرس

12- چ کەوتە خوارەوە؟ (چ) بکەر بەرکار نیهاد گوزارە

13- دوینێ کێت بینی. کێ ئەرکی چییە؟ بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە، نیهاد، گوزارە

14- ئەڤ پەرتوکێ ژکێ وەرگرت؟ کێ ئەرکی چییە؟ بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە، نیهاد، بکەر

15- هاوینان لە کوێ دەنوون؟ لەکوێ ئەرکی چییە؟ هاوەڵناوی پرس هاوەڵکاری پرس جێناوی پرس

16- ناوت چییە؟ چی جێناوی پرسە، ئەرکی چییە؟ نیهاد بکەر بەرکار تەواوکەری کاری ناتەواو

17- شانیا لکێڤە ڕوونیشتبوو؟ لکێڤە. هاوەڵناوی پرس هاوەڵکاری پرس جێناوی پرس

18- مندالە کە چەند نووست؟ چەند. هاوەڵناوی پرس هاوەڵکاری پرس جێناوی پرس

19- بۆ پرسیارکردن لە کەسێك بەکاردێت؟ کێ چۆن چەند کوێ

20- کامە بەیەکەم دەرچوو؟ (کامە) ئەرکی چییە؟ هاوەڵناوی پرس هاوەڵکاری پرس جێناوی پرس

21- ئەڤ کورە چاڤا دنڤیسێت؟ (چاڤا) هاوەڵناوی پرس هاوەڵکاری پرس جێناوی پرس

22- چۆن دیارییەکت بۆ ئازاد برد؟ (چۆن) هاوەڵناوی پرس هاوەڵکاری پرس جێناوی پرس

23- کێ بینرا؟ (کێ) ئەرکی چییە؟ بکەر جێگری بکەر دیارخەری ناو

24- ئەمە پێنووسی کێیە؟ (کێ) ئەرکی چییە؟ نیهاد دیارخەری ناو تەواوکەری کاری ناتەواو

25- شیرین کچی کێیە؟ (کێ) ئەرکی چییە؟ تەواوکەری کاری ناتەوا دیارخەری ناو هەردووکیان

26- چەند پێنووست کڕی؟ (چەند) هاوەڵناوی پرس هاوەڵکاری پرس جێناوی پرس

هەوالنامەی کتێب

27- ئۆتۆمۆبێلێکی چۆنت کڕی؟ (چۆن) هاوەڵناوی پرس هاوەڵکاری پرس جێناوی پرس

28- منداڵەکان کوو دانیشتبوون؟ (کوو) هاوەڵناوی پرس هاوەڵکاری پرس جێناوی پرس

29- چەند ڕۆژنامە ل کوردستانێ دەردکەڤن؟ (چەند) هاوەڵناوی پرس هاوەڵکاری پرس جێناوی پرس

30- کێ زیرەکە؟ (کێ) ئەرکی چییە؟ بکەر، نیهاد، دیارخەری ناو، جێگری بکەر

31- مرۆڤی چۆنت خۆشدەوێت؟ (چۆن) هاوەڵناوی پرس هاوەڵکاری پرس جێناوی پرس

32- بۆ جیاکردنەوەی کەسێك یان شتێك لەنێو کۆمەڵە کەسێك یان کۆمەڵە شتێك. کێ کامە و کێهان چۆن

33- کیژان ژن ژ هەمیا بەرزترە؟ هاوەڵناوی پرس هاوەڵکاری پرس جێناوی پرس

**ڕاهێنانی (3)، لاپەرە 103، لەم ڕستەیەدا، (دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین دەپارێزین).**

1 –(ی) نێوان وشەی دەستەکانی ڕاپەڕین چییە؟ وەڵام: ئامرازی دانەپاڵ (خستنەسەر).

2- بکەری ڕستەکە دیاری بکە، بۆچی خراوەتە ئەویا؟

وەڵام: (ین) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ، بکەر، چونکە کار ڕانەبردووە.

3- (دەستکەوتەکان) شیبکەرەوە؟ وەڵام: ناوە، ناسراوە، کۆیە، دیارخراوە.

4- (دەپارێزین) چ جۆرە کارێکە، چۆن درووستکراوە؟

کاری ڕانەبردووە. یاسای دروستبوونی (دە + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی دەستەی سێ)

5- لە کاری (دەپارێزین) ئەم کارانە درووستبکە: ڕابردووی ڕاگەیاندن بە پێی دەم:

ڕابردووی نزیك/ پاراست ڕابردووی تەواو/ پاراستووە

ڕابردووی بەردەوام/ دەپاراست ڕابردووی دوور/ پاراسستبوو

کتێبی هەموالنامەی

## بەشی ئەدەب

ئەدەب ..................................... 53
جۆر و مەبەستەکانی هۆنراوە .............. 55
فۆلکلۆر چییە؟ ............................ 58
داستان .................................... 60
مێژووی داستان لە جیهان ................. 61
داستانی ڕۆژهەڵاتی ....................... 63
داستانی کوردی ........................... 64
پەندی پێشینان ............................ 69
لێکۆڵینەوەی تازەی ئەدەبی کوردی ......... 70

## نموونەی ئەدەب

حاجی قادری کۆیی ......................... 74
وەلی دێوانە ................................ 76
پیرەمێرد ................................... 77
هەژارموکریانی ............................. 79
دیلان ....................................... 80
سەبری بۆتانی ............................. 82
میقداد مەدحەت بەدرخان ................... 83
شاکر فەتاح ............................... 84

عەبدولڕەحمەی کتێب

## ئــــــەدەب

1-ئەو ئاخاوتن و گوتراوە نایابانەیە، کە خۆشی و شادی دەخەنە دڵی گوهدار و خوێنەرەوە، وتراوەکان هۆنراوەبن یان پەخشان؟

Aواتای تایبەتی ئەدەب Bواتای گشتی ئەدەب C ڕەگەزەکانی ئەدەی D مەبەستەکانی ئەدەب

2- ئەو بەرهەمەی مێشکی مرۆڤ دەگرێتەوە کە لە شێوەی ئاخاوتندا خۆی دەنوێنێ، لە لاپەڕەی کتێبدا دێتە نقیسین؟

Aڕەگەزەکانی ئەدەب Bواتای تایبەتی ئەدەب C واتای گشتی ئەدەب D مەبەستەکانی ئەدەب

3-بۆچی کتێبی ڕێزمان، وەرزش و سروشتزانی ئەدەبێکن بە واتای گشتی؟

Aبەرهەمی تاکەکەسە Bبەرهەمی مێشکی مرۆڤە C مێژووی ئەدەبە D مەبەستی ئەدەبە

4-لەکاتی خوێندنەوەدا، خۆشی و لەزەت لە واتای چ جۆرە ئەدەبێك وەردەگیرێت؟

Aواتای گشتی ئەدەب Bواتای تایبەتی ئەدەب C ڕەگەزەکانی ئەدەب D مەبەستەکانی ئەدەب

5-کام ڕەگەزەی ئەدەب کار دەکاتە سەر ئەندێشە و دڵ؟

Aبیر Bئەندێشە C واتا D سۆز

6- کام لە ڕەگەزەکانی ئەدەب بنەڕەتییە؟

Aسۆز Bبــــیر C ئەندێشە D واتا

7- کام ڕەگەزەی ئەدەب خەیاڵێکی تیژ تێپەڕی پەنهانییە لە دڵدا؟

Aبیر Bئەندێشە C واتا D سۆز

8- کام ڕەگەزەی ئەدەب مەبەست ڕووندەکاتەوە لە ڕووی وشە و ڕستەوە؟

Aبیر Bئەندێشە C واتا D سۆز

هەوالنامەی کتێب

## مێژووی ئەدەب

9- مێژووی ئەدەب بەشێکە لە مێژووی گشتی چ شتێك؟

Aنەتەوە Bتاکەکەس C گرووپێك D دەستەبژێێك

10- بۆچی لە مێژووی ئەدەبدا، هۆنراوە و پەخشان کاریگەر و زیندوون؟

Aتوانای وروژاندنی بیر و سۆزیان هەی Bئاسان لەبەردەکرێن C بۆ دەربڕین ئاسانە D توانای ورووژاندنی نییە

11- مێژووی ئەدەبی نەتەوە کەی پەیدا دەبێت؟

A کاتی سامانێکی ئەدەبی لا پەیدا بێ Bکاتێك نەتەوە درووستببێ

C کاتێك یەکەم بەرهەم بنووسرێت D دوای سەدەیەك لە درووستبوونی نەتەوە

12- زانستێکە باس لە چۆنیەتی زمان و ئەو هۆنراوە و پەخشانانەدەکات  کە بۆمان بەجێماون، بەزی و نزمیا دەردەخات، لە کاروبار و ژیانی هۆزانڤان و نووسەران دەدوێ بەرهەمەکانیان هەڵدەسەنگێنێ.

Aمێژووی ئەدەب  Bهەڵسەنگاندنی بەرهەم  C ڕەخنەی ئەدەب  D ڕەگەزەکانی ئەدەب

13- ئەرستۆڤان یەکەم ڕەخنەگری؟

Aڕۆمانی  Bیۆنانی  C ئینگلیزی  D ئیسپانی

14- بەرهەمی (بۆقەکان) هی چ نووسەرێکە؟

Aئەفلاتۆن  Bئەرستۆڤان  C حاجی قادری کۆیی  D خانی

15- بەرهەمی (بۆقەکان) تایبەتە بە چ بوارێکی ئەدەبی؟

Aمێژووی ئەدەب  Bتیۆری ئەدەب  C ڕەخنەی ئەدەب  D مەبەستە ئەدەبی

16- چ نووسەرێك توانی ڕەخنە لە (سۆفوکلیس، یۆروپیدس و ئەسخیلۆس) بگرێت؟

Aئەرستۆ ڤان  Bئەفلاتۆن  C سوکرات  D هیچیان

17- هەر سێ شاعیری یۆنانی (سۆفوکلیس، یۆروپیدس و ئەسخیلۆس)  شاعری چی بوون؟

Aکۆمیدی  Bشانۆکار  C تراژیدی  D ئاسایی

18- سەرەتای ڕەخنە ئەورووپی لای چ نەتەوەیەك دەست پێدەکات؟

Aڕۆمانیەکان  Bیۆنانییەکان  C ئینگلیزەکان  D ئەڵمانەکان

19- یەکەم ڕەخنەگری کورد کێ یە؟

Aحاجی قادری کۆیی  Bمەلای جزیری  C ئەحمەدی خانی  D پیرەمێرد

20- سەرەتای ڕەخنە لای کورد کەی دەستپێدوکات؟

Aسەدەی هەژدە  B سەدەی نۆزدە  C سەدەی بیست  D سەدەی حەڤدە

21 – لەو بنەما هونەری و بیریانە دەکۆلێتەوە کە دەقی ئەدەبیان لێبنیات دەنرێت، بە شێوەیەکی زانستیانە لە بەرهەمی ئەدەبی دەکۆلێتەوە؟

Aمێژووی ئەدەب  Bتیۆری ئەدەب  C ڕەخنەی ئەدەب  D مەبەستی ئەدەب

هەواڵنامەی کتێب

## دابەشکرنی ئەدەب

22- ئەو ئاخاوتن و نووسینەیە کە بیر و ئەندێشەی تێدایە و سۆز دە جولێنێ و واتای هەیە؟

Aهۆنراوە		Bپەخشان		C پەند		D داستان

23- ئەو ئاخاوتن و گوتراوەیە کە کێش و سەروا بەربەستی ناکات، تەنیا هەر بە نووسین بەربەست دەبێت، زیاتر پشت بە بیرکردنەوەی وورد دەبەستێت؟

Aخەیاڵ		Bئەندێشە		C پەخشان		D بیر

## جۆر و مەبەستەکانی هۆنراوە

24- کۆنترین جۆری ئەدەب چییە؟

Aپەخشان		Bداستان		C حیکایەت		D هۆنراوە

25- هۆمیرۆس شاعیری چ وولاتێکە؟

Aڕۆمانیا		Bیۆنان		C فەرەنسا		D بەریتانیا

26- کۆنترین بەرهەمی ئەدەبی کوردی هی چ شاعیرێکە؟

Aبابا تاهیری هەمەدانی		Bئەحمەدی خانی		C نالی		D گۆران

## جۆرە و مەبەستەکانی هۆنراوە

**یەکەم/ هۆنراوەی گۆرانی:**

چاوی من دەم دەم دەڕێژێ ئاوی ساف و خوێنی گەش		تا بڵێن دەیاری عومانە دوڕ و مەرجانی هەیە

27- لە چ جۆرە هۆنراوەیەکدا زمانی ویژدان شانبەشانی گۆرانی و ستران ڕۆیشتووە؟

Aهۆنراوەی شەڕ و شۆڕ		Bهۆنراوەی گۆرانی		C هۆنراوەی لاسایی		D هۆنراوەی فێرکردن

**دووەم/ هۆنراوەی شانۆ:**

مـــــام بایز ڕۆژباش		عەلیکە ســـــەلام
ئەمە یـــــــانی چی؟		جیرانی مـــــەلام
نـــەم دی دوێنێ و پێر		بەخوا چوومە شار
چیت فرۆشت بە خێر؟		یـەك دوو بارە دار
نرخـــەکەی چۆن بوو؟		بۆتە چوار قیمەی لا

28- ئەو جۆرەی هۆنراوەیەکە دەمەتەقێ نێوان دووکە پیشاندەدات، دیمەنێکی بینراویشی لەگەڵدایە؟

Aهۆنراوەی گۆرانی		Bهۆنراوەی شانۆیی		C هۆنراوەی فێرکردن		D هۆنراوەی شەڕ و شۆڕ

29- بەزمەسات (کۆمیدیا) و کارەسات (تراژیدیا)، دووجۆری چ هۆنراوەیەکن؟

A هۆنراوەی گۆرانی    Bهۆنراوەی شانۆیی    C هۆنراوەی فێرکردن    D هۆنراوەی شەڕ و شۆڕ

**چوارەم/ هۆنراوەی فێرکردن: بێکەس**

شتێکی بێ خوێن و گیان    ئەفرێت و ئەچێتە ئاسمان    لە شەڕا مســـــــــــیبەتە    لە ئاشـــــتیا نیعمەتە
هەڵدەگرێ گەلێ ئینـــسان    دوو باڵی پێوەیە جـــوان    لە سایەی حیرفەت و فەن    شتی وا دروست ئەکەن
ناویان ناوە تـــــــەیـــاره    زۆر مەحکەم و بەکـــــاره

چ- هۆنراوەیەك سۆز و ئەندێشەی بێهێزە و داڕشتنێکی بەرزی نییە؟

A هۆنراوەی گۆرانی    Bهۆنراوەی لاسایی    C هۆنراوەی فێرکردن    D هۆنراوەی شەڕ و شۆڕ

چ- هۆنراوەیەك ناکەوێتە بەر واتای هۆنراوە و تەنیا مەبەستی فێرکردنە؟

A هۆنراوەی گۆرانی    Bهۆنراوەی لاسایی    C هۆنراوەی فێرکردن    D هۆنراوەی شەڕ و شۆڕ

## مەبەستەکانی هۆنراوەی کوردیی

**یەکەم/ نیشتیمان پەروەریی** : (ئەحمەدی خانی)

قەت مومکینە ئەڤ ژ چەرخی لەولەب    تالیع ب بتن ژ بۆ مە کەوکەب
بەختێ مە ژ بۆ مەڕا ببت یـــــــــار    جارەك ببتن ژ خابێ هشـــیار

30- چ مەبەستێکی شیعری سۆزێکی نەتەوە پەروەریی و نیشتیمان پەروەریی دەخاتە دڵ و دەروونی خوێنەرەوە؟

Aنیشتیمان پەروەریی    Bدڵداری و ئەڤینی    C لاواندنەوە    D مەینۆشی

31- یەکەم ڕابەری بیری نەتەوە پەروەری کورد کێیە؟

Aحاجی قادری کۆیی    Bئەحمەدی خانی    C شێرکۆ بێکەس    D ئیبراهیم ئەحمەد

**دووەم/ دڵداری:**

تابەکەی قوربان بناڵم من بە ئێش و دەردەوە    دەس بە ئەژنۆ قوڕ بەسەر دایم بە ڕەنگی زەردەوە
ڕۆژی ئەوەڵ بوو کە زانیم من ئەبێ دیوانەبم    عاشـقی تۆ نەوعی مـەجنوون وا بە کێو و هەردەوە

32- چ مەبەستێکی هۆنراوە، لوتکەی هەستی مرۆڤ پیشاندەدات، بەرامبەر بەخۆشەویستەکەی؟

Aداشۆرین    Bدڵداری و ئەڤینی    C لاواندنەوە    D مەینۆشی

**سێیەم/ شانازیکردن:**

لە گــــــاوان و شوانی کوردەکان یەك		بەسەر بۆ لەشکری سەد کەرەلەك
فیدای گاوان و شوانتان حاتەمی تەی		بەقوربانی سەپانتان ئالّی بەرمەك
مریشی ئێوە صـــــەییادی شەهێنە		لەکن عەنقا فروجە حاجی لەقلەق

33- شانازی کردنی شاعیرە بە نەتەوەکەی و خۆی؟

Aداشۆرین		Bدلّداری		C شانازی کردن		D لاواندنەوە

**چوارەم/لاواندنەوە:**

دیسان وا کۆســتی نوێمان کەوتەوە		گەڕی گەردوونە کوردی گرتەوە
ئەم دوو دار تەرمە دوو نەڕە شێرە		زنجیریان پچڕان گـــــەینە ئێرە

34- چ جۆری هۆنراوەییەك تایبەتە بە باسکردنی مردن و جۆری مردن و پیشاندانی دڵتەنگی؟

Aداشۆرین		Bدلّداری و ئەڤینی		C شانازی کردن و دلێری		D لاواندنەوە

35- ئەو هۆنراوەیەی پیرەمێرد  بۆ (مستەفا خۆشناو و محەمەد قودسی) نووسی، دەچێتە چوارچێوەی چ مەبەستێکی شیعرییەوە؟

Aداشۆرین		Bلاواندنەوە		C لاسایی		D مەینۆشی

**پێنجەم/داشۆرین:** (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)

هەزار ئەفسون و جـــادووی پێوە ئاوێزانە ئەم ریشە		عیلاجی گەر ببێ یا گوزەیا گوێزانە ئەم ریشە
بە تەحریکی تەلێکی سەد هەزار نەفسی بە کوشت دا		ڕەئیسی حیلەکاران، شای قوماربازانە ئەم ڕیشە

36- نزمکردنەوە و دەرخستنی لایەنی کەم و کورتی؟

Aداشۆرین		Bلاواندنەوە		C لاسایی		D مەینۆشی

37- شێخ ڕەزای تاڵەبانی هۆنراوەکانی بە زۆری دەچنە ناو چ مەبەستێکی شیعرییەوە؟

Aداشۆرین		Bلاواندنەوە		C لاسایی		D نیشتیمان پەروەریی

**شەشەم/ وەسف:** (مەولەوی)

نازك تـــــــــەدارەك فەصلی وەهاران		زەریف ئارایش هـــــــــەردە و کۆساران
گول چۆن ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان		وەفراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان

38- ئەو مەبەستە شیعرییەی زیاتر تایبەتە بە (سروشت، مرۆڤ و شتی جوان)، چ مەبەستێکی شیعرییە؟

A داشۆرین		Bدلّداری و ئەڤینی		C شانازی کردن و دلێری		D وەسف

39- زیاتر مەبەستی وەسف لە هۆنراوەی کوردیدا، وەسفی چییە؟

Aئافرەت		Bسروشتی جوانی کوردستان		C وەرزی پایز		D شار و لادێ

هەواڵنامەی کتێب

## فۆلكلۆر چییە؟

1- وشەی (Folk - Lore) وشەیەكی ئینگلیزی لێكدراوە، وشەی (Folk) واتای چییە؟

Aمیللەت Bخەڵك یان گەل C چیرۆك یان داستان D چیرۆك، ژیری، هونەر، زانست

2- وشەی (Folk - Lore) وشەیەكی ئینگلیزی لێكدراوە، وشەی (Lore) واتای چییە؟

Aمیللەت Bخەڵك یان گەل C چیرۆك یان داستان D چیرۆك، ژیری، هونەر، زانست

3- بەهەموو ئەو سامانە كەلەپورییە كۆنانە دەڵێن، كە بەدرێژایی مێژوو بەرهەم و دەستكردی خەڵك بوون و ماونەتەوە؟

Aداستان Bچیرۆك C فۆلكلۆر D ئەفسانە

-بەرهەمی دەستكردی خەڵك وەكو: ((جلوبەرگی میللی كۆن، ڕایەخ، هۆی تێداخواردن قاپ -كاسە- كەوچك، گەڵێك چەشنی پیشەسازی، نەقش و نیگار، جۆریخواردەمەنی ....)).

-فۆلكلۆر شێوەیەكی سادەی وای هەیە كە هەموو گەل تێیدەگات، كەم كەس هەیە شتێكی كەم لە بەرهەمی فۆلكلۆری گەلەكەی نەزانێت و لەبەری نەبێت، بە وتن و گێڕانەوە دەری نەبڕێت.

4- هەندێك جار لە ناو فۆلكلۆردا، بەشی بیر یان بەشی ئەدەب جیادەكرێتەوە و پێیدەوترێ؟

Aفۆلكلۆر Bداستان Cئەفسانە D بەرهەمی ئەدەبی فۆلكلۆریی

5- ئەو بەرهەمەی كە دەماودەم و پشتاوپشت، كۆڕ لە باوكەوە و منداڵ لە دایكەوە دەیبیستێ و دەمێنێتەوە؟

Aفۆلكلۆر B بەرهەمی ئەدەبی فۆلكلۆریی C پەندی پێشینان D مەتەڵ

6- بۆچی فۆلكلۆر بە بەرهەمی تاكە كەسێك دانانرێت و دەدرێتە پاڵ هەموو میللەت؟

Aتاكە كەس خولقاندوویەتی Bبەشێكی میللەت خولقاندوویەتی C هەموو گەل خولقاندوویەتی D كەس نەیخولقاندووە

## گرنگترین جۆرەكانی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی

**بابەتەكانی ئەدەبی فۆلكلۆریی ئەمانەن:** (ئەفسانە، هەقایەت، گۆرانی، گاڵتەوگەپ، مەتەڵ، یاریی، پەندی پێشینان و داستان)

**یەكەم/ ئەفسانە:**

7- كام بەشەی ئەدەبی فۆلكلۆریی، بەرهەمی ئەوكاتەی مرۆڤە كە بێدەسەڵات بووە و ڕووبەڕووی سرووشت وەستاوە؟

Aداستان Bمەتەڵ C ئەفسانە D چیرۆك

8- بۆچی ئەفسانە بە بەرهەمی سەرەتایی ژیانی مرۆڤایەتی دادەنرێت؟

Aمرۆڤ زانا و هۆشیار بووە C خەیاڵ بە شێوەیەكی فراوان باڵادەستە

Bمرۆڤ ئەدەبی داهێناوە D پشتاو پشت و دەماودەم گێڕدراوەتەوە

**دووەم/ هەقایەت:**

9- کام بەشەی ئەدەبی فۆلکلۆریی، بەشێکی گەورەی ئەدەبە و بە بەرەوپێشچوونی ئەفسانە دادەنرێت؟

A چیرۆک　B داستان　C ئەفسانە　D هەقایەت

10- بابەتی ئەفسانە زیاتر نوقمی چییە؟

A خەیاڵ　B ژیان　C ڕاستی　D بابەتی کۆمەڵایەتییە

11- کەرەسەی هەقایەت زیاتر لە چییەوە وەردەگیرێت؟

A خەیاڵ　B ژیان　C ڕاستی　D بابەتی کۆمەڵایەتییە

**سێیەم/ گۆرانی:**

گۆرانی لە سەردەمێکی زۆر کۆنی ژیانی مرۆڤایەتییەوە پەیدابووە، لەبارەی هۆکاری پەیدابوونی گۆرانییەوە دوو هۆکار هەیە:

A-بۆچوونی یەکەم/ وایە کە گۆرانی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئیشی هەرەوەزی و بەکۆمەڵی مرۆڤ.

B- بۆچوونی دووەم/ وایە کە گۆرانی دەگەڕێنێتەوە بۆ گۆرانی ئایینی.

12- گۆنترین جۆری گۆرانی کامەیە؟

A گۆرانی ئیشی هەرەوەز و کۆمەڵی مرۆڤ　B گۆرانی ئایینی　C گۆرانی منداڵان　D گۆرانی دروێنە

**چوارەم/ گاڵتەوگەپ:**

13- لە شێوەی چیرۆکی کورتدا دادەڕێژرێت، مەرج نییە قارەمانەکانی مرۆڤ بن، زۆر جار لە زمانی ئاژەڵەوە دەگێڕدرێتەوە؟

A مەتەڵ　B ئەفسانە　C داستان　D گاڵتەوگەپ

14- کەسی قارەمانی گاڵتەوگەپ، کەسایەتییەکی چۆنی هەیە وەك (مەلای مەشهور)؟

A کەسێکی ئاساییە　B کەسێکی قسەخۆش و نوکتە بێژە　C کەسێکی شاعیرە　D کەسێکی زمان پاراوە

**پێنجەم/ مەتەڵ:**

15- ئەو بەشەی ئەدەبی فۆلکلۆرییە کە زیاتر بۆ کات بەسەربردن بەکاردێت، بەرهەمی سەرزاری خەڵکە، بەشێوەی نادیار و تەماوی دەردەخرێت؟

A مەتەڵ　B یاری　C گۆرانی　D ئەفسانە

16- مەتەڵ مەبەستەکەی پێویستی بە چی هەیە؟

A وەڵامدانەوەی خێرا　B ڕامان و بیرکردنەوە　C بەلێکدانەوە و شیکردنەوە　D کەسێکی قسەخۆش و نوکتە بێژە

**شەشەم/ یاری:**

17- پیشاندانی توانا و هێز و لێهاتووی بەرامبەر کردارێك لە نێوان دوو کەس یان دوو لایەن..؟

A مەتەڵ　B گۆرانی　C ئەفسانە　D یاری

18- چ بابە تێكی ئەدەبی فۆلكلۆریی بۆ مەبەستی بردنەوە و دۆڕاندن بەكاردێت؟

Aمەتەڵ Bیاری C گۆرانی D ئەفسانە

## داستان

19- بەرهەمێكە لە چیرۆك دەچێت، سەرگوزشتەیەكی ڕووداو یا ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە؟

Aچیرۆك Bداستان C ئەفسانە D مەتەڵ

**تایبە تمەندیەكانی داستان:**

**یەكەم:** چیرۆكی داستان گەلێك ڕووداوی ترسناك و سامناكی وای تێدایە كە بە زۆری لە پاڵەوانێكی ناودار دەدوێت.

**دووەم:** زمانی چی پتەو و بەهێز و شێوازی جوانە.

**سێیەم:** بەشی زۆری ڕوودا و بەسەرهاتەكانی ناو داستان، دەگمەن و نائاساییین، كەسانی ناو داستان مەزن و بناڤ و دەنگن، هەندێك جار خواكان دەبنە پاڵەوان.

25- ڕووداو و بەسەرهاتەكانی ناو داستان چۆنە؟

Aڕووداوی ئاساییین Bڕووداوی دەگمەن و نائاساییین C ڕووداوی ڕاستەقینەن D ڕووداوی ئەفسانەیین

26- كەسانی ناو داستان پاڵەوانی مەزن و بناڤ و دەنگن، هەندێ جار چی كە دەبێتە پاڵەوانی داستانەكان؟

Aئاژەڵ Bخواوەندەكان C منداڵ D بیر و خەیاڵ

**میژووی داستان لە جیهان** **داستانی سۆمەری:**

6- سۆمەرەكان لە خوارووی ئێراقدا كەی ژیاون؟

Aدوو هەزار ساڵ پێش زاین Bسێ هەزار ساڵ پێش زاین C چوار هەزار ساڵ پێش زاین D دوو تا سێ هەزار ساڵ پێش زای

7- دۆزینەوەی داستانی سۆمەری و شلۆڤەكردنی جۆری نووسینەكان سەرەتایەك بووە بۆ زانینی چی؟

Aڕاستییەكانی داستانەكان Bنهێنی داستانەكان C جۆری داستانەكان D مەبەستی داستانەكا

8- داستانی سۆمەرەكان زیارت لە شێوەی چیدابوون؟

Aچیرۆك Bئەفسانە C سەرگوزەشتە D یاریی

9 - داستانەكانی سۆمەر زیارت قارەكانەكانی كێ بوون وەك: (ئینیل، ئانكی، ئۆتۆ و دموزی)

Aمرۆڤ Bئاژەڵ C خواوەند D مرۆڤ و خواوەند

10- داستانی (گلكامیش) بەناوبانگترین داستانی چ نەتەوەیەكە؟

Aفارس Bكورد C سۆمەر D یۆنان

11- (گلگامیش) بەدوای چیدا دەگەڕا، كە لە سیفەتی بنەڕەتی خواوەندەكانە؟

Aڕاستی ژیان Bنەمری C نیهێنی ژیان D سەركەوتندا

12- ئەوەی پاڵەوانی داستانی (گلگامش) لە داستانەکانی تر جیادەکاتەوە چییە؟

Aپاڵەوانی داستانەکە خواوەند بوو　Bپاڵەوانی داستانە ئاژەڵ بوو

C پاڵەوانی داستانەکە نیمچە خواوەند بوو.　D پاڵەوانی داستانەکە کەسی ئاسایی بوو

**داستانی یۆنانی یان گریکی:**

13- داستانی (ئەلیادە و ئۆدیسا) هی چ نەتەوەیەکە؟

Aسۆمەر　Bکورد　C یۆنان　D هندی

14- (هۆمیرۆس) نووسەری یۆنانی چ داستانێکی نووسیوە؟

Aگلگامش　Bشانامە　C ئلیادە و ئۆدیسا　D ئەنیادە

15- چ داستانێك باسی چەنگی خوێناوی نێوان (تەڕوادە و ئەگریك) دەکات، کە دە ساڵی خایاندووە؟

Aئەلیادە　Bئەنیادە　C ئۆدیسا　D ڕامایانا

16- بە قسەی (بیر)ی شەرشی نێوان تەڕوادە و یۆنان ساڵی ڕووداوەکانی کەی بووە؟

A 1990 زاینی　B1990ی پێش زاین　C 1991 زانینی　D 1220 پێش زاین

17- لە چ داستانێکدا باسی پاشای (تەڕوادە) دەکات کە (هێلین)ی ژنی پاشای (ئەسپارتە)ی فڕاندووە؟

Aئەلیادە　Bئۆدیسا　C ئەنیادە　D مهابەهاراتا

18- چ داستانێك باسی پاڵەوانی گریك دەکات بە ناوی (ئۆدیسیۆس)، کە ڕێزی لە ژنەکەی ناو دوای چەند ساڵ لە بێسەرووشوێنبوونی لەسەری وەستا؟

Aئەلیادە　Bئۆدیسا　C ئەنیادە　D مهابەهاراتا

19- داستانەکانی (ئەلیادە و ئۆدیسا) سەدەی چەند نووسراون؟

Aسەدەی نۆ و هەشتی زاینی　Bسەدەی هەشت و نۆی پێش زاین　C سەدەی حەوتەمی زاینی　D سەدەی نۆی پێش زاین

**داستانی هندی:**

20- داستانەکانی (مهابەهاراتا و ڕامایانا) داستانی چ نەتەوەیەکن؟

Aهندی　Bیۆنانی　C فارسی　D ڕۆمانی

21- داستانەکانی (مهابەهاراتا و ڕامایانا) لە چ سەدەیەکدا نووسراوە؟

Aسەدەی پێنجی زایینی　Bسەدەی پێنجی پێش زاین　C سەدەی حەوت و هەشتی پێش زاین　D سەدەی هەشت و نۆی پێش زاین

22- نووسەری داستانی (مهابەهاراتا) کێ نووسیویەتی؟

Aهۆمیرۆس　Bویاس　C ڤیرجیل　D فردەوسی

23- ئەو داستانەی باسی جەنگی نێوان خواوەندەکان و تایەفەی (ئاسۆرا) دەکات، بەسەرکردایەتی (سکۆر ئەچاریا)، ناوی چییە؟

Aڕامایانا　Bشانامە　C مهابەهاراتا　D ئەلیادە

24- (سۆکەر ئەچاریا) سەرۆکی تایەفەی (ئاسۆرا) چ توانایەکی هەبوو؟

Aنەمریی　Bزیندووکردنەوەی کوژراوانی جەنگ　C ئازایەتی　D نیمچە خواوەند

25- لە ناو داستانی (مهابەهاراتا)دا، لە زمانی (ویاس)ەوە، باسی چی تر کراوە؟

Aمەتەڵ　Bپەند و ئامۆژگاری　C چیرۆك　D ئەفسانە

**داستانی ڕۆمانی:**

1- (ڤێرجیلی) شاعیری بەرزی ڕۆمان، بەرهەمەکەی ناوی چی بوو؟

Aئەلیادە　Bئەنیادە　C گلگامش　D ڕامایانا

2- داستانی (ئەنیادە) کەی نووسراوە؟

Aسەدەی یەکەمی زاینی　Bسەدەی یەکەمی پێش زاین　C سەدەی هەشت و نۆی پێش زاینی　D سەدەی پێنجی پێش زاین

3- چ داستانێك باسی (ئیناس)ی پاڵەوانی تەڕوادە دەکات، کە لەگەڵ گریکەکان کەتۆتە جەنگەوە؟

Aئەلیادە　Bئەنیادە　C شانامە　D ڕامایانا

4- (دۆمۆلۆس) بە دامەزرێنەری چ شارێك دادەنرێت؟

Aئەسینا　Bڕۆما　C تەڕوادە　D پاریس

**داستانی ئێرانی:**

5- داستانی (شانامە) بەرهەمی چ نووسەرێکە؟

Aهۆمیرۆس　Bویاس　C فیردەوسی　Dڤێرجیل

6- (شانامە) سەدەی چەند نووسراوە؟

Aسەدەی هەشت و نۆی پێش زاین　Bسەدەدەی پێنجی پێش زاین　C سەدەی یەکی پێش زاین　Dسەدەی دەیەمی زاینی

7- (شانامە) شەست هەزار دێڕە و باسی چی دەکات؟

Aهونەر و زانست　Bمێژووی کۆنی ئێران　Cمێژووی نوێی ئێران　Dشیعر و پەخشان

8- چ داستانێك لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا، بەگەورەترین سەرچاوەی زمانی فاسی دێتە دانان؟

Aڕامایانا　Bگلگامش　Cشانامە　Dئەلیادە

**داستانی سروودی تاریکی:**

1 - داستانی (سەروودی تاریکی) داستانی چ نەتەوەیەکە؟

Aیۆنان　Bڕۆمان　Cئەڵمانیا　Dئیتاليا

هەواڵنامەی کتێب

2- داستانی (سەروودی تاریکی) باسی چی دەکات؟

Aکار و کردەوەی هۆزەکانی ئەڵمان Bڕووداوە سیاسیەکان ئەو کاتە Cئاینی ناوچەکە Dکەلتوور و فەرهەنگ

3- داستانی (سەروودی تاریکی) کەی نووسراوە؟

Aسەدەی 11ز B سەدەی 12ز Cسەدەی 13ز Dسەدەی هەشتی پ.ز

**داستانی کۆمیدیای پیرۆز:** لاپەڕەی 146

4- داستانی (کۆمیدیای پیرۆز) کێ نووسیویەتی؟

Aفیردەوسی Bویاس Cدانتی Dهۆمیرۆس

5- داستانی (کۆمیدیای پیرۆز) داستانی چ نەتەوەیەکە؟

Aیۆنان Bڕۆمان Cئەڵمانیا Dئیتالیا

## داستانی ڕۆژهەڵاتی

**لە ناو گەلانی ڕۆژهەڵاتدا، گەلێك داستانی هاوبەش هەن، چەن سەرنجێك لەم بارەیەوە:**

یەکەم/ بەچەند زمانێکی ڕۆژهەڵاتی هەن.

دووەم/ لەناو چەند میللەتێکدا بە شێوەیەکی جیاواز دێنەگێڕانەوە.

سێیەم/ میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناتوانن (داستانە ڕۆژهەڵاتییەکان) بکەن بە ملکی خۆیان.

چوارەم/ لەناو هەر میللەتێکی ڕۆژهەڵاتیدا، کاتێك داستانەکە دەگێڕتەوە، مۆرك و شەقڵی ئەو میللەتەی پێوەدیارە.

نموونە: داستانی (لەیل و مەجنوون)، شوێنەوار و ناوی سەر بە خاك و زمانی عەرەبە، هەمان چیرۆکی عەرەبی (لەیلا و قەیس)ە، بەڵام داستانەکە لە ناو گەلانی (کورد و فار و ئازەر)دا دەگێڕێتەوە، هەروەها داستانی (شیرین و فەرهاد یان شیرین و خورسرەو)، شوێنەواریان لە (کێوی بێستوون)ی کوردستانە، داستانێکی کوردییە، بەڵام (فارس و تورك) لەگەڵ چەند نەتەوەیەکی تردا دەیگێڕنەوە. بەهەمان شێوە چیرۆکەکانی ناو (شانامەی فیردەوسی) پێشتر لە ناو گەلانی تردا بڵاوبووە، بەڵام فیردەوسی سەرلەنوێ بە داستان دایڕشتۆتەوە.

**لە فۆلکلۆرەوە بۆ نووسین:**

1 - سەرەتا بەشێك بووە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و لەناو خەڵکیدا بڵاوبووە، لەسەردەمێکدا شاعیرێك دێت و دەیخاتە قاڵبی ئەدەبی نووسراوەوە. هەندێك لەم داستانانە لە چەند زمانێك لە چەند سەردەمێکی جیاجیادا نووسراون، هەر جارێك مۆك و شەقڵی سەردەمەکەی پێوەدیاربووە.

Aداستانی ڕۆژهەڵاتی Bداستانی هاوبەش Cچیرۆکی ڕۆژهەڵاتی Dئەفسانەی ڕۆژهەڵاتی

هەواڵنامەی کتێب

| ژ | لەیل و مەجنوون | | شیرین و فەرهاد | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ناوی نووسەر | زمان | ناوی نووسەر | زمان |
| 2 | نیزامی گەنجەوی | فارسی | نیزامی گەنجەوی | فارسی |
| 3 | فزولی بەغدادی | تورکی | نازم حیکمەت | تورکی |
| 4 | حارسی بتلیسی | کورد | ئەمیر خەسرەوی دەهلەوە و خانای قوبادی | کوردی |
| 4 | ئەحمەد شەوقی | عەرەبی | | |

2- داستانێکە بەیەکێك لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان نووسراوە، شاعیرانی میللەتانی تری ڕۆژهەڵات، داستانەکە وەك خۆی وەردەگێڕنە سەر زمانەکەی خۆیان، مۆرك و شەقڵی ئەو میللەتە وەرناگرێ کە وەری گێڕاوە.

Aوەرگێڕان Bداستانی هاوبەش Cچیرۆکی ڕۆژهەڵاتی Dئەفسانەی ڕۆژهەڵاتی

## داستانی کـــــــــوردی

گەلێك داستان هەن کە بەشی هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتیان پێوەیە، هەروەها هەندێد داستان هەن کە بە تایبەتی هی میللەتێکن، زۆر جار هەیە کە داستانەکە لە تاقەناوچەیەکی وولاتدا بڵاودەبێتەوە، بە تاکە زێوەزارێکی ئەو وولاتە، هەندێ داستان هەیە بە ناو هەموو میللەتا بڵاودەبیەوە، پشتاو پشت و دەماودەم دەمێنێتەوە تا لە سەردەمێکدا دەنوسرێتەوە و دەبێتە ئەدەبی نووسراو، بەشی هەموو گەلی پێوەیە.

هەندێك داستان هەیە کە تەنیا بەشی کوردی پێوەیە،لە کوردستان ڕوویداوە و قارەمانەکانی کوردن، تەنیا بە زمانی کوردی دەگێڕدرێتەوە.

## داستانی فۆلکلۆریی دەکرێت بە دووبەشەوە

**یەکەم/ داستانی قارەمانێتی:**

2- کام وشانە دوو وشەی خۆشەویستن لای کورد، کە ژیانی پڕ ئازار و ناخۆشی و بەربەرەکانێی خەباتی چەندین سەدەی مێژووی کۆن و تازە وای لە کورد کردبێت، کە حەز بە ئازایی بکات؟

Aقارەمانی و وووریایی Bئازایی و بەجەرگی Cقارەمانی و ئازایی Dقارەمانی و نەبەزین

3- ئازایی و لەخۆبوردن بووە بەبەشێك لە ژیان و خوڕەوشتی کورد، کە ئەمەش بەچی دادەنرێت؟

Aخاسیەتەکانی تاك Bخاسیەتەکانی گەل Cتایبەتمەندییەکانی نەتەوە Dتایبەتمەندییەکانی تاك

**نموونەی داستانی کوردیی:**

**یەکەم/ داستانی کوردیی: ((سوارۆ، خانزاد، شەریف هەمەوەند، عەزیز و تەکش، گەنج خەلیل، جاجی سادقی برۆ، ئەمینی پەریخان، خەلیل خۆشەوی، کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند، خەج و سیامەند، مەمی ئالان، مەم و زین))**

**دووەم/ لاوکی ئەم سەدەیە: ((شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحمود، قازی محمەد))**

**سێیەم/ ئەو داستانە کۆنانەی دەربارەی قارەمانی خەیاڵی هەیە: ((ڕۆستەمی زاڵ و زۆراب، گیو و فلاّمەرز))**

**چوارەم/ ئەو داستانانەی قوربانیدانی بەکۆمەڵی خەڵك پیشاندەدەن: ((دوازدە سوارەی مەریوان، قەڵای دمدم))**

-لە داستانی (قەڵای دمدم)دا، هەرچەندە (خانی لەپزێڕین) بووە قارەمانی داستانەکە، بەڵام بەربەرەکانێنی خەڵکی ناو قەڵا بوو بەدێری هەڵبەست.

-ئازایی کوردان لە بەربەرەکانێی عوسمانییەکاندا، لە پاڵ فۆلکلۆردا، لە شیعری میللی (عەلی بەردەشانی)دا، لە بەیتی ((ئەوڕەحمان پاشای بەبە)دا، دیارە. هەروەها بەربەرەکانێی زۆر لە هۆنراوەکانی (سالی ساحێب قڕان) بە تایبەتی لە داستانی (عەزیز بەگی بابان)دا دیارە.

**نموونەیەك لە داستانی قارەمانێتی: ( قارەمانی بەکۆمەڵ )**

**داستانی ( سوارۆ )**

**لەشکرێك هەڵستاوە لەشکری ( شام ) و ( شیرازان ) پێشی دەشتە سەر عەسکەران دوایی ڕادەوەستان**
**لەســـــەر چۆمی ( کــــــافوور ) و ( ئارازان ) دەپەرییەوە بە حوکمی کـــەڵـــەك و گەمیان**
**کیژ دەڵـــــێ: دەســـــــتی من و دامێن بــێ زینــــان بـــــــەرنـــە کن سەراجان**
**شـــــیران بەرنە کن شـــــــین گــەران تفەنگــــــان بەرنە کن چەخماخ ســـازان**

**دووەم/ داستانی دڵداری:**

شاعیری گەورەی کورد (ئەحمەدی خانی) لە داستانی (مەم و زین)دا وەڵامی ئەو پرسیارانەی داوەتەوە، کە بۆ چی مەم و زینی لە ئەدەبی سەرزارییەوە هێناوەتەوە ناو دێڕی هۆنراوەوە.

**هەم ئەهلی نەزەر نەبین کو کرمانج عەشـقی نەکرن ژبۆ خوە ئارمانج**
**تێکدا نەتــــــالبین نە مەتلوب ڤێکرا نە موحیبن ئەو نەموحبووب**
**بێ بەهرەنە ئەو ژعەشــــقبازی فــــــارغ ژحەقیقی و مەجازی**

**ئەحمەدی خانی لە داستانی (مەموزین)دا، وەڵامی دوژمنانی کوردی داوەتەوە:**

**یەکەم/ دوژمنانی کورد هەمیشە کوردیان بە خوێنڕێژ نیشانداوە، وتویانە: کورد گەلێکی دڕندەیە.**

**دووەم/ کورد هەمیشە لە پێناوی پاراستنی خاکی خۆیدا کوژراوە و نەچۆتە سەر خاکی کەس.**

**سێیەم/ کورد زۆرباش مانای خۆشەویستی دەزانێت. بۆیە گۆرانی بێژانی کورد لەگەڵ داستانی قارەمانێتیدا، گەلێك چیرۆکی خۆشەویستی و سۆزی دڵداری و بیری بەرزی مرۆڤایەتی باس دەکات.**

4- داستانی دڵداری جیهانی و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی سۆزێکی تایبەت و هەستێکی قوڵ و ڕاستگۆیی تێدایە، لە داستانی کوردیدا چیکەش هەیە؟

Aبەخشندەیی　　Bئازایی و فیداکاری　　Cچاونەترسی　　Dئازایی و بوێری

5- لە داستانی دڵداری (خەج و سیامەند)دا، وێنەی چی تێدایە؟

Aئازایەتی　　Bپاڵەوانێتی　　Cبەخشندەیی　　Dخۆبەختکردن

6- لە داستانی دڵداریدا، لە پشت پەردەی خۆشەویستی و دڵدارییەوە، چ هەستێ دەبێتە هاواری نارەزایی بەرامبەر ڕەنجخۆر و زۆرداران؟

Aهەستی قوڵی زەحمەتکێشان　　Bهەستی نەتەوە　　Cهەستی شۆڕشگێڕان　　Dهەستی شاعیران

هەندێك نموونەی داستانی دڵداری کوردی: ((خەج و سیامەند، لاس و خەزاڵ، باران و گوڵئەندام، مێر و وەفا، حەسۆ و زلێخ، ناسر وماڵماڵ))

**شیرین و خەسرەو**

1- ناوی ئەو داستانە چییە کە باسی خۆشەویستی بێوێنە دەکات، لە نێوان خەسرەوەی کوڕی پەروێز و (شیرین)ی برازای (شەمیرا)ی شاژنی ناوچەی (مەهستان)؟

A شیرێن و فەرهاد　　Bشیرین و خەسرەو　　Cمەم و زین　　Dخەج و سیامەند

2- داستانی (شیرین و خوسرەو) ئەنجامەکەی چۆن بوو؟

Aبە شێوەی کۆمیدیا کۆتایی هات　　Bبە شێوەی تراژیدیا کۆتایی هات

Cبە شێوەی ئاسایی کۆتایی هات　　Dبەشێوەی کفتوگۆ کۆتایی هات

3- داستانی (شیرین و خوسرەو) وێنەیەکی خۆشەویستیی چۆن دەخاتە ڕوو؟

Aداوێن پیسانە　　Bداوێن پاکانە　　Cبێگەرد　　Dخۆشەویستی ئاسایی

4- لە داستانی (شیرین و خوسرەو)دا، چ کەسایەتییەکی تر دێتە ناوەوە، کە مەرجی وای بەسەردا دەسەپێنن کە لە توانای مرۆڤدا نییە؟

Aشێرەوەی　　Bخوسرەو　　Cفەرهاد　　Dهیچیان

5- چ داستانێك بە شێوەی زاری گۆران لە لایەن (خانای قوبادی و ئەمیر خەسرەوی دەهلەوی)یەوە نووسراوە؟

Aشیرین و فەرهاد　　Bشیرین و خوسرەو　　Cلەیل و مەجنوون　　Dناسر و ماڵ ماڵ

کتێبخانەی هەولێر

6- داستانی (شیرین و خوسرەو)ی خانای قوبادی چەند دێڕە؟

A 5527    B 5526    C 2755    D 2655

**نموونەیەك لە داستانی (شیرین و خوسرەو)ی خانای قوبادی**

**شیرین جەی گوفتـــــار دەروونش جۆشا    چون بەحری قولزم جەقــــین خرۆشا**
**پە نجەی ڕەنگین بەرد جەخیشم پەروێز    پارەکەرد یەخەش چون غونچەی نەوخێز**
**جە جامی نێرگز ئەو ســـیمین عوزار    بەرگی سەمەن کەرد بە لالـــەی بەهار**

**مەم و زین**

7- هەمیشە داستانی (مەم و زین) لە گەڵ ناوی چ شاعیرێکدا دێت؟

A مەلای جزیری    B ئەحمەدی خانی    C نالی    D مەلا مەحمودی بایەزیدی

8- ئەحمەدی خانی ناوەرۆکی داستانی (مەم و زین)ی لە چ حیکایەتێکی سەرزاری خەڵکییەوە وەرگرتووە؟

A مەم و زین    B مەمی ئالان    C خەج و سامەند    D خانزاد و لەشکرەکەی

9- ئەحمەدی خانی داستانی (مەم و زین)ی بە چەند دێڕ هۆنراوە نووسیوە؟

A 2555    B 2556    C 2550    D 2525

10- ئەحمەدی خانی لە پێشەکی داستانی (مەم و زین)دا کە (188) دێرە، باسی چی دەکات؟

A ئایین و فەلسەفە    B مەدح و زەم    C بیری نەتەوایەتی    D ئایین، فەلسەفە، تەسەوف و مەدح

11- ئەحمەدی خانی لە داستانی (مەم و زین)دا، بە چەند دێڕ باسی کوردایەتی و هۆی دانانی پەرتوکەکەی کردووە؟

A 188    B 173    C 1948    D 246

12 - ئەحمەدی خانی ناوەرۆکی چیرۆکەکەی کەباسی ئەڤینی دەکات، لە داستانی (مەم و زین)دا، بە چەند دێڕ نووسیوە؟

A 188    B 173    C 1948    D 246

13- ئەحمەدی خانی کۆتایی داستانی (مەم و زین)ی بە چەند دێڕ نووسیوە؟

A 188    B 173    C 1948    D 246

**مەم ز زینی خانی چەند سیفەت و ئەدگاری پێوە دیارە:**

یەکەم/ وشەی بێگانەی زۆر تیایە بە تایەبەتی(عەرەبی).

دووەم/ زۆر وشەی لە بەشە شێوەزارەکانی تری کرمانجی ژووروی تێدایە، وادیارە خانی شارەزای هەموو شێوەزارەکانی ژووروو بووە.

سێیەم/ بە زمانێکی سادە و ئاسان و ڕەوان نووسراوە.

چوارەم/ سەروای شیعری (مەم ز زین) (مەسنەوی)یە.

14 - خانی لە داستانی (مەم و زین)دا، وشەی بیانی بەکارهێناوە بە تایبەتی وشەی؟

A عەرەبی    B تورکی    C فارسی    D ئەرمەنی

15- خانی لە داستانی (مەم و زین)دا، وشەی چ شێوەزارێکی زۆر بەکارهێناوە؟

Aکرمانجی ژووروو Bکرمانجی خواروو Cلوڕی D گۆرانی

16- خانی لە داستانی (مەم و زین)دا، زمانی نووسینی چۆن بووە؟

Aزمانی قورس و گران Bسادە و ئاسان و ڕەوان Cزمانێکی تێکەڵ D زمانی بیانی

**خانی دەستکاری زۆری ناوەڕۆکی داستانی ( مەمی ئالان )ی کردووە:**

یەکەم/ زۆر دیمەنی ئەفسانەیی لە چیرۆکەکە لابردووە.

دووەم/ دەستکاری کات و شوێنی ڕووداوەکانی کردووە، چیرۆکەکەی لە ڕۆژی نەورۆزدا دەستپێدەکات، هەروەها شاری جزیرەی کردووە بە شوێنی ڕووداوەکان، مەم و زینی کردووە بە خەڵکی جزیرە.

سێیەم/ناوی کەسانی ناو داستانەکەی گۆڕیوە، (میر ئەڤزین)ی کرووە بە (میر زێندین).

چوارەم/داستانە فۆلکلۆرییەکەی خستۆتە سەر شێوەی (داستانی شیعری)، بۆیە چۆتە ڕیزی ئەدەبیاتی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتییەوە.

17- خانی لە داستانی (مەم و زین)دا، بە زۆری چ دیمەنێکی لابردووە؟

Aئەفسانە Bچیرۆك Cڕاستەقینە D بیروباوەڕی کۆنەپەرستانە

18- خانی لە داستانی (مەم و زین) دا، دەستکاری کات و شوێنی چۆن کردووە؟

Aدەستکاری کات و شوێنی نەکردووە Bدەستکاری کات و شوێنی کردووە Cوەك خۆی کات و شوێنی هێشتۆتەوە D هیچیان

19- خانی لە داستانی (مەم و زین)دا، کەسایەتی ناو داستانەکەی چی لێکردووە؟

Aکەسایەتییەکانی وەك خۆی هێشتۆتەوە Bکەسایەتییەکانی گۆڕیوە

Cکەسایەتی ئەفسانەیی داناوە D کەسایەتی خەیاڵی داناوە

20- خانی لە داستانی (مەم و زین)دا، داستانەکەی خستۆتە سەر چ شێوەیەك؟

Aداستانی خەیاڵی Bداستانی ڕاستەقینە C داستانی شیعری D چیرۆکی شیعری

**مەبەستی خانی لە دانانی داستانی ( مەم و زین ) دووشتی سەرەکییە :**

بەرگری کردن لە بیروباوەڕی (تەسەوف، فەلسەفە و نەتەوەیی) خۆی بکات، هەروەها چی لە دڵیدایە دەری ببڕێت، دەربارەی ژیانی کورد و پرسی نەتەوەیی.

**شەرحا غەمێ دڵ بکەم فەسانە زینێ ئۆ مەمێ بکەم بەهانە**

21- خانی لە داستانی (مەم و زین)دا، بەرگری لە چ بیروباوەڕێك کردووە؟

Aتەسەوف فەلسەفە و نەتەوەیی Bخەیاڵی C ئایینی و نەتەوەیی D تەسەوف ئایینی نەتەوەیی

22- خانی لە داستانی (مەم و زین)دا، وستویەتی چی جێگیر بکات؟

Aکورد خاوەنی میراتی گیانییە Bکورد خاوەنی نەتەوەیە

C کورد خاوەنی چیرۆك و داستانە D کورد خۆشەویستی و دڵداری دەزانێت

**حەوتەم پەندی پێشینان:** بەرهەمێکی فۆلکلۆری زۆر کۆنی باوباپیرمانە.

پەندی پێشینان: بە چەند ڕستەیەکی ئاسان و ڕستەیەکی کورت، سەربوردە و سەرگوزەشتەی چەندین کەس پیشاندەدات، ناوەرۆکی چەندین بەسەرهات و ڕووداو ڕوون دەکاتەوە، هەوێنی زۆر ئەزمون دەداتە دەست، بە ئامۆژگاری گەش و پرسوود، واتای قوڵ و پرشنگدار، مەیدانی ژین ڕووناك دەکاتەوە.

1- ئەو بەشەی ئەدەبی فۆلکلۆر چییە کە لە ئەنجامی ئەو بەسەرهات و کارەساتانەی ژیان کەبەسەریان هاتووە، یان چەند ڕستەیەکی کورت و ڕەوانە، بە هەڵبەستی سادە و ئاسان زیرەکی خۆیان پیشانداوە؟

Aمەتەڵ Bپەندی پێشینان C گۆرانی D ئەفسانە

2- هەر نەتەوەیەك پەندی پێشینانی خۆی هەیە، ساڵەهای ساڵ چ شتێکی ڕۆڵەکانی دەئاخنێتە ناو وشەکانییەوە؟

Aفۆلکلۆر Bدابونەریت C ئەفسانە D بیروخەیاڵات

هەواڵنامەی کتێب

### تایبە تمەندی پەندی کوردیی:

یەکەم/ ئاوێنەی هەزاران ساڵەی نەتەوەی کوردە.

دووەم/ پێوەرن بۆ پێوانی ڕادەی هۆشیاریی و کارامەیی و لێهاتویی ڕۆڵەکانی کورد.

سێیەم/ لە زۆر بواردا، بۆتە ڕابەر و ڕێنیشاندەری خەڵك، هەروەها چارەی بۆ کێشەکانیان دۆزیوەتەوە.

چوارەم/ خورەوشت و ڕەفتاری چاکی لەناو گەلدا چەسپاندووە.

پێنجەم/ پەندی کوردی وشەی ڕەسەنی کوردی دەگرێتەخۆ.

نموونە بۆ پەندی پێشنانی کوردی:

(( چ بچێنی ئەوە دەدووریتەوە، چ بکەی کارێ ئەوە دێهێتە خارێ، گرێی دەستا مەدە بەر ددانان، ئەو گرێیا ب دەستان ڤەدبیت بددانان ڤەنەکە، گۆشتی ڕانی خۆت بخۆ منەتی قەساب هەڵمەگرە، دەستی ماندوو لەسەر زکی تێرە، ڕاستی دناڤ ئاگریدا نا سوژیت، ڕاستبە و ڕێی شێر بگرە)).

## لێكۆڵینەوەی تازەی ئەدەبی كوردیی:

3- سەرچاوەی ئەدەبیاتی كوردی، وەك ئەدەبیاتی گەلانی تر دەچێتەوە سەر چ جۆرە ئەدەبێك؟

Aكلاسیك		Bڕۆمانتیك		C میللی		D فۆلكلۆر

پرسیار/ ئەدەبی فۆلكلۆر لە ئەدەبی نووسراو كۆنترە، ئەدەبی نووسراوی كوردی كەی دەستپێدەكات؟

وەڵام/ ڕای یەكەم: هەندێك لە زانایان سەرەتا ئەدەبی كوردی دەبەنەوە بۆ پێش ئیسلام، بەڵام بەڵگەی ئاشكرا بۆ ئەو هۆنراوانە نابینرێت.

ڕای دووەم: سەردەمی سەلجوقییەكان، بەسەرەتایەكی ڕوونی بێ گومانی هۆنراوەی كوردی دادەنرێت. چەنكە نەتەوە نا عەرەبە موسڵمانەكان چوونەوە سەر زمانی زكماكی خۆیان، كوردیش ئەدەبیاتی نووسراوی پەیدابوو.

**شارەزایانی ئەدەبیاتی كوردی، پلەكانی ئەدەبی كوردی بەچەند جۆرێك دابەشدەكەن**

**یەكەم/ بە پێی شێوەی زاراوەكان:** هەندێكیان تەماشای ئەو شێوە زامانە دەكەن كە بەرهەمی پێنووسراوە، ئەمەش پەیوەندی بە مێژووی كورد و میرنشینەكانیەوە هەیە. چوار پلەی ئاشكرا بۆ ئەدەبیاتی كوردی دادەنرێت، یان دەیكەنە چوار شێوەزار:

1-ئەدەبیاتی شێوەی لوڕ.

2- ئەدەبیاتی شێوەی گۆران.

3- دەبیاتی شێوەی كرمانجی ژووروو .

4- ئەدەبیاتی شێوە كرمانجی خواروو .

**دووەم/ بە پێی ساڵی لەدایكبوون:** بە پێی ساڵی لەدایكبوون و مردن، بەڕیز باسی شاعیران و نووسەران و بەرهەمیان دەكەن. **سێیەم/ بە پێی قوتا بخانەی ئەدەبی:** بەپێی قوتابخانە و پەیڕەوی ئەدەبی سنوورێك بۆ چەشنەكانی ئەدەبیاتی كوردی دادەنێن.

4- كۆمەڵە هونەر و نووسەرێكیەك ڕێبازیان هەبێت، لە ڕووی ئەو بیر و باسانەوە كە دەری دەبڕن، نزیك یەكبن؟

Aڕێبازی ئەدەبی		Bشیعری میللی		C داستانی فۆلكلۆری		D ئەفسانی كوردی

**قوتا بخانەی كلاسیك ( ڕێبازی كلاسیك ):**		(كلاسیك بریتییە لە لاساییكردنەوە)

5- كۆمەڵە نووسەرێك لەسەر یەك ڕێچكە دەڕۆن، كەڵێك كەس پێش ئەوان لەسەری ڕۆیشتووە، لاسایی ئەوان دەكەنەوە، گرنگی بە ڕووخسار و وشەكاری دەدەن؟

Aقوتابخانەی كلاسیك		Bقوتابخانەی ڕۆمانتیك		C قوتابخانەی میللی		D داستانی شیعری

6- بە تێكڕا ئەدەبیاتی نووسراوی كوردی، لەسەردەمی سەلجوقییەكانەوە تا جەنگی یەكەمی جیهان، بەر چ قوتابخانەیەكی ئەدەبی دەكەوێ؟

Aقوتابخانەی كلاسیك		Bقوتابخانەی ڕۆمانتیك		C قوتابخانەی میللی		D داستانی شیعری

-چ سەردەمێك بەسەرەتایەكی ڕوون و بێگومانی هۆنراوەی كوردی دادەنرێت؟

Aسەردەمی ئەمەوی		B سەردەمی عوسمانی		C سەردەمی سەلجوقی		D سەردەمی عەباسی

7- داستانە کۆنە کوردییەکان کە بە زاراوەی (هەورامی) یان بە زاراوەی کرمانجی ژووروو (بەشی بۆتانی) تێکرا دەچنە چ قوتابخانەیەکی ئەدەبییەوە؟

Aقوتابخانەی کلاسیك    Bقوتابخانەی ڕۆمانتیك    C قوتابخانەی میللی    D داستانی شیعری

**نموونەی هۆنراوەی کلاسیکی ( نالی )**

**هەر چەندە کە عومری خدر و جامی جەمت بوو    چەنکە ئەمەلت زۆربوو چ عومرێکی کەمت بوو**
**ئەی جامیعی دنیا و قیامەت بە خــــەیاڵات    ئەو ڕۆژە کە مردی نە ئەوت بوو نە ئـەمت بوو**
**بێزارە ئێستە لە تۆ هەم ئاغووشی عـەدووتە    دونیا کە لە کن خۆت حەۆمی موحتەرەمت بوو**

**قوتا بخانەی ڕۆمانتیکی ( ڕێبازی ڕۆمانتیکی ):**

8- بریتییە لەهیوا و ئاوات و نا ئومێدی و فرمێسك ڕشتن؟

Aقوتابخانەی کلاسیك    Bقوتابخانەی ڕۆمانتیك    C قوتابخانەی میللی    D داستانی شیعری

9- ئەدەبی ڕۆمانتیکی خەیاڵی فراوانی تێدایە و گرنگی بە چی دەدات؟

Aڕووخسار    Bناوەرۆك    C کێشی عەرووز    D ئەدەبی سەرزاری

10- ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی کوردی بە هیوا و ئاوات دەربڕین، گەڕانەوە بەرەودواوە، جیاوازبووە لە ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی کوێ؟

Aئەورووپی    Bئاسیایی    C بەریتانی    D فەڕەنسی

11- ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی ئەورووپی بەستراوە بە چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵەوە، ئەو چینە کامەیە؟

Aچینی فەقیر و هەژار    Bچینی بۆرژوازی    C چینی دەسەڵاتدار    D چینی جوتیار و کرێکار

12- ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی کوردی بەستراوە بە هەموو گەلی کوردەوە، هیوا و ئاواتی هۆنەرانی کورد چی بووە؟

Aسەرکەوتنی گەل    Bپێشکەوتنی گەل    C ئەفسانە و خەیاڵاتی گەل    D داستانی میللی

13- ئەدەبی ڕۆمانتیکی کوردی کەی سەری هەڵدا؟

Aدوای جەنگی یەکەمی جیهان    Bدوای جەنگی یەکەمی جیهان    C سەدەی نۆزدە    D سەرەتای سەدەی بیست

**نموونەی هۆنراوەی ڕۆمانتیکی**

**خەندەکەی بایی**

**لە ئافاقی ژیانی نـــــــا ئومێدیم خەندەکەی بایی    فریشتەی پاکی هیوامی نیشاندام وا کە بیدوێنم**
**پریشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی    بە سۆزی هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕ خوێنم**
**دەسا ئەی مەسدەری هەستی    دەخێرا لادەری پەستـی    وەرە تا من بە ڕازی تۆ نەمامی شــــادی بڕوێنم**

**قوتابخانەی ڕیالیزمی (ڕێبازی ڕیالیزمی):** (ڕیالیزم ئاوێنەی ژیانە)

1- ژیان بە هەموو دیمەن و واتای قوڵ و بەرینیەوە، بە چاوی ئەم هونەرمەند بان ئەو نووسەر و شاعیر پیشاندەدات؟

Aقوتابخانەی کلاسیک Bقوتابخانەی ڕۆمانتیك C قوتابخانەی میللی D داستانی شیعری

2- لە قوتابخانەی ڕیالیزمدا، هونەرمەندی ڕاستەقینە ئەوەیە کە هونەر و بەرهەمەکەی دەبەستێت بە چییەوە؟

Aمیللەت Bخەڵکەوە C بەشێکی کۆمەڵگە D بە تاکە کەس

3- ئەدەبی ڕیالیزم گرنگی بە چی دەدات؟

Aڕوخسار Bناوەرۆك C ڕووخسار و ناوەرۆك D کێشی برگەیی

4- ئەدەبیاتی ڕیالیزمی کوردی لەبەر ئەوەی پێویستییەکی ژیان هێناویەتییە کایەوە،بیرە پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ چی؟

Aوشەی بیانی Bزمانی زکماك C وشەی کوردی پەتی D کێشی برگەیی

**کەی قوتابخانەی ڕیالیزمی کوردی سەری هەڵدا**

5- ئەدەبی ڕیالیزمی کوردی کەی سەری هەڵدا.

A نێوان دوو جەنگی جیهانی Bسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم C سەرەتای جەنگی جیهانی دووەم D پاش جەنگی جیهانی دووەم

6- ئەدەبی ڕیالیزمی کوردی کەی چەسپا و جێگیر بوو؟

Aنێوان دوو جەنگی جیهانی Bسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم C سەرەتای جەنگی جیهانی دووەم D پاش جەنگی جیهانی دووەم

**هۆیەکانی سەرکەوتنی ئەدەبی ڕیالیزمی کوردی**

یەکەم/ هۆ دەرەکییەکان:

1-ژێرکەوتنی بەری فاشیزم.

2- سەرکەوتنی بەرەی دیموکراسی.

3- سەربەخۆبوونی گەلێك لە وڵاتان وەك هیندستان و ئەندەنووسیا.

4- کشانەوەی سووپای بێگانە لە سووریا و لوبنان.

5- سەرکەوتنی چینی کرێکار لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و چیندا.

6- پێکهاتنی بەرەیەکی مەزنی سوسیالیستی.

دووەم/ هۆی ناوەوە (ناوەکییەکان):

درووستبوونی کۆماری کوردستان لە مهاباد و لە ناوچوونی ئەو کۆمارە بە دەستی ئیمپریالیزمی جیهان و کۆنەپەرستانی ئێران.

ئەمانە کارێکی گرنگیان کردە سەر ئەدەبیاتی کورد.

باسەکانی ئەدەبیاتی ڕیالیزمی کوردی

یەکەم/ باسی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و هۆی دواکەوتنی کوردەواری.

دووەم/ ژیانی جوتیار ی کورد و دیمەنی ڕەنج کێشان و ڕەنج بردنی و (کێشەی نێوان جووتیار و دەرەبەگ و دیمەنی خەباتی جوتیاری کورد.

سێیەم/ ژیانی کرێکاران و ڕەنگدانەوەی پەیدابوون و گەشەسەندنی چینی کرێکار لەناو کوردا.

چوار/ خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد لە پێناوی مافی نەتەوەیدا.

کتێبی هەموو ئاستەکان

7- ئەو وێنە تازەیەی کە بە ڕاستی بەرەو ئەوە دەڕوات کە لەگەڵ ڕێبازی ڕیالیزمی ئەدەبی جیهانی یەك دەگرێتەوە کامەیە؟

Aدیمەنی ئافرەت و سرووشت Bدیمەنی ئافرەت C سرووشت D داستان

8- ڕێبازی ڕیالیزم تەنیا لە هۆنراوەدا دەرنەکەوت بەڵکو لە چ شتێکی تردا دەرکەوت؟

Aپەخشان Bدراما C شانۆ D داستان

9- پەخشان لە ئەدەبی کوردیدا چ سەدەیەم سەری هەڵدا؟

Aسەدەی نۆزدە Bسەدەی بیست C سەدەی هەژدە D سەدەی حەڤدە

محەمەد شێخ حوسێن بەرزنجی (ع.ح.ب) لە هۆنراوەکەدا ژیانی زەحمەتکێشان دەخاتەڕوو:

**پەندی برسی**

**شەو و ڕۆژ من عەرد ئـەکێڵم بەدوای ئیش کـردنا وێڵم**

**لە دەست برسێتی ڕائـەکەم ئەم لا ئەکەم ئەو لا ئەکەم**

**نەنان نە ئیش هیچیان نییە نازانم هۆی ئەمە چیـــیە**

هەوالنامەی کتێب

**یەکەم: حاجی قادری کۆیی**

1 - ساڵی لەدایکبوون و مردنی حاجی قادری کۆیی کەی بووە؟

A 1817 – 1898　B 1817- 1897　C 1817- 1890　D 1817 – 1800

2- حاجی قادری کۆیی لە چ شوێنێ لەدایکبووە؟

Aجزیرە و بۆتان　Bگۆڕقەرەج　C سلێمانی　D هەڵەبجە

3- حاجی قادری کۆیی لە کوێ کۆچی دوایی کردووە؟

Aسلێمانی　B کۆیە　C هەولێر　D ئەستەمبوڵ

4- چ شاعیرێکی کورد نەتەوەپەرست و نیشتیمان پەروەربووە؟

Aحاجی قادری کۆیی　Bجەلادەت بەدرخان　C مەلای جزیری　D نالی

5- حاجی قادری کۆیی تا ئەو کاتە نەچووبووە ئەستەمبوڵ، مەبەستە شیعرییەکانی چی بووە؟

Aدڵداری و ئەڤینی　Bنەتەوەیی　C وەسف　D لاواندنەوە

6- حاجی قادری کۆیی ئەو کاتەی چووبووە ئەستەمبوڵ، بنەماڵەی بەدرخانەکانی ناسی، مەبەستە شیعرییەکانی چی بووە؟

Aدڵداری و ئەڤینی　Bنەتەوەیی و کۆمەڵایەتی　C وەسف　D لاواندنەوە

**وەرچەرخانی حاجی قادری کۆیی بەلای شیعری ( نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی )، چ هۆکارێکی هەبوو**

**یەکەم/** حاجی لە ئەستەمبوڵ کەوتە ناو ژیانێکی نوێوە، چونکە ئەو کاتە ئەستەمبوڵ جێی کۆبوونەوەی ئازادیخوازانی وڵاتی عوسمانی بوو، ئاگای لە تێکۆشانی نەتەوە ژێردەستەکانی عوسمانی بوو.

**دووەم/** حاجی لە ئەستەمبوڵ تووشی بنەماڵەی کورد پەروەر (بەدرخانەکان) بوو، مامۆستای کوڕەکانی ئەو بنەماڵەیە بوو.

**سێیەم/** حاجی لە ئەستەمبوڵ (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی دەستکەوت و خوێندەوە.

**چوارەم/** دیارە ئاوارەبوون و دوورکەوتنەوە لە زێدی باوباپیران کارێکی گەورەدەکاتە سەر مرۆڤ، وادەکات کە هەمیشە هەست و هۆشی لای وڵات و شارەکەی بێت. حاجی قادری کۆیی بەیەکەم شاعیری نەتەوەیی دانانرێت، چونکە پێش ئەو ئەحمەدی خانی 1650 – 1706 ڕابەری شیعری نەتەوەییە لە ئەدەبی کوردیدا.

**تێبینی/ بۆچی حاجی قادری کۆیی بەیەکەم شاعیری نەتەوەیی دانانرێت؟**

**وەڵام: چونکە ئەحمەدی خانی ڕابەری بیری نەتەوەیی کوردە، یەکەم کەس ئەو باسی بیری نەتەوایەتی کردووە.**

**حاجی قادری کۆیی سەرەڕای دەستنیشانکردنی دەردە کۆمەڵایەتییەکان، چارەسەریشیان بۆ دەدۆزێتەوە**

**یەکەم/** دەردێکی کوشیندەی لای کورد دەستنیشانکردووە، کە دووبەرەکی و ناتەبایی و دوژمنایەتی کردنی یەکترییە.دەرمانی دەردەکەی ڕێك کەوتن و یەکڕیزییە.

تارێکنەکەوت قەبیلی ئەکراد      هەروا دەبنە خەرابە ئاوات

**دووەم/** دوژمنی سەرەکی دیاریکردووە کە تەماحکار و داگیرکارانی کوردستانە.بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان چەك بە چارەسەر دەزانێت.

سەلاحی ئێوە ئیستێکە سیلاحە      تەماعی گەورەیی بێ چەك نەکەن نەك

**سێیەم/** حاجی وەك ڕووناکبیرێکی تازە زانست و چەکی بەیەکەوە کردووە بە دوو مەرجی سەرەکی بۆ خەبات و بەگژاچوونەوەی دوژمن.      بەشیر و خامە دەوڵەت پایەدارە      ئەمن خامەم هەیە شیر نادیارە

**چوارەم/** پێکهێنانی حیزب و ژیانی پارتایەتی، تەکبیرکردن و پەیداکردنی چەك و تفاقی شەڕ مەرجی سەرکەوتنە.

**پێنجەم/** پێویستە گەل بە دەوری سەرکردیەکەوە کۆبێتەوە، کە ئەو سەرکردەیە وەك ڕابەریان بێت و بەرەو ئامانجیان ببات.

**لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم، کەسێکی هائیم و حەیران      بەهیئەت تێگەیم کوردە بەشێوە ئەهلی کوردســـــتان**

**کەچوومە خزمەتی پرسیم برادەر خەڵکی کام جێگای      لە کام لا هاتووی؟ گریا : گوتی: بابان! گوتم : بابان؟**

**دڵم داوە گوتم: باوکە هەموومان بێکەســـین لێرە      چ قەوماوە، گەلێ حەیفە، مەگریێ هەروەکو بـــاران**

## دووەم/ وەلی دێوانە

1- ساڵی لەدایكبوون و مردنی كەی بووە؟

A 1881 – 1826    B1881- 1825    C 1882 – 1826    D 1883 – 1826

2- وەلید دێوانە لە ناوچەی بەكراوا، لە چ شارێك لەدایكبووە؟

Aسلێمانی    Bهەڵەبجە    C كەركوك    D ڕەواندز

3- وەلید دێوانە لە تیرەی میكایلییە سەر بە چ تیرەیەك؟

Aهەمەوەند    Bجاف    C كافرۆش    D میرلودەلی

4- (شەمسە یان شەم) خۆشەویستی چ شاعرێك بووە؟

Aسالم    Bنالی    C مەلای جزیری    D وەلی دێوانە

5- هۆنراوەكانی وەلی دێوانە زیاتر چ مەبەستێك بووە؟

Aلاواندنەوە    Bوەسف    C دڵداری و ئەڤینی    D داشۆرین

6- زمانی شیعری لای وەلی دێوانە چۆن بووە؟

Aڕەوان و سادە و ئاسان    B زمانی قورس و گران    C زمانی زبر و ڕەق    D زمانی بێ گرێ و گۆڵ

7- وەلی دێوانە هۆنراوەكانی بە چ كێشێك وتووە؟

Aكێشی عەرووز    Bكێشی بڕگەیی    C سەروای مەسنەوەی    D هونەری شیعری

8- هۆنراوەكانی وەلی دێوانە زیاتر چەند بڕگەین؟

Aپێنج بڕگەیی    Bحەوت بڕگەیی    C دە بڕگەیی    D هەشت بڕگەیی

یاران نەجەرگم یاران نـــــەجەرگم    من شــــەم شێوەی تیران نەجەرگم

هەر وەخت كە مەیۆ ئـــــاكامی مەرگم    ئەمانەت كەفەن نەكەن وە بەرگم

بەو شەرت نەشۆرا حاشیەی ئەندامم    ئەواكـــــەم پێش بۆ زوخاو نەزامم

هەوالنامەی کتێب

## سێیەم/ پیرەمێرد

1- ساڵی لەدایکبوون و مردنی پیرەمێردی شاعیر کەی بووە؟

A 1867 – 1950 B 1867 – 1951 C 1856 -1950 D 1868 – 1950

2- حاجی تۆفیقی کوڕی مەحمود ئاغای مەسرەف، ناوی تەواوی چ شاعیرێکە؟

Aگۆران Bدیلان C پیرەمێرد D حاجی قادری کۆیی

3- پیرەمێردی شاعیر لە کوێ کۆچی دوایی کردووە؟

Aگردی مامەیارە Bهەڵەبجە C هەولێر D ڕەواندز

4- پیرەمێرد لە نووسینی چ زمانێکی بیانیدا، دەستێکی باڵای هەبووە؟

Aتورکی Bفارسی C عەرەبی D فەرەنسی

5- لە چ ساڵێکدا پیرەمێرد دەکرێتە ئەندامی مەجلیسی عالی؟

A 1899 B1898 C 1897 D 1896

6- پیرەمێرد لە ئەستەمبوڵ، چ ڕۆژنامەیەکی بەڕێوەبردووە؟

Aژین Bژیانەوە C کورد D گەلاوێژ

7- پیرەمێرد بووە بە قایمقامی چ شوێنێك؟ A هەکاری Bبایەزید C جولەمێرگ D بادینان

8- پیرەمێرد لە ساڵی 1918دا بووە بە پارێزگاری چ شارێك؟ Aدیاربەکر Bئەماسییە C ئەرزڕۆم D وان

9- لە ساڵی 1926دا، پیرەمێردی شاعیر لە شاروانی سلێمانی بووە بە سەرپەرشتیاری چ ڕۆژنامەیەك؟

Aژین Bژیان C کورد D گەلاوێژ

10- پیرەمێردی شاعیر لە ساڵی 1937دا، چاپخانە و ڕۆژنامەی دامەزراند بە ناوی؟

Aژین Bژیانەوە C کورد D گەلاوێژ

11- پیرەمێردی شاعیر باوەڕی تەواوی بە چی هەبووە؟

Aبیری نەتەوایەتی Bبیروباوەڕی ئایینی C زانست و خوێندەواری D هونەر و شیعر

12- پیرەمێردی شاعیر لای گرنگ بووە کە کچانی کورد بچنە کێ؟

Aقوتابخانە B شوێنی کارکردن C بواری سیاسییەوە D بواری کۆمەڵایەتییەوە

13- چ شاعیرێك جەژنی نەورۆزی زیندوو کردەوە؟ A گۆران B نالی C کوردی D پیرەمێرد

14- چ شاعیرێکی کورد هەولێدا نووسینی کوردی بکات بە پیتی لاتینی، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو؟

Aگۆران Bدیلان C کوردی D پیرەمێرد

تێبینی/ پیرەمێرد لە نووسینەکانیدا، کوردی ڕەوان و پەتی بەکارهێناوە، ژمارەیەکی زۆر چیرۆکی دانرا و وەرگێڕدراوی لە تووركییەوە هەیە، وەكو: ((دوانزە سوارەی مەریوا، مەم و زین، کەمانچە ژەن)).

شیعرەکانی پیرەمێرد دوو جۆرن:

یەکەم/ ڕێبازی کلاسیزم: ئەو کۆمەڵە شیعرەی کەدەکەونە ڕێبازی کلاسیکەوە، لە سەرەتای ژیانی شاعیر لە (ئەستەمبوڵ- تورکیا) دایناون، هەروەها لە ژێر کاریگەری شاعیران: (نالی، سالم، حاجی، مەولەو و حافزی شیرازی)دا بووە.

دووەم/ ڕێبازی ڕۆمانتیکی: هەنگاوێکی بەرەوپێشچوون بووە لای پیرەمێرد، هەروەها لە ژێر کاریگەری شیعرەکانی ((عەبدولحەق حامید و نامیق کەمال)ی تورکدا بووە.

15- پیرەمێرد شەیدای شیعرەکانی کێ بووە؟

Aمەولەوی Bوەلی دێوانە C نالی D دیلان

16- پیرەمێرد هۆنراوەکانی چەند بڕگەیی بوون؟

Aچوار بڕگەیی Bپێنج بڕگەیی C دە بڕگەیی D حەوت بڕگەیی

17- پیرەدێرد لە شیعری چەند قافیەیی دورکەوتۆتەوە؟

Aیەك قافیەیی B دوو قافیەیی C جووت سەروا D قافیەی ڕەنگاوڕەنگ

شێوەی (شیعری گۆرانی)

**گیانە وەنەوشە و چنوور لەگەڵ گوڵ سەودای دیدەنی تۆیان کەوتەسەر**

**هۆنراوەکانی پیرەمێرد بە تایبەتی و نووسینەکانی بەگشتی، سیماو ئەدگاری پێوەدیارە**

**یەکەم/** لە هۆنراوە و پەخشاندا، کوردی پەتی و ڕەوانی بەکار هێناوە.

**دووەم/** لە هۆنراوە و پەخشاندا، هەوڵیداوە لە کۆمەڵانی خەڵك نزیك ببێتەوە، بەرهەمی خۆی بە زمانیئەوان بنووسێت.

**سێیەم/** بۆ هەموو مەبەستەکان هۆنراوەی هەیە: وەکو (کۆمەڵایەتی، ئەڤینی، نیشتیمان پەروەری......)).

**چوارەم/** زوربەی هۆنراوەکانی مۆرکی خۆماڵیان پێوەیە، چونکە کەوتۆتە بەر کاریگەری شیعرەکانی مەولەوی و بێسارانی.

**پێنجەم/** بەشی زۆری هۆنراوەکانی دەکەونە خانەی ڕۆمانتیکەوە، چونکە کاریگەری ئەدەبی تورکی لەسەربووە.

**ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا**

**ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا لە ڕاستی موچەخۆری خۆی سوراحی سەر فرودێنێ لە بۆ پیاڵە کە تــێیکا بۆی**
**کە ئاو داری لەسەر سەر ڕاگرتووە ئەیزانی چی تیایە لە لای نەنگە پەروەردەی نوقم کا، گـــەورەیی وایە**
**لقی شۆڕی درەخت میوەی ئەخۆن بێ ئەرکی بەرد و دار پەلی بەرد بۆ پەلی بەرزەلەقەش بۆ سەر پەلی بەردا**

هەولێرنامەی کتێب

## چوارەم/ هەژار موکریانی

1- ساڵی لەدایکبوون و مردنی هەژار موکریانی کەی بووە؟

A 1902 – 1991 B 1900 – 1991 C 1920 – 1990 D 1903 – 1991

2- (عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلا محەممەد) ناوی تەواوی چ شاعیرێکە؟

A دیلان B گۆران C هەژار موکریانی D نالی

3- هەژار موکریانی لە چ شارێك لەدایکبووە؟

A ساباڵاخ B مهاباد C سەردەشت D بۆکان

4- هەژار موکریانی دوای ڕووخانی کۆماری مهاباد ڕوودەکاتە کوێ؟

A ئێران B ئێراق C ڕووسیا D تورکیا

5- هەژار موکریانی دڵدار نەبووە، بەڵکو عاشقی چی بووە؟

A ئافرەت B سلێمانی C کێو و دۆڵ و چیای کوردستان D دڵدارەکەی بووە

6- هەژار موکریانی بەرهەمێکی زۆری خراوەتە سەر زمانەکانی کوێ؟

A ئازەری B ڕووسی C ئازەری و ڕووسی D فارسی

هەولێرنامەی کتێب

### من و بولبول

بولبول ئەی یارەکەی دێرین خونچیلانەکەی دندوك زێڕین

هاوفەردی زووم بۆ هـــەژاری هـــــورێی پێشوم لە دڵداری

وەبیرت دێ پـــایزی پـــــار ڕەشپۆشی دەشت و زەردیی دار

## پێنجەم/ دیـــــــلان

1- (محەمەد ساڵح کوری مەلا ئەحمەدی دیلان کوڕی مەلا ساڵح کوڕی مەلا قادری شەوخوێن) ناوی تەواوی چ شاعیرێکە؟

Aقانع　　Bهەژار موکریانی　　C دیلان　　D گۆران

2- ساڵی لەدایکبوونی و مردنی دیلان کەی بووە؟

A 1927 – 1990　　B 1928 – 199　　C 1925 – 1990　　D 1927 – 1991

3- دیلان لە چ شارێك لەدایکبووە؟

Aهەولێر　　Bقەڵاچوالان　　C سلێمانی　　D ڕەواندز

4- کام شاعیرانەی کورد کاریان لە دیلانی شاعیر کردووە؟

Aمەولەوی حاجی قادری کۆیی Bمەولەوی، سالم، پیرەمێرد، حەمدی، گۆران و مەحوی C نالی، سالم، کوردی D مەلای جزیری

5- دیلان شاعیری سەدەی چەندەم بوو؟

Aنۆزدە　　B بیست　　C بیست و یەك　　D هەژدە

6- هەوێنی هۆنراوەکانی دیلانی شاعیر کە لە بەندیخانەی (کوت) بووە، چی بووە؟

Aنیشتیمان پەروەری و جوانی ووڵات　　Bئاییینی　　Cلاواندنەوە　　D وەسف

7- دیلان لە هۆنراوەکانیدا، زیاتر گرنگی بەچی داوە؟

Aڕوخسار　　Bکێش　　C ناوەڕۆك و بیر　　D سەروا

8- دیلان بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی، دەسەڵاتێکی باشی هەبووە، لە چیدا؟

Aناوەڕۆك　　Bڕووخسار　　C ڕەمز　　D کێشی بڕگەیی

9- هۆنراوەکانی دیلان سەر بە چ قوتابخانەیەکی ئەدەبییە؟

Aکلاسیك　　Bڕۆمانتیك　　C ڕیالیزم　　D ئەدەبی هاوچەرخ

**ناوەرۆکی هۆنراوەکانی دیلان**

یەکەم/ جوانی سرووشت:  دیلان شەیدای جوانی سروشتی کوردستان بووە، دڵدارێکی بێوێنەی دیمەنە ڕەنگینەکانی گوڵ و گوڵزاری بەهار بووە.

دووەم/ دڵداری و جوانیی ئافرەت:خۆشەویستی ئافرەت و جوانی ئافرەت هەستێکی قوڵ و سۆزێکی بەتین و کاریگەر لە هۆنراوەکانیدا دیارە.

سێیەم/ نیشتیمان پەروەری و نەتەواسەتی: دیلان پەروەردەی بزوتنەوەی نیشتیمان پەروەری و خەباتی  ئازادیخوازانەی دوای جەنگی دووەمی جیهان بووە، هۆنراوەکانی ئاوێنەیەکی ڕوونی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلەکەمانی تیا ڕەنگ داوەتەوە. هەروەها خەباتی گەلانی (ئاسیا و ئەفەریقا و گەلانی لاتین بە خەباتی گەلی کوردەوە دەبەستێتەوە.

هەولێر کتێب

10- نەخشەی تابلۆیەکی سروشت یان وەسف کردنی دیمەنێکی سروشت لای دیلان دەبێتە چی؟

Aداهێنان Bسەرکەوتن C وەرچەرخانی ئەدەبی D بەرزنرخاندنی ئەدەب

11- پەیوەندی گیانی شاعیر دیلان و سروشت دەگەڕێتەوە بۆچی؟

Aخۆشەویستی نیشتیمان و سروشت Bگیانبازی C هەستی ئایینی D بیروبۆچوونی شۆڕشگێڕانە

12- دیلان وەسفی ئافرەت دەکات و دەسبەستێتەوە بە چییەوە؟

Aکۆنەپەرستییەوە Bکۆڕی تێکۆشان C خوێندەواری D نەزانی و دواکەوتووییەوە

13- دیلان چ جۆری کێشێکی بەکارهێناوە؟

Aکێشی عەرووز Bکێشی برگەیی (پەنجە) C جووت سەروا D سەروا

12- دیلان لە چ گەڕەکێك لەدایکبووە؟

Aچوارباخ B مەلکەنی C گۆیژە D توی مەلیك

13- یەکەم هۆنراوەی لە چ بەندیخانەیەك وتووە؟

Aبەغدا Bتاران C بەسرە D کوت

تێبینی/ دیلان لەگەڵ ئەوەی شاعیر بووە، ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاواز و گۆرانی کوردیی بووە، هەروەها دەنگ خۆش و مقام زان بووە.

شێخ مەحمودی زیندوو

**لە کێ بپرسین سۆراخی ڕاستی** **دیارە نزیك تر هـەر بەرانانە**
**بەرانان دەخیل دراوسێی ئازیز** **ئێستا ئەو بەرت کێی لا میوانە**
**هەواڵی پرسە لە داری کـەلی** **شێخ لەوێ ماوە یا لە سەیوانە**

هەواڵنامەی کتێب

## شەشەم/ ســـەبری بۆتـــانی

1- ساڵی لەدایکبوون و مردنی سەبری بۆتانی کەی بووە؟

A 1998 – 1925 B 1999 – 1925 C 1998 – 1924 D 1998 – 1926

2- سەبری بۆتانی لە چ گوندێك لەدایك بووە؟

Aچرچە قەڵا Bگۆڕ قەرەج C دەلۆ D قەڵاچوالان

3- سەبری بۆتانی لە چ شارێك لەدایك بووە؟

Aسلێمانی Bماردین C سێرتێ D دهۆك

4- سەبری بۆتانی لە کوێ کۆچی دوایی کردووە؟

Aسلێمانی Bبەغداد C نەرویج D لەندەن

ئەم هۆنراوەیە بە هۆی درووستبوونی (شۆڕشی نوێ)وە نووسراوە

**عاشقان پەردە دڕان چـــەپ و ڕاست     نامە ل پێ نامێ شاندن چەپ و ڕاست**

**پەیك و مزگێنی دهـــاتن پێڵ و پێڵ     ب ئاوازەك نوو ستراندن چـەپ و ڕاست**

**جوتیار و ڕێنجبەر و پالان شەڤ و ڕۆژ     ژ دەمێ هەڤ دڕەڤانە چـــەپ و ڕاست**

هەواڵنامەی کتێب

**حەوتەم/ مقداد مەدحەت بەدرخان**

**1- مقداد مەدحەت بەدرخان بنەماڵەکەیان بە چی ناسراوە؟**

Aبەدرخانەکان Bئازیزان C جاف D شێخان

**2- مقداد مەدحەت بەدرخان لە قاهیرە چ ڕۆژنامەیەکی دەرکرد؟**

Aژین Bڕۆژانوو C ژیانەوە D کوردستان

**3- لە نێوان سالآنی چەندا، ڕۆژنامەی کوردستان دەرچووە؟**

A 1898 – 1900 B 1898 – 1901 C 1898 – 1902 D 1897 – 1902

**4- مقداد مەدحەت بەدرخان چەند ژمارەوی (کوردستان)ی دەرکرد؟**

Aسی و یەك Bسی و دوو C سی و سێ D بیست و یەك

**5- مقداد مەدحەت بەدرخان ڕۆژنامەی کوردستانی لە ژمارە (1 – 5) لە گوێ دەرکرد؟**

Aقاهیرە B جنێف C فۆلکستۆن D لەندەن

**6- عبدالرحمان پاشای بەدرخان ڕۆژنامەی کوردستانی لە ژمارە (6 – 19) لەکوێ دەرکرد؟**

Aقاهیرە Bجنێف C فۆلکستۆن D لەندە

**7- مقداد مەدحەت بەدرخان ڕۆژنامەی کوردستانی لە ژمارە (20 - 23) لەکوێ دەرکرد؟**

Aقاهیرە Bجنێف C فۆلکستۆن D لەندەن

**8- مقداد مەدحەت بەدرخان ڕۆژنامەی کوردستانی لە ژمارە (25 - 29) لەکوێ دەرکرد؟**

Aقاهیرە Bجنێف C فۆلکستۆن D لەندەن

**9 - مقداد مەدحەت بەدرخان ڕۆژنامەی کوردستانی لە ژمارە (30 - 31) لەکوێ دەرکرد؟**

Aقاهیرە Bجنێف C فۆلکستۆن D لەندەن

10- یەکەم ڕژنامەی کوردی بە ناوی کوردستان کەی دەرچووە؟

A 22ی شوباتی 1989 B22ی نیسانی 1998 C 22ی نیسانی 1898 D 22ی شوباتی 1898

11- مقداد مەدحەت بەدرخان (عالەمەك ژسۆز) لە چ ژمارەیەکی ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسی؟

Aژماری دوو B ژمارەی سێ C ژمارەی چوار D ژمارەی پێنج

12- کۆتا ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان کەی دەرچووە؟

A 1902 B 1903 C 1904 D 1901

13- مقداد مەدحەت بەدرخان (سەد هەزار حەمد و شوکر) لە چ ژمارەیەکی ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسی؟

Aژماری دوو Bژمارەی سێ C ژمارەی یەك D ژمارەی پێنج

**تێبینی/ ڕۆژنامی کوردستان ئەو بابەتانی تیا بلاوکرایەوە: ((سیاسی، دیرۆکی، جفاکی، ئایینی)).**

## هەشتەم/ شاکر فەتاح

1- شاکر فەتاح ساڵی لەدایکبوون و مردنی کەی بووە؟

A 1941 – 1988	B 1914 – 1988	C 1914 – 1987	D 1914 – 1978

2- شاکر فەتاح لە چ شارێك لەدایکبووە؟

A هەولێر	B سلێمانی	C مهاباد	D کەرکوك

3- شاکر فەتاح چۆن کۆچی دوایی کرد؟

A بە نەخۆشی	B لە هەندەران	C گوللەباران کرا	D بە هۆی بێکەسی

4- ئەو کەسانەی کارگەرییان لە شاکرفەتاح کردووە کامانەبوون؟

A نالی و سالم	B محەمەد ئەمین زەکی و تۆفیق وەهبی و حسێن حوزنی موکریانی، حاجی قادری کۆیی

C قەدیرجان و گۆران	D جگەر خوێن و مەولەوی

5- چ شاعیرێك لە ڕۆژنامەکانی (بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، ئومێدی ئیستیقلال و بانگی هەق) بەرهەمی هەبووە؟

A شاکر فەتاح	B پیرەمێرد	C گۆران	D حەمدی

6- چ مەبەستێك لە ناوەرۆکی هۆنراوەکانی شاکر فەتاح دا بەزەقی دیارە؟

A وەسفی سروشتی کوردستان و ئافرەت	B دلداری	C کۆمەڵایەتی	D ئایینی

7- شاکیر فاتاح لای کێ فێری نووسین و خوێندنەوە بوو؟

A پیرەمێرد	B بێکەس	C گۆران	D نالی

هەواڵنامەی کتێب

### شاکر فەتاح لە گەلێك بواردا بەرهەمی هەبووە

یەکەم/ هۆنراوە: بۆ مەبەستی(کۆمەڵایەتی، وەسف، دڵداری، نامەی شیعری).

دووەم/ وتار: گرنگی بە وتاری (ئەدەبی و کۆمەڵایەتی) داوە.

سێیەم/ چیرۆك: لە چیرۆکەکاندا باسی (دەردی کۆمەڵایەتی و دیمەنیدواکەوتووی کۆمەڵ) دەکات.

چوارەم/ چیرۆك بۆ منداڵان: چیرۆکی بۆ منداڵان نووسیوە، هەندێك چیرۆکیشی بۆ منداڵان وەرگێڕاوە.

پێنجەم/ ژیاننامە:چەند ژیاننامەیەکی نووسیوە (ئاوێنەی ژینم، خەباتی ڕۆشنبیران، یادنامە)

شەشەم/ گەشت نامە: چەند گەشتنامەیەکی نووسیوە وەك گەشتی (پێنجوێن، شارباژێڕ، سرۆچك، هەڵەبجە و هەورامان)

حەوتەم/ گفتوگۆ: چەند گفتوگۆیەکی نووسیوە وەك (کۆمەڵایەتی، مێژوویی و ئایینی)

هەشتەم/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی: لەبەرهەمی ئەم شاعیرانەی کۆڵیوەتەوە (ئەحمەدی خانی، داماوی موکریانی، زێوەر، بێکەس، حاجی قادری کۆیی، مەلا کاکە حەمە).

نۆیەم/ وەرگێڕان: گەلێك کتێبی نووسەرانی بیانی وەرگێڕاوە.